هەواڵنامەی کتێب

# عەشق و ئازادی

## چاوپێکەوتن لەگەڵ
## ڕەفیق سابیر

MEWDA
MEDIA

## مەودا میدیا

**WWW.MEWDAMEDIA.COM**

مەودا میدیا، ماڵپەڕێکی هەواڵیی سیاسیی گشتییە، دەیەوێت بەشێوەیەکی هاوسەنگ و دوور لە لاگیری، هەواڵ و زانیاری بۆ خوێنەرانی بگوێزێتەوە.

گواستنەوەی زانیاری و هەواڵەکان لە چوارچێوەی ئیتیکی کاری رۆژنامەوانی و بەرپرسیارێتی نیشتمانیی دەبێت، ئامانج لەمەش دروستکردنی متمانەیە لەنێوان ماڵپەڕ و خوێنەرەکانی.

لەبەرێتیی کارکردنی مەودا میدیا، فراوانترکردنی رووبەری ئازادیی بلاوکردنەوە، دەوڵەمەندکردنی هاوڵاتییانی کوردستان بە زانیاری نوێ و باوەڕپێکراو، رەخساندنی مەودایەکی یەکسان و دوور لە ژاوەژاوە بۆ وەشاندنی بیروڕا و هەواڵ و شیکاریی رۆژنامەوانی.

**سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن- سەرنووسەر**
خەڵەف غەفور

**بەڕێوەبەری کارگێڕی و چاپ**
کاروان رەسوڵ

# عەشق و ئازادی

## چاوپێکەوتن لەگەڵ
## رەفیق سابیر

خەڵەف غەفور

هەواڵنامەی کتێب

# عەشق و ئازادی
## چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەفیق سابیر

سازدانی: خەڵەف غەفور
بابەت: چاوپێکەوتن
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
پێداچوونەوە: ڕەفیق سابیر
نۆبەتی چاپ: ٢٠٢١
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٣٠٠٠ دینار
چاپ: چاپخانەی کارۆ

لە بەڕێوەبەریتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (        )ی ساڵی ٢٠٢١ پێدراوە

MEWDA
MEDIA

لە بڵاوکراوەکانی مەودا میدیا
زنجیرە
٢١

www.mewdamedia.com

# پێڕست


دەروازەی مێژوویەکی دوورودرێژ.......................................٧

**(١)**

**ڕەفیق سابیر: ئازادیی خۆم بەهەموو**
**شتی دنیا ناگۆڕمەوە**
**.............٩**

منداڵی و قوتابخانە............................................................١١
ئاشنابوون بەکتێب و خوێندنەوە......................................٢١
ئاشنابوون بە سیاسەت.....................................................٣٣
یەکێتی نووسەرانی، کورد ئەزموونێکی باڵا........................٤٥
قەڵادزێ؛ فرمێسک لە دوورەوە...........................................٥٣
بەغدا؛ مانەوە و گۆڕان.........................................................٥٥
ڕوانگە؛ هەوڵێک بۆ نوێبوونەوە...........................................٥٩
گەڕانەوە بۆ پێشمەرگایەتی و شاخ.....................................٦٩
گەڕانەوە بۆ ئاوارەیی؛ هەڵهاتن لە شەڕی ناوخۆ..................٧٥
ئەنفال؛ هەڵەبجە و شیعر..................................................٧٧
ڕاپەڕین و سەرەتایەکی نوێ................................................٧٩
یەکەمەکانی ژیان...............................................................٨٣


هەواڵنامەی کتێب

**(٢)**
**رەفیق سابیر: هەرێمی کوردستان کراوەتە میتخانە و ئۆردوگایەکی لەشکری تورک**
**.............٨٧**

رەوندی کوردی و گرنگی بۆ دۆزی کورد............................١٢٣
لاوکی هەڵەبجە.........................................................................١٤٥
ئەلبوومی وێنەکان.............................................................١٧٧

هەواڵنامەی کتێب

## دەروازەی مێژوویەکی دوورودرێژ

ئەم کتێبە، چاوپێکەوتنێکی دوورودرێژی نێوان من و هێژا مامۆستا ڕەفیق سابیرە. ساڵی ٢٠١٠، یەکەم بەشی دەستپێکردووە و دوا بەشەکانیشی ساڵی ٢٠٢٠ ئەنجامدراوە. ناوەڕۆکەکەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەزموونی ئەدەبی، نووسین و شیعریی مامۆستا ڕەفیق سابیرە، کە ئەزموونەکەی زیاتر لەوە دەهێنێ لە کتێبێکی لەم قەبارەیەدا جێگەی بکرێتەوە.

جگە لە هاورێتی و دۆستایەتییەکی بێ پێچ و پەنا لەگەڵ مامۆستا ڕەفیق سابیر، لەهەمانکاتیشدا خوێنەری شیعرەکانیم، چێژی خوێندنەوەی

هەولێرنامەی کتێب

شیعرەکانی مامۆستا لای من لە قەسیدەی «لاوکی هەڵەبجە» دەگاتە لوتکە، غەم لەکاتی خوێندنەوەی قەسیدەی لاوکی هەڵەبجە بە ئەندازەی دەستخستنە ناقرە هەژموونت بۆ دێنێ، بەڵام وێنەی شیعری و میوزیکی نێو دێرە شیعرییەکان ئاهێکت بە بەردا دەکاتەوە.

ناوی کتێبەکە «لاوکژەن» لەژێر کاریگەریی ئەو قەسیدەیەدا وەرگیراوە، وشەکە نوێ و داتاشراوە و زۆر دڵخۆشم پێی، لەگەڵ ئەوەی ئەزموونی مامۆستا بەردەوام نوێ دەبێتەوە، بەڵام من بە رۆح هەمیشە گوێ لە لاوکی هەڵەبجە دەگرم و ئەم بەرهەمەم لە رووی ناوەوە دەکەمە دەستخوشکی ئەو قەسیدە ناوازەیە.

لە هەرچی شتێکی ئەو کتێبەدا کەموکوڕی هەبێ، لێی بەرپرسم، هیوادارم دڵمەندی خوێنەران و مامۆستا رەفیق سابیر بێ، لەنێو کتێبخانەی کوردیشدا جێگەی تایبەتی خۆی بگرێت.

لەگەڵ رێز و سوپاس

**خەڵەف غەفور**

**١٤ی شوباتی ٢٠٢١**

# (١)

## ڕەفیق سابیر:
## ئازادیی خۆم بەهەموو شتی دنیا ناگۆڕمەوە

هەواڵنامەی کتێب

هوالنامه‌ی کتیب

# منداڵی و قوتابخانە

**لەکوێ و ساڵی چەند لەدایک بوویت؟**

**ڕەفیق سابیر:** لە ساڵی ١٩٥٠ لە شاری قەڵادزێ، لە بنەماڵەیەک، کە خەڵکی کۆیە بوون، لەدایک بووم. لە هاوینی ١٩٥٧ ناونووسین و سەرژمێری گشتیی لە عێراق و کوردستان کرا، ڕۆژی یەکی تەمووز بە ڕۆژی لەدایکبوونی من و زۆرینەی خەڵک داندرا. بەڵام بەگوێرەی گێڕانەوەی دایکم، من دە ڕۆژێک پێش جەژنی ڕەمەزانی ١٩٥٠ (١٣٦٩) لە دایک بووم. دایکم دەیوت مەلا و هەندێک خزمان دەیان وت لە

هەولنامەی کتێب

مانگی پیرۆزی ڕەمەزان لەدایک بووە و دەبێت ناوت لێنێن ڕەمەزان. وتی: کاتیک زانیم بەڕاستیپیانە، هەڕەشەم لێ کردن کە ئەگەر ئەو ناوەی لێ بنێن خۆم دەکوژم.

دوای ئەوەی ساڵی ١٩٧٠ بۆ خوێندن چوومە بەغدا، زۆر مەبەستم بوو بزانم ئەو کاتەی دایکم باسی دەکات، بەرامبەر کام ڕۆژی مانگی ساڵی زایینە. لە کتێبخانەی کۆلێجی پەروەردە، چاوم لە ڕۆژنامە عەرەبییەکانی ساڵی ١٩٥٠ کرد، بۆم دەرکەوت، دەکاتە ڕۆژی پێنج یا شەشی تەمووز (جولای). کاتێک لە هاوینی ١٩٨٩ وەک پەنابەر ڕووم لە سوێد کرد، دەبوو ڕۆژی لەدایکبوونم لە شوناسەکەم و لەو دە ژمارەیەدا بنووسرێت، کە دواتر، لە کاری ڕەسمیدا، جێی ناوی مرۆڤ دەگرێتەوە، من ڕۆژی پێنجی تەممووزم نووسی.

ئێمە سێ برا و خوشکێک بووین، پێش لەدایکبوونم خوشک و برایەکم بە سورێژە مردبوون. منیش بە منداڵی سورێژەم گرتبوو. دایکم دەیوت دەستیان لە منیش شوشتبوو، بەڵام نەنە خەلیفەی خوشکی مەلا تەیب، کە مامانم بوو، منی لە مردن ڕزگاری کرد بوو. هەر جارێک کە لەگەڵ دایکم چاومان پێی دەکەوت، دایکم دەیوت دەستی نەنە خەلیفە ماچ بکە، هەتا ماوی قەرزارباری ئەوی. خوشکێکی ترم، کە

ناوی نەسرین بوو، دوو ساڵێک لە من بچووکتر بوو، بەڵام لە تەمەنی دوو ساڵیدا جوانەمەرگ بوو. ئیتر من وەک بچووکترین منداڵی خێزان (پاشەبەرە) مامەوە. لە کوردەواریشدا منداڵی پاشەبەرە و کوڕ بێ و لە خێزانێکدا کە سێ منداڵی لەدەست داوە، کەمێک لەمنداڵەکانی دی خۆشەویستتر، یان نازدارتر دەبێت.

**بار و گوزەرانی ئەوکاتی خێزانەکەتان چۆن بوو؟**

**رەفیق سابیر**: خێزانێکی ئاسایی و بار و گوزەرانێکی تا رادەیەک مامناوەندیمان هەبوو، نە هەژار و نە دەوڵەمەند بووین. بەڵام دوای ساڵی ١٩٦١ کە شەڕ دەستی پێ کرد، هەژاری و نەداری و دەربەدەربوون رووی لە ئێمە و زۆرینەی خەڵکی قەڵادزێ و کوردستانی عێراق کرد.

هەولێرنامەی کتێب

**ئەی لەبارەی سەردەمی منداڵیتەوە چی دەڵێی؟**

**رەفیق سابیر**: راستییەکەی تا هەڵگیرسانی شەڕ لە کوردستان منداڵییەکی خۆشم بەسەر برد. ماڵەکەمان ئارام بوو. بەبیرم نایە باوکم، تەنانە یەکجار، لێی دابم. لەهەمان کاتدا باوکم کەسێکی هێمن و مەند بوو، قەت بەرامبەر دایکم و خوشک و براکانیشم توندوتیژ نەبوو. بەڵام چەند جارێک

بەگژ کاک محەمەدی برامدا هات، شەڕەکەشیان زیاتر لەسەر من بوو، چونکە کاک محەمەد، بە مێرمنداڵی و لەسەرەتای گەنجێتیدا کەسێکی توڕە و سەرەرۆ بوو، دەیەویست گوێڕایەڵی ئەو بم، کە بە قسەیم نەدەکرد، لێم توڕە دەبوو، جار بە جاریش لێی دەدام.

من لە شارۆچکە و گەڕەکێکی بێگرفتدا ژیام، کە نزیکەی هەموو خەڵکەکەی یەکتریان دەناسی. ئەمەش بۆخۆی جۆرە تەبایی و ئارامییەکی کۆمەڵایەتیی دروست کردبوو، بە شێوەیەک مرۆڤ لە دەرەوە نەترسێ و لە خۆی ئەمین بێت. لە ماڵەوەش هەست بکات وەکو منداڵێک پارێزراوە و ڕێز لە حەزەکانی دەگیرێت. هەروا لە کۆمەڵگەیەکی بچوکیشدا، کە هەموو خەڵکەکە یەکتر دەناسن، جۆرە کۆنترۆڵێکی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت. بۆیە منداڵییم خۆش بوو، هەندێکجار لەگەڵ هاوڕێکانمدا یاری و جار جارەش وردەشەڕمان دەکرد. من منداڵێکی ئارام بووم و نیمچە بزۆز، بەڵام شەڕانی نەبووم، زۆریش لەسەر مافی خۆم پێم دادەگرت.

**ئەو ساتەت بیر دێتەوە کە دەتبەن بۆ ئەوەی بتخەنە بەر خوێندن؟**

**ڕەفیق سابیر:** بەڵێ، ڕۆژێکی سەرەتای پایز کاکە

ڕەئووفم، کە براگەورەم بوو و لە بەغدا دەیخوێند، دەستی گرتم و بەرەو قوتابخانە بردمی بۆ ئەوەی بمخاتە بەر خوێندن. دواتر کە گەورە بووم زانیم ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی ناوەڕاستی ئەیلولی ١٩٥٦ بووە و ئەوکاتە من ٦ ساڵان بووم. ئەمە ڕووداوێکی خۆش و سەیر بوو لە ژیانی مندا. کاتێک یەکەمجار بردمیانە پۆلەوە، بینیم ژمارەیەکی زۆری منداڵان، کە هەندێکیانم دەناسین، ئارام و بێدەنگ لەسەر کورسی خوێندن دانیشتبوون و گوێیان لە مامۆستا گرتبوو. قوتابخانەکەمان لە قەڵادزێ، ناوی «قوتابخانەی ئاسۆس-ی سەرەتایی بوو. کاکم منی بە مامۆستایەک سپارد، بە ناوی مامۆستا ئەحمەد کەریم، کە لەسلێمانییەوە هاتبوو. ڕۆژگار هات و چوو ڕۆژێک، لە ساڵی ساڵی ١٩٨٠ مامۆستا ئەحمەدم لە پێشمەرگایەتیدا، بینیەوە بووینە دۆستی یەکتر. مامۆستا ئەحمەد کەریم کەسێکی زۆر بەڕێز و کادیرێکی تێکۆشەر و ورەبەرزی حیزبی شیوعی عێراق بوو.

**بەڕێوەبەری قوتابخانەکەتان ناوی چی بوو؟**

**ڕەفیق سابیر:** ناوەکەیم لەبیر نییە، چونکە زۆر لەو قوتابخانەیە نەمامەوە. هەمان ساڵ قوتابخانەی ئاسۆس، کە ئەو کاتە تاکە قوتانخانە بوو لە قەڵادزێ،

بەشێکی لێ جیا کرایەوە و قوتابخانەیەکی تر لە قەڵادزێ، بە ناوی قوتابخانەی زانستی، کرایەوە، کە وەک بیرم بێت یەکپۆلی بوو، کە لە دوو ژووردا دەمانخوێند. ئەو قوتابخانەیە کە نزیکی خانەقا و لە خانووی کەریمی مام ئەسعەد بوو، لە ماڵی ئێمە نزیکتر بوو، بۆیە من کەوتمە ئەو قوتابخانەیە. بەڵام دواتر لە پۆلی چوارەمەوە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان ناوی مامۆستا محەمەد مەحمود ئەولی بوو، کە لەسلێمانییەوە هاتبوو. مامۆستایەکی کوردپەروەر و دڵسۆز بوو. هەرچەند ئێمە منداڵ بووین، بەڵام ئەو بەردەوام باسی کوردستان و کوردایەتیی بۆ دەکردین.

**زیاتر حەزت لەچی وانەیەک بوو؟**

**ڕەفیق سابیر:** لە کوردی زۆرباش بووم. بیرمە لە پۆلی چوارەم کە ئینشایان پێ دەنووسین، چەند جار نووسینی منیان دەبردە پۆلی سەرووتر، بۆ قوتابیانیان دەخوێندەوە. مامۆستایەکمان هەبوو کە ئێستاش لەژیاندا ماوە و ناوی شێخ عومەر بوو، کە لە سلێمانییەوە هاتبوو، وانەی کوردی پێ دەوتین و زۆر هانی دەداین. هەروەها مامۆستا سەلیم حاجی ڕەسوڵ کە بۆخۆی خەڵکی قەڵادزێیە، لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی دەرسی پێ دەوتین و

هەواڵنامەی کتێب

جارجارەش ڕۆژنامەی بۆ دەهێنایین. هەندێک بابەتی هەڵدەبژارد و لە پۆلدا بۆی دەخوێندینەوە و پێکەوە مەتەڵەکانی نـاو ڕۆژنامەکەمان هەڵدەهێنا. ئەمە سەرەتایەکی باش بوو بۆ ئەوەی ئێمە، بێجگە لەوانە و پرۆگرامی قوتابخانە، شتی تریش بخوێنینەوە و لەڕێگای خوێندنەوەی ڕۆژنـامـە و گـۆڤـارەوە، زانیاریی زیاتر بەدەست بخەین.

**پاشان دەچیتە قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی، چۆن و لەکوێ درێژەت بەخوێندن دا؟**

**ڕەفیق سابیر**: خوێندنی ناوەندی و ئامادەییم هەر لە قەڵادزێ تەواو کرد. بەڵام هێشتا لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم شەڕی دەوڵەتی عیراق لە دژی کورد دەستی پێ کرد. دەبێت ئاماژە بەوە بکەم کە شەڕ هات و منداڵیی ئێمەی بەتەواوی شێواند. ئەو ژیانە ئـارام و ئاسودەیەی کە ئێمەی لە قەڵادزێ پێکەوە کۆ کـردبـۆوە و وەک خێزانێکی گـەورە دەژیاین، هەمووی شێوێندرا. پەلاماری لەشکری عێراق، بـۆردومـان و شـەڕ و کوشتار، بـوون بە بەشێک لەو دیمەنانەی بە بەردەوامی دەمان بینین. بۆیە منداڵیی من هاوتەمەنەکانم هەر زوو زەوت کـرا. هەرچەندە ئێمە منداڵ بووین، بـەڵام دەبوو هەندیک جار وەکو گەورەیەکیش ڕەفتار بکەین. بۆ

هەولێر کتێب

نموونە لە کاتی شارچۆڵکردندا، دەبوو خەمی منداڵی لە خۆمان بچووکتر بخۆین. کەچی ئێمە بۆخۆمان منداڵبووین و پێویستمان بە هاوکاری هەبوو.

بەهۆی شەڕەوە لە ساڵی ١٩٦٢ بۆ تاقیکردنەوەی خولی دووەمی، پۆلی شەشەمی سەرەتایی، چووین بۆ سلێمانی. من لە وانەیەک کەوتبووم. لەگەڵ کۆمەڵێک قوتابیی هاوپۆلم، لە قەڵادزێ-وە بە ئۆتۆمبێل چووین بۆ سلێمانی و تاقیکردنەوەکەمان ئەنجام دا. ویستمان بگەڕێینەوە، بەڵام ڕێگای خەڵەکان گیرا بوو. چونکە لەو ناوچەیە شەڕ لەنێوان سوپای عیراق و هێزی پێشمەرگە هەڵگیرسا بوو. من لە ماڵی خاڵە حاجی تایەری کۆیی بووم، کە خاڵی دایکم بوو، ماڵەکەی کەمێک لەسەرووی مزگەوتی کاک ئەحمەدی شێخ بوو. دوای تاقیکردنەوە چەند ڕۆژێک لە سلێمانی ماینەوە، ڕێگاکە هەر نەکرایەوە. بەڵام ئێمە کە شەش حەوت منداڵێک بووین، بڕیارمان دا، بەهەر جۆرێک بێت بگەڕێینەوە بۆ قەڵادزێ. تا شارۆچکەی دوکان بە ئۆتۆمبێل چووین، بەڵام لەوێوە بەپێ و بەپرسیارکردن لەخەڵک، ئەم گوند بۆ ئەو گوند ڕۆیشتین و بۆ ئێواری گەیشتینە بنگرد. شەو لەوێ، لە مزگەوت، ماینەوە. خەڵکی بنگرد زۆر میواندۆستانە و میهرەبانانە ڕەفتایان لەگەڵ کردین. شەو لەسەر بانی مزگەوت جێیان بۆ ڕاخستین و تا

مەلابانگدان نووستین. دواى نوێژى بەیانى نانمان خوارد و خەڵکەکە ڕێگایان پیشاندایین، بە چیاى ئاسۆسدا، سەرکەوتین. لە زێى سندۆڵان پەڕینەوە و نیوەڕۆ گەیشتینەوە قەڵادزێ. گەشتەکەمان، لە دوکانەوە تا قەڵادزێ نزیکەى ٢٤ سەعاتى خایاند. بێگومان ئەمە شتێکى سەیر و ناخۆشە بۆ منداڵێک، کە تەمەنى ١٢ساڵانە. ڕۆژى دواتر من لەرزوتا دایگرتم و نەخۆش کەوتم. دایکم وتى کوڕەکەم هەتاو بردوویەتى. دایکم سەتڵۆکەیەک دۆى پەیدا کرد و شەو تا بەیانى لەبەرمانگەشەو دانا، تا شەوى ببێت. بۆ بەیانییەکەى عەزیزییەکى سەبرى خۆشکمى هێنا و لە دۆیەکەى هەڵکێشا. منى رووت کردەوەوە و عەزیزیەکەى بەتەڕى لەبەر کردم. لە ژوورێ جێى بۆ ڕاخستم و خەوم لێ کەوت. کاتێک بەخەبەر هاتم تایەکە بەرى دابووم.

راستییەکەى لە قۆناغى ناوەندیشدا ئێمە ژیانێکى قوتابیانەى سروشتیمان بەسەر نەبرد. لەسەرەتاى شوباتى ساڵى ١٩٦٣ بەعسییەکان کودەتایەکى خوێناوییان کرد. دواى ماوەیەکى کەم شەڕو پەلامارى سەربازى لەدژى خەڵکى کوردستان دەستى پێ کرد. هاوینى ئەو ساڵە زۆرینەى خەڵکى قەڵادزێ، لەوانە ماڵى ئێمە، بە ناچارى و لە ترسى بۆردمان و پەلامارى لەشکرى عێراق،

هەواڵنامەی کتێب

روویـان لە گوند و شاخەکانی بناری پشدەر و نزیک شێنێ کرد. ئەو ساڵە من لەوانەی بیرکاری (ماتماتیک) کەوتبووم. بەڵام من و دەیان قوتابیی دی نەمانتوانی خولی دووەم ئیمتیحان بدەینەوە، بۆیە هەموومان لە پۆلەکانی خۆماندا ماینەوە. ئـەو کاتە حکومەتی عـیراق، هەندێک جار لەژێر فشاری پێشمەرگەدا، سـەرباز و پۆلیس و دایرەکانی حکومەتی لە قەڵادزێ دەکێشایەوە، قوتابخانەکانیش دادەخران، یان بەشێکی مامۆستاکان دەرۆیشتنەوە شارەکانی خۆیان. زۆرجار ئێمەی قوتابی بۆ ماوەی ٣ تا ٤ مانگ مامۆستای وانەیەکی سـەرەکیی وەک فیزیا، کیمیا یان عەرەبی-مان نەبووە. هەرچەندە لەو دۆخەدا هۆشیاریی سیاسیمان زوو پێگەیشت و گەشەی کرد، بەڵام شەڕ و پەلاماری سەربازیی دەوڵەتی عێراق هەم ژیانی منداڵیی ئێمەی شێواند، هەم نەیهێشت ئێمە تامی ژیانی قوتابیانەی خۆمان بکەین و وەک پێویست خەریکی خوێندن و فێربوون ببین.



هەولێرنامەی کتێب

# ئاشنابوون
# بەکتێب و خوێندنەوە

هەوالنامەی کتێب

**سەرەتای ئاشنابوونت بەکتێب و خوێندنەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟**

**رەفیق سابیر:** لەساڵی خوێندنی ١٩٦٣-١٩٦٤ لە قـەڵادزێ قوتابخانە داخـرابـوو. رێـگای هاتوچۆی ئاسایی بۆ سلێمانی بەسترابوو. من لەگەڵ خێزانێکی ناسیاوماندا، بە سواری ئێسترێکی بارەهڵگر لەگەڵ کاروانێکدا بۆ خوێندن نێردرام بۆ سلێمانی، کە ماڵی کاکە رەئوفم لەوێ بوون. ئەو ساڵە، لە قوتابخانەی ئامادەیی سلێمانی، قوتابی پۆلی یەکەمی ناوەندی

بووم. ئەوکاتە هەستی کوردایەتی لە سلێمانی زۆر بەهێزتر بوو تا لە قەڵادزێ. راستییەکەی لەو کاتانەدا من لەپاڵ وانەکانی قوتابخانەمدا جار جار هەندێک کتێبم بۆ خوێندەوە دەست دەکەوت. بەڵام لە هاوینی ساڵی ١٩٦٤ کاتێک گەڕامەوە بۆ قەڵادزێ و بوومە قوتانی پۆلی دووەمی ناوەندی، ئەو کاتە، لەو دۆخە پڕ لە نائارمییەی لە قەڵادزێ هەبوو، پەنام بۆ خوێندنەوەی کتێب برد. رووم لە خوێندنەوەی شیعر و ئەدەبیات کرد، هەر کتێبێکم دەست بکەوتایە دەمخوێندەوە.

ئەوکاتە بارودۆخی ژیان، بەهۆی شەڕەوە، زۆر سەخت بوو. کتێب بۆ من دنیایەکی دی و ژیانێکی ئەلتەرناتیڤی ئەو واقیعە سەختە بوو، کە تیایدا دەژیام. ئەوەی کە لە واقیع و ژیاندا نەم دەدیت، هەوڵم دەدا لەناو کتێبدا بەدوایدا بگەڕێم و بیدۆزمەوە. بۆیە من ئەو کاتە هۆگری کتێب و بەتایبەت شیعرخوێندنەوە بووم. بەڵام لەوکاتەدا گرفتی گەورە بۆ من ئەوە بوو لە قەڵادزێ کتێبخانە نەبوو.

**ساڵی چەند بوو یەکەم کتێبت خوێندنەوە؟**

**رەفیق سابیر**: یەکەمین کتێب کە دابنیشم و بەتەواوی بیخوێنمەوە لە هاوینی ساڵی ١٩٦٤ بوو.

**ناوی کتێبەکەت بیرماوە؟**

**ڕەفیق سابیر:** دیوانی وەفایی بوو کە زۆر هۆگری بووم. ئەوکاتە هونەرمەند مەزهەری خالقی بەشێک لە شیعرەکانی وەفایی بەگۆرانی دەوت، لەوانە شیرین تەشی دەڕێسێ و چەند نەخۆشیی دەردی دووری.. تاد. هەمیشە ناوی وەفاییمان لەڕێگەی گۆرانییەکانی ئەوەوە بیر دەهاتەوە.

**ئەمە کاریگەری لەسەر جەنابت دروست کرد بۆ ئەوەی لە ئایندەدا ببیت بەشاعیر؟**

**ڕەفیق سابیر:** نازانم. ڕەنگە وا بووبێت. بەڵام دوایی کەوتمە خوێندنەوەی کۆمەڵێک کتێب و گۆڤار، کە لە قەڵادزێ لە ڕێگەی خاڵۆزایەکمەوە دەستم دەکەوتن.

**تا ئەوکاتەش کتێبخانەی «گشتی یان ئەهلی» نەبوو؟**

**ڕەفیق سابیر:** تا سەرەتای ساڵی ١٩٦٨ کتێبفرۆشی و کتێبخانەی گشتی لە قەڵادزێ نەبوون. سەرچاوەی کتێبی من خاڵۆزایەکم (جەمال حوسێن حاجی مەحموود) بوو، کە دواتر جوانەمەرگ بوو. ئەو کتێبی زۆری هەبوو. بەشێکی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی پاراستبوون کە لەنێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦١ لە کوردستان دەرچوو بوون. دوای ساڵی ١٩٦١ کە شەڕی دەوڵەتی عێراق لە دژی

هەولێرانی کتێب

کورد دەستی پێ کرد، گۆڤار و رۆژنامە و کتێب بە کوردی بڵاو نەدەکرانەوە.

خاڵۆزاکەم بۆئەوەی بڵاوکراوە و کتێبەکانی بپارێزێت، هەروا لەترسی ئەوەی ئەو کتێب و بڵاوکراوانە، لە کاتی پشکنینی پۆلیسییانەی ماڵییان، گرفتیان بۆ دروست بکەن، هەموویانی بۆ ماڵی ناسیاوێکی خۆیان لە گوندی هورێوەی ناوچەی پشدەر ناردبوو. خاڵۆزاکەم، کە پێنج ساڵێک لەمن گەورەتر بوو و بە کاکە جەمال ناومان دەبرد، کاتێک زانی هێندە هۆگری خوێندنەوەم، هەموو کتیب و بڵاوکراوەکانی بە من بەخشی. بەڵام دەبوو خۆم بچم لە گوندی هورێوە، کە نزیکی دارەشمانەیە، بیان هێنمەوە. من لەگەڵ یەکدوو برادەی خۆم، کە حەزیان لە خوێندنەوە بوو، بەپێ رۆیشتووین بۆ هورێوە. لەوێ وڵاخێکمان بەکرێ گرت و کتێبەکانمان هێنانەوە بۆ قەڵادزێ. بەم جۆرە من شانزە ساڵیدا بوومە خاوەنی یەکەمین «کتێبخانۆکە!»ی خۆم.

**ئەو کتێبانە تەنها کتێبی ئەدەبی یان سیاسیشیان تێدابوو؟**

**رەفیق سابیر:** ئەو کاتە بەگشتی کتێبی سیاسی بە زمانی کوردی، جگە لە هەندێک نامیلکە و کتێب لەبارەی کورد، کەم و دەگمەن بوون. بۆیە

کتێبەکان زۆربەیان ئەدەبی بوون. بەڵام گەورەترین وەرچەرخان لەژیانی مندا ئەوەبوو کاتێک لەساڵی ١٩٦٨ ئامادەییم تەواوکرد. بەهۆی بارودۆخی تایبەتی خۆم و شەڕ و مردنی باوکمەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ نەمتووانی لە زانکۆ بخوێنم. لەو ماوەیەدا یەکەمین کتێبفرۆشی، لە قەڵادزێ، لەلایەن گەنجێکەوە، قادر حاجی عەبدوڵڵا، کە جوانەمەرگ بوو، کرابۆوە. کتێبفرۆشییەکە بوو بە ژوانگەی ئەو لاوانەی تینووی خوێندنەوە بوون. من زۆر سوودم لەو کتێبفرۆشییە وەرگرت، بەتایبەت کە کاک قادر برادەرم بوو، پێشتر خۆی منی بردبووە ڕیزی یەکێتیی قوتابیانی گشتی، کە سەر بە حیزبی شیوعی بوو. ئەو ماوەیە من لەگەڵ هاوڕێیەکی بەڕێزم، کاک حەمید عەزیز، کە ئێستا مامۆستای فەلسەفەیە لە زانکۆی سەلاحەدین، ڕۆژانە زۆربەی کات پێکەوە بووین. کاک حەمید ئەوکاتە بەشی فەلسەفەی لە کۆلێجی ئادابی زانکۆی بەغدا تەواوکرد بوو، بەڵام هێشتا کاری دەست نەکەوتبوو، چونکە ئەو کاتە دامەزراندن نەبوو، بۆیە گەڕابۆوە بۆ قەڵادزێ. ڕاستییەکەی من زۆر سوودم لە کاک حەمەید وەرگرت، هەم بۆ خواستنی کتێب لێی، هەم لەبەرئەوەش کە بەڕێزی دەرچووی بەشی فەلسەفە بوو، لە زانکۆی بەغدا، خوێندەوار

و رووناکبیر بوو. ئیمە هەردووکمان باوەڕمان بە مارکسیزم هەبوو، بەڵام ئاستی خوێندەواری و رووناکبیری ئەو لەمن بڵندتر و جیاوازتر بوو. ئەو سێ-چوار ساڵێک لەمن گەورەتر بوو، دەرچووی زانکۆ و منیش تازە خوێندنی ئامادەییم تەواو کرد بوو، بۆیە زۆر سوودم لە کاک حەمید وەرگرت. هەردووکمان بەردەوام سەرقاڵی خوێندنەوە و گفتوگۆکردن بووین. بیرمان لەوە کردەوە، کە لە ناوچەی پشدەر، کەلەپوری فۆلکلۆری کۆ بکەینەوە و راستەوخۆ لە زاری بەیتبێژەکانەوە وەریان بگرین. لەگەڵ کاک حەمید کەوتینە کۆکردنەوەی بەیت و گۆرانی و شیعری فۆلکلۆری، کە نزیکە دەفتەرێکی دووسەد لاپەڕەیی لێ پێکهات، لام وایە من تیکستەکانم نووسینەوە و دەفتەرەکە لای من مایەوە بەو هیوایەی دواتر چاپیان بکەین.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ دا سەنتەری رۆشنبیری سەفارەتی یەکێتیی سۆڤیەت لە بەغدا، لە یادی لەدایکبوونی سەدساڵای لینیندا، پێشبڕکێیەکی، لەسەر ئاستی عیراق ساز کرد، بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت باسێک لەبارەی ژیان و کارەکانی لینین بنووسن. کاک حەمید بە عەرەبی لێکۆڵینەوەیەکی باشی نووسی و پاداشتی یەکەمی، لە ئاستی عێراقدا،

بەدەست هێنا. کاتێک بۆ وەرگرتنی پاداشتەکە چوو بۆ بەغدا لـەوێ، لە ڕۆژنـامـەی هـاوکـاری، کاری دەستکەوت.

لە کۆتایی بەهاری ساڵی ١٩٦٩ مـاوەی چەند مانگێک هاتمە سلێمانی لەوێ جار جار ماڵی کاکم و زۆربەی کاتیش خزمێکمان (حاکم بەکر ئیسماعیل و حەنیفەخانی حاجی تایەری کۆیی) بووم، کە تا مردن وەک کوڕی خۆیان ڕەفتاریان لەگەڵ دەکردم. ئەو ماوەیە بە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی ئاشنا بـووم، کە نزیکی ماڵی کاکە بەکردم بـوو. ڕۆژانـە بەیانیان دەچووم بۆ کتێبخانە، تا دوای نیوەڕۆ لەوێ دەمامەوە، چونکە هیچ کارم نەبوو و چاوەڕێم دەکرد لە زانکۆی بەغدا وەربگیرێم. ئەو ماوەیە نزیکەی هـەمـوو ژمـارەکـانـی گـۆڤـاری گـەلاوێـژ، زۆربـەی ژمارەکانی ڕۆژنامەی ژین و دەیان کتێبی ئەدەبیم، خوێندەوە.

**باری دارایت هاوکاریی دەکردیت بۆ کڕینی کتێب؟**

**ڕەفیق سابیر**: ئەوکاتەی لە سلێمانی بووم کتێب زۆر بەدەگمەن چاپ دەکرا، یان سالانە سێ چوار کتێبێک دەردەچـوو مرۆڤ دەیتوانی بیان کڕێت. بەڵام تاکە سەرچاوەی دەستکەوتنی کتێب بۆ من کتێبخانەی

گشتیی سلێمانی بوو، بۆیە من زۆر قەرزاری ئەو کتێبخانەیەم.

**دێیتە سلێمانی و بەردەوام سەردانی جێگایەکی رۆشنبیری وەکو کتێبخانەی گشتی دەکەیت، دوای ئەمە چۆن ئاشنای نووسەران و روناکبیرانی شار بوویت و لەدەرەوەی کتێبخانە چۆن ژیانت دەگوزەراند؟**

**رەفیق سابیر:** ئەوکاتە من خوێنەرێکی ئاسایی و قوتابییەکی دەرچووی قۆناخی ئامادەیی بووم، کە خەونی بە خوێندن لە زانکۆوە دەبینی. هێشتا دەستم نەکرد بوو بە بڵاوکردنەوەی هیچ بەرهەمێک، یان دروستتر بڵێم بەرهەمێکی وام نەبوو بە شایەنی بڵاوکردنەوەی بزانم. ئەگەر جارجار شتێکم بنووسیبایە بیرم لە بڵاو کردنەوەی نەدەکردەوە. بەڵام ئەو کاتە سەرەتای بزافێکی رۆشنبیری، لە سلێمانی، دەستی پێ کردبوو. گۆڤاری رزگاری دەردەچوو، ناوە ناوەش رۆژنامەی برایەتی دەردەچوو، هەرچەندە برایەتی تۆزێک دواتر هات. هەر لەو کاتەدا هەندێک کۆمەڵەشیعر و کورتەچیرۆک و کتێبی تری ئەدەبی و کولتووری بڵاو کرانەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بزاڤێکی رۆشنبیری لە کوردستاندا نەبوو، تا بەهاریساڵی ١٩٧٠ دەرفەتی چاپ و بڵاوکردنەوە دەگمەن بوو.

**چی لەبارەی کتێب و کتێبخانەی ئەو سەردەمە دەڵێیت؟**

**ڕەفیق سابیر:** بەدڵنیاییەوە ئەوکاتە و ئێستا لەهەموو ڕوویەکەوە جیاوازن. ئەوکاتە توانای دەرکردنی کتێبێکی باش خەونێک بوو، لەبەرئەوەی سانسۆر هەبوو، ئازادیی نووسین و بڵاوکردنەوە نەبوو، گرفتی ئابوورییش کۆسپێکی گرنگ بوو، چونکە هیچ دەزگایەکی ڕووناکبیری نەبوو کۆمەک بە بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی بکات. بۆیە دۆخی کتێب و کتێبخانەی ئەوکاتە و ئێستا لە هیچ ڕوویەکەوە بەراورد ناکرێن. ئەوکاتە لە کتێبخانەی سلێمانی هۆڵێک هەبوو کەتەلۆکی کتێبەکانی تێدا بوو، کتێبت وەردەگرت و لەوێ دەتخوێندەوە. من چەندین جار مامۆستا دیلانم لەوێ دیوە کە سەرقاڵی ئیشکردن بووە.

**کارمەندەکانی کتێبخانە بایی ئەوەندە لەگەڵتان باش بوون، کە واتان لێ بکەن حەز بکەن بەردەوام سەردانی ئەوێ بکەن؟**

**ڕەفیق سابیر:** کەسانی زۆر بەڕێز و بەپەرۆش بوون، زۆر دڵخۆشبوون بەوەی گەنجان بۆ خوێندنەوە و کتێبوەرگرتن ڕوویان لە کتێبخانە دەکرد.

**لەماڵەوە هاوکاریان دەکردی بۆ ئەوەی بەردەوام بیت لەسەر خوێندنەوە و سەرقاڵی ئیشی تر نەبیت؟**

**ڕەفیق سابیر:** هیچ جۆرە فشارێکم لەسەر نەبوو بۆ ئەوەی ئیشی دی بکەم، هاوینانیش کارم نەکردووە، نەک لەبەرئەوەی کارکردنم پێ شەرم بوو بێت، چونکە هەمیشە کارکردن لای من سەربەرزی بووە، بەڵام قەڵادزێ هەر بۆ خۆی ئیشی وای تێدا نەبووە من بیکەم.

**ساڵی چەند دەبیتە خوێندکاری زانکۆ؟**

**ڕەفیق سابیر:** دوای ئەوەی خوێندنی ئامادەییم تەواو کرد، بەهۆی شەڕ و دۆخی تایبەتی خۆمەوە، دوو ساڵ نەمتوانی بچمە زانکۆ. ئەو دوو ساڵە بۆ من، لەڕووی خوێندنەوەی کتێبی کوردییەوە، پڕبەرەهمترین ساڵ بوون. لە ساڵی ١٩٧٠ دوای بڵاوکردنەوەی ڕێکەوتنامەی ١١ی ئادار، لەنێوان سەرکردایەتیی بزوتنەوەی کورد و حکومەتی عێراقدا، دەرفەت ڕەخسا بۆ خوێندن چووم بۆ بەغدا و لەوێ کاک حەمیدم بینییەوە. من لە پایزی ساڵی ١٩٧٠ تا هاوینی ساڵی ١٩٧٤ لە کۆلێجی ئاداب-بەشی کوردی خوێندکار بووم.

ئەو چوارە ساڵەی خوێندنی زانکۆ و چوار ساڵی دواتر، کە لە بەغدا ژیام، ساڵانی هەرە گرنگی تەمەنی من بوو.



هەولێرنامەی کتێب

**ئەی دەفتەری شیعرو بەیتە فۆلکلۆرییەکە چی بەسەر هات؟**

**رەفیق سابیر:** لە بەغدا کەوتمە خولیای ئەدەبی مۆدێرن و نوێکردنەوەی شیعری کوردی. بۆیە بەراستی بەپێی عەقڵ و تێگەیشتنی گەنجانەی ئەو کاتەم، پێم شەرم بوو کتێبێکی لەو جۆرە بەناوی منەوە بڵاو بکرێتەوە، چونکە پێم وابوو ئەمە هیچ هەوڵ و داهێنانێکی تێدا نییە و هەر کەسێک، رەنگە بتوانێت بیکات. رۆژێک لە ساڵی ١٩٧١ دا لە چاپخانەی پەرلەمان بە کاک حەمیدم وت کە من ئامادە نیم ناوم لەسەر ئەو کتێبە بێت، ئەگەر ئەو دەیەوێت بۆی هەیە کتێبەکە بەناوی خۆیەوە بڵاو بکاتەوە. کاک حەمید وتی ئەم کارە هەردووکمان پێکەوە کردوومانە، بۆیە ئەگەر وابێت منیش نامەوێت ئەم کتێبە بەناوی خۆمەوە بڵاو بکەمەوە. بۆ دیاریکردنی چارەنووسی دەستنووسەکە پێکەوە بڕیارمان دا بیدەین بە مامۆستا تۆفیق وردی، کە پیاوێکی زۆر وڵاتپەروەر و دڵپاک بوو، پێشتر چەندان کتێب و نامیلکەی فۆلکلۆری بڵاو کردبۆوە. ئەو کاتە مامۆستا وردی لە بەغدا مامۆستا بوو، رۆژانە دوای تەواوبوونی کارەکەی دەهاتە چاپخانەی پەرلەمان، لە شەقامی ئەلرەشید و لەوێ یەکتریمان دەبینی. کاتێک دەستنووسەکەمان پێشکەش کرد زۆر دڵی خۆش

هەواڵنامەی کتێب

بوو. له ماوەیەکی کورتدا زۆربەی دەستنووسەکەی، لەگەڵ چەندد تێکستێکی کەمی تـردا، خـۆی کۆی کردبوونەوە، وەک کتێبێک بڵاو کردەوە. له پەراوێزی پێشەکییەکەیدا سوپاسی ئێمەی کردبوو که چەند تێکستێکی کتێبەکەمان پێشکەش کردووە و بەمجۆرە، وەک مامۆستا وردی نووسیبووی: (ناویان چووە مێژووەوە).

هەواڵنامەی کتێب

# ئاشنابوون بە سیاسەت

هەمان نامەی کتێب

**ئاشنابوونت بە کتێب و خوێندنەوە و پاشان چوونت بۆ زانکۆ چی زەمینەسازییەکی کرد بۆ ئەوەی ئاشنا و تێکەڵاوی سیاسەت بیت؟**

**ڕەفیق سابیر:** پێشتر باسم کرد، ئێمە منداڵانی سەردەمی شەڕ بووین. کە چاومان کردەوە لە دۆخێکی سیاسیی پڕ لە شەڕ و وڵاتێکی داگیرکراودا خۆمان دیتەوە. ئێمە دەمان بینی کاتێک دوژمن دەستی پێمان ناگات فڕۆکەی جەنگی دەنێرێت، بۆ ئەوەی ماڵمان وێران بکات، یان بمان کوژێت. ئەمە

بۆ خۆی سەرەتای هوشیارییەکی سیاسیی لای ئێمە دروست کرد. بەڵام ئەوکاتە لە قەڵادزێ، کە لە قۆناخی خوێندنی ناوەندی بووم، زۆربەی گەنجەکانی سەرووی تەمەنی خۆمان، کە چەند پۆلێک لە خوێندن لەپێش ئێمەوە بوون، ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی سەر بە حزبی شیوعیی عێراق بوون.

ئەوکاتەی لە قۆناخی خوێندنی ناوەندی بووم چوومە ریزی یەکێتیی قوتابیانی عیراقەوە. قوتابییەک، قادری حاجی عەبدوڵڵا، کە بەتەمەن سێ- چوار ساڵ لە من گەورەتر و لەخوێندنیش لەپێش منەوە بوو، پێشنیاری پێ کردم ببمە ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی عێراق. پێم وابێت ئەوکاتە پۆلی یەکەمی ناوەندی بووم. ئەوە بۆ من رووداوێک بوو، چونکە وەک ئەوە وابوو پیم بڵێن ئیدی تۆ منداڵ نەماویت و گەورەیت و بەرپرسیارێتیت دەکەوێتە ئەستۆ.

ئەوکاتە لە قەڵادزێ لەناو ئەو لاوانەی لە ئێمە گەورەتربوون و هۆگری خوێندنەوە بوون، تاک و تەرایان ئەندامانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوون. ئەوان لە ئێمە کەمتر بوون و تەنیا چەند کەسێکیان بەدوای خوێندنەوەی کتێبدا دەگەڕان. بەڵام

قوتابیانی سەر بەحزبی شیوعی عیراق، ئەوکاتە زیاتر بوون و زۆریان بایەخیان بە خوێندنەوە دەدا. لەوەش زیاتر لە کۆبوونەوەکانی خۆماندا نامیلکە و کتێبیان بۆ دەهێناین و بۆیان باس دەکردین. کتێبەکان مارکسییانە بوون، بەڵام بەزمانێکی سادە، کە تیی بگەین، بۆمان روون دەکرانەوە. یەکێک لەو نامیلکانە لەبارەی قۆناغهکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگا بوو، کە وابزانم نووسەرێکی سۆڤێتی نووسیبووی و کرابوو بە کوردی. بە پێی ئەو کتێبە سەرەتای مرۆڤایەتی لە کۆمۆنی سەرەتایی، یان کۆمۆنیزمی سەرەتاییەوە دەستی پێ کردووە، دوایی گەشەی کردووە و چووەتە قۆناغی کۆیلایەتی، لەوێشەوە بەرەو فیودالیزم، پاشان بە قۆناغی بورجوازی و سەرمایەداری گەیشتووە. دوای ئەوە بە قۆناغی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم دەگات و ئیدی لەوێ دەگاتە ترۆپکی پێشکەوتنی خۆی. نامیلکەیەکی تر بە ناوی چون دەبی بە تێکۆشەرێکی تەواو، کە سەرکردەیەکی حیزبی کۆمۆنیستی چین، لیشاوشی، نووسی بووی. لە کۆبوونەوەکاندا ئەم جۆرە مەسەلانە و شتیدیکەی لەم جۆرەیان بۆ ئێمە، کە لە پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەمی ناوەندی بووین (لە کۆتایی ساڵانی ١٩٦٣ و دواتر) بۆ باس دەکردین،

زۆر بەپەرۆشەوە، باس و لێدوانمان لەبارەیانەوە دەکردن .

دەمەوێت بڵێم نزیکبوونەوەی من لە قوتابیانی حزبی شیوعی، هۆکارەکەی ئەوەبوو زۆربەی برادەر و دۆستانم لەناو ئەو ڕێکخراوەدا بوون. جگە لەوەش ئەگەر کتێبت بویستایە و بەدوای خوێندنەوە و زانیاریی گشتیدا بگەڕابایت، زیاتر دەکەوتیتە ناو ئەو گرووپەوە، چونکە زۆربەیان حەزیان لە خوێندنەوە بوو.

**واتە بەشداری جددی و کاریگەرانەی جەنابت لە سیاسەتدا لە قۆناغی ناوەندییەوە دەست پێ دەکات؟**

**ڕەفیق سابیر:** ڕاستییەکەی ئەو ماوەیە تاکو پۆلی پێنجی ئامادەیی لە ڕێکخراوی قوتابیاندا مامەوە و پەیوەندیم لەگەڵ حیزبی شیوعیدا هەبوو. پاشان، دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی، هاوینی ١٩٨٦، لەو جۆرە کارانە دابڕام، زیاتر خەریکی خوێندنەوە بووم. کە هاتیشمە بەغدا کاری سیاسیم نەدەکرد، بەڵام لە هاوینی ساڵی ١٩٧٢ کاتێک قوتابیی ساڵی دووەمی زانکۆ بووم، لە ڕۆژنامەوی «بیری نوێ» دەستم بەکاری ڕۆژنامەنووسی کرد. بۆیە لەو

هەواڵنامەی کتێب

ڕێگەیەوە جارێکی دی لە حزبی شیوعی نزیک بوومەوە.

**تێکەڵاوبیت بە سیاسەت کاریگەریی سلبی هەبوو بۆ سەر خوێندنەکەت؟**

**ڕەفیق سابیر:** ڕاستییەکەی ڕەنگە ئەم جۆرە کاریگەرییە بۆ سەر خوێندنی قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی ڕاست بێت، چونکە لەو دوو قۆناغانەدا سیاسەت لە لایەکەوە هوشیارییەکی سیاسیی باشی لای ئێمە دروست کرد، بەڵام لە لایەکی دیکەوە کاری سیاسی بووە هۆی ئەوەی کە ئێمە، بەرەورووی گرفت ببینەوە و کەمتر خەریکی وانەکانی خۆمان بین.

بەڵام لە قۆناغی زانکۆ سیاسەت کاریگەریی نێگەتیڤی بۆسەر خوێندنەکەم نەبوو، چونکە خۆم بەکاری سیاسییەوە سەرقاڵ نەکردبوو. زیاتر خەریکی خوێندن و خوێندنەوە و نووسین بووم.

**ڕووبەڕووی هیچ جۆرە مەترسییەک نەبوویتەوە؟**

**ڕەفیق سابیر:** بەڵێ ڕووبەڕووی پەلامار و ئەشکەنجە و دواتریش زیندانیکردن بوومەوە. لێرەدا زۆر بە

کورتی ئاماژەی بۆ دەکەم، هیوادارم لە دەرفەتێکدا بینووسمەوە.

لەناوەڕاستی حوزەیرانی ١٩٦٨ بۆ تاقیکردنەوەی باکالۆریای خوێندنی ئامادەیی، لەگەڵ هەموو قوتابیانی دواساڵی ئامادەیی قەڵادزێ، چوومە سلێمانی (تا ئەو ساڵە خوێندنی ئامادەیی- دوای ناوەندی دوو ساڵ بوو، ساڵی دواتر کرا بە سێ ساڵ). ئەو دەمە گەرمەی شەڕی نێوان هەردوو باڵی پارتی بوو، کە بە مەلایی و جەلالی ناو دەبردران. ڕۆژی یەکەمی تاقیکردنەوە، لە خوار فولکەی خانەقا، لە قوتابخانەی ئامادەیی کچان بوو، چەند چەکدارێکی باڵی مەکتەبی سیاسی، زۆر دلڕەقانە پەلامارێ هاوپۆلێکی منیان دا، (ئازاد حەمەسوور بابان) کە چالاکوانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی پارتی بوو لە قەڵادزێ. ئەو ڕۆژە زانیم دوای ئەو نۆرەی منە. بۆیە ڕۆژی دووەم، کە تاقیکردنەوەی وانەی ئینگلیزی بوو، لە هۆڵی تاقیکردنەوە تەواوی بیر و هۆشم لای ئەوە بوو کە بە چەند کەس و چۆن ئەشکەنجەم دەدەن. لە هۆڵەکە هاتمە دەرەوە و بە ڕەو ناوشار بەڕێ کەوتم. کەمێک لە قوتانخانەکە دوور کەوتبوومەوە، چوار کەس دەریان گرتم کە ئەندامی باڵی مەکتەبی سیاسیی (جەلالی)یەکان بوون

و لەناویاندا تەنیا شێرکۆی شێخ عەلیم ناسییەوە، دواتریش زانیم کە یەکێکیان کە بە شادمان بانگیان کرد، خزمی شێرکۆ و برای عارف تەیفور بوو. ئەوان بەدەم جوێندان و هەڕەشەی کوشتنەوە درندانە پەلاماریان دام. تا شەکەت بوون ئەشکەنجەیان دام. لە چەند لاوە بە لولەی دەمانچە و بۆکس سەریان شکاندم و بریندار و خەڵتانی خوێنیان کردم. دوای ئەوە، وڕ و نیوەبێهۆش، لە کەندڕێکی نێوان ئامادەیی کچان و فولکەی لای خانەقای مەولانا خالید، کە ئەوکاتە چۆڵایی بوو، بەجێیان هێشتم. کاتێک هۆش و توانام هاتەوە بەر خۆر بەرەوئاوابوون دەچوو. لە کەندڕەکەوە بەرەو سەرجادەکە هەڵگەڕام. دوای تاوێک عارەبانەیەکی دوو ئەسپی، کە ئەو کاتە لە سلێمانی زۆر بوون، بەویدا هات. سواری عارەبانەکە بووم و بردمییەوە بۆ ماڵی حاکم بەکر ئیسماعیل و خاتوو حەنیفەی حاجی تایەر، کە پورزا و خاڵۆزای دایکم بوون و لە ماڵی ئەوان میوان بووم.

بە هۆی ئەم دەستدرێژییە ناڕەوایە، لە تاقیکردنەوەدا خراپترین نمرەم هێنا. ڕۆژی لێدانەکە، کە توانای بیرکردنەوە و تەرکیزکردنم لە خراپترین حاڵدا بوون، لە وانەی ئینگلیزی نمرەکەم پەنجا بوو. ڕۆژی یەکەم و دووەمی دوای لێدانەکە، لە

وانەی مێژوو و وانەی جیۆگرافیا، کە گران نەبوون، نمرەکانم پەنجا بوون. ڕۆژی سێیەم لە وانەی علوم دەرنەچووم. ڕۆژی چوارەم، پێ دەچێت کەمێک هاتبمەوە سەرخۆ، لە ماتماتیک نمرەکەم ٦٥ بوو، ڕۆژی پێنجەم لە وانەی ئابووری نمرەکەم ٧١ بوو.

شێرکۆی شێخ عەلی، کە لە لەسەرەتای هەشتاکاندا، جەمالی عەلی بەغەدر و شێوازێکی ناجوامێرانە کوشتی، نزیکەی دوو ساڵێک لە قەڵادزێ و لە قوتابخانەی ناوەندی پێکەوە دەمان خوێند. ئەو کەسێکی توندڕەو و مۆن و تڕزل بوو، هەندیک جار دەیەویست لە قوتابخانە، ئاغایەتی و کەڵەگایی بکات، بەڵام ئەو کە خەڵکی قەڵادزێ نەبوو و لایەنگری باڵی مەکتەبی سیاسیی بوو، نەیدەتوانی و لێی نەدەهات ئەم کارە بکات. بۆیە هەندێک جار جۆرەگرژی و نێوانساردی دروست دەبوو. دواتر شێرکۆی شێخ عەلی لە سلێمانی فرسەتی هێنا و بەم شێوازە، کە باوەڕناکەم لە کەسی جوامێر بوەشێتەوە، تۆڵەی خۆی کردەوە.

من ئەو ڕۆژانە هێشتا من نەگەیشتبوومە تەمەنی هەژدە ساڵی. لە ڕووی سیاسییەوە هیچ بەرپرسیارییەم نەبوو، تاوانێکم نەکردبوو کە

بەم شێوە دڕندانە، لە ڕۆژی دووەمی گرنگترین تاقیکردنەوەدا، کە تەواوی چارەنووسی قوتابی پێوە بەندە، پەلامار بدرێم. ئەم تاوانە غەدر و ناهەقییەکی گەورە بوو بەرامبەر بە من کرا، پلانی خوێندن و داهاتووی منی بە تەواوی شێواند. بەڵام بە هەموو دڵنیاییەکەوە دەڵێم، کە ئەم ستەم و تاوانە منی بەهێزتر و بێباکتر کرد و بەرەنگاربوونەوەی ستەم و بێدادی، داکۆکی لە ڕاستی و ئازادی، بوونە بەشێک لە کەسایەتیی من.

سالێ دواتر لەناوەڕاستی مانگی نۆڤەمبەری ١٩٦٩ تا سەرەتای مانگی جەنیوەری ١٩٧٠ لە سلێمانی گیرام و نزیکە سێ مانگ، لە بارەگای باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی (جەلالی) کە لە خانووەکەی سابیر عەتاری کۆییدا بوو، لە کانێسکان، زیندانی کرام. بە درێژایی ئەو ماوەیە تەنانەت پێیان نەوتم بە چ تومەتێک گیراوم. هیوادارم لە دەرفەتێکدا، لەبارەی هەدوو ڕووداوەکە بنووسم.

بەڵام لەسەردەمی خوێندنی زانکۆ ساڵی ١٩٧٠-١٩٧٤ بەهۆی ڕێککەوتننامەی یانزەی ئازار، بارودۆخی کورد لە بەغدا باش بوو. لەهەمان کاتدا حزبی بەعس هێشتا نەیتوانیبوو کۆنترۆڵی کۆمەڵی عیراقی و کوردستان بکات. بۆیە پەراوێزێکی زۆری

ئـازادی هـەبوو. دوای ئـەوەی خوێندنی زانکۆم تەواو کرد تا ساڵی ١٩٧٨ هەر لە بەغدا مامەوە و لە ڕۆژنامەی «بیری نوێ» لە کارەکەم بـەردەوام بـووم. دەبێت ئـەوەش بڵێم کە لەو ساڵانەدا حزبی شیوعی و بەعس پەیوەندییان باش بوو. مەترسی گرتن و ئەشکەنجەدان بۆ ئێمە، کە لەژێر سێبەر یان چەتری حزبی شیوعی کارمان دەکرد، کەم بوو. ئێمە هەستمان بەو ترسە نەدەکرد و پێمان وابوو ئاگرەکە جارێ لە ئێمە دوورە. بەڵام لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ و سەرەتای ١٩٧٨ ئیدی شاڵاوی گرتن و ڕاونان، شیوعییەکانیشی گرتەوە. ئەوکاتە ئێمە چاودێری دەکراین. تەنانەت هاوینی ساڵی ١٩٧٨ پێش ئەوەی بۆ خوێندن بچمە دەرەوە، دەمـان بینی پیاوانی بەعس و دەزگا هەواڵگرییەکانیان لە دەوروبـەری ڕۆژنامەکەمان دەسووڕانەوە و چاودێرییەکی زۆر وردی ئێمەیان دەکرد. زۆری نەبرد کەوتنە ڕاونان و گرتنی دەیان هەزار ئەندام و کادیری حزبی شیوعیی عیراق. بەڵام من ڕۆژی ١٩٧٨/٩/٨ عێراقم بەجێهێشت و بۆ خوێندن چوومە بولگارستان.

**وەکو چی لە «بیری نوێ» ئیشت دەکرد؟**

**ڕەفیق سابیر:** وەکو نووسـەر و بـەرپرسی بەشی ئەدەب و هونەر، لەهەمانکاتدا ڕۆژنامەکە ئەهلی بوو،

توانای ئابووریی لاواز و ستاڤێکی کەمی هەبوو. بۆیە من لەپاڵ کارەکەمدا هەندێک جار تەرجومە و سەرپەرشتیی چاپ و دیزان و هەر کارێکی دیکەم دەکرد، ئەگەر پێویست بووایە. ئێمە هەموومان هاوکاریی یەکتریمان دەکرد.

**ئەو نووسەرانە کێ بوون لە بیری نوێ پێکەوە کارتان دەکرد؟**

**رەفیق سابیر**: مامۆستا محەمەد کەریم فەتحوڵڵا، کە رووناکبیرێکی لێهاتوو بوو و کوردی و عەرەبی زۆر بە باشی دەزانی، زیاتر وەک سەرنووسەر ئەرکی سەرپەرشتی و بەرێوەبردنی رۆژنامەکەی لەئەستۆ بوو. مامۆستا جەلال دەباغ ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەکە بوو. د.جەوهەر شاوەیس کە ئێستا لە ئەڵمانیایە، چەند ساڵێک وەک ئەندامی دەستەی نووسەران لەگەڵمان کاری کرد. هاشم کوچانی گەنجێکی چالاک بوو، لە بەشی ئەرشیف و نووسین و وەرگێڕاندا کاری دەکرد. مامۆستا تەحسین محەمەد خەلیل، کە ئێستا لە هەولێرە. حسێن محەمەد سەعید، گەنجێکی خانەقینی بوو کە لە رووداوێکی زۆر تەماوی لە بەغدا بە رووداوی ئۆتۆمبێل شەهید کرا. مامۆستایان کەمال غەمبار و حەمەرەشید هەورامی، کە لە بەغدا مامۆستا بوون،

دوای نیوەڕۆیان لە ڕۆژنامەکەدا چالاکانە کاریان دەکرد. هەروا کۆمەڵێک نووسەر، لە دەرەوەی ڕۆژنامەکە، خۆبەخشانە هاوکارییان دەکردین، لەوانە مامۆستایان محەمەدی مەلا کەریم، عەبدولرەزاق بیمار، د.عیزەدین مستەفا ڕەسول، لەگەڵ هەندێک نووسەری دی. بێجگە لەوە ئێمە تۆڕێکی پەیوەندی باش و فراوانمان لەگەڵ نووسەراندا دروست کردبوو.

هەواڵنامەی کتێب

# یەکێتی نووسەرانی کورد
# ئەزموونێکی باڵا

**هەر ماوەی ساڵەکانی ١٩٧٠-١٩٧٤ و دواتر یەکێتی نووسەران چالاکییەکانی دەست پێ دەکاتەوە، جەنابت هیچ بەشداری و پەیوەندییەکت پێیانەوە هەبوو؟**

**رەفیق سابیر:** ئەو ساڵانە بارەگای یەکێتی نووسەران و کۆمەڵەی رۆشنبیری کورد لە بەغدا بەراستی دوو ماڵی روناکبیری و دوو شوێنی گرنگ بوون بۆ کۆبوونەوە و یەکتربینینی نووسەران. لەهەمانکاتدا دوو سەنتەری باشبوون بۆ رێکخستنی کۆڕ و

سیمینار و چالاکیی ئەدەبی و روناکبیری. هەفتانە سەردانی ئەویمان دەکرد، هەر چالاکییەک هەبووایە بەشداریمان تێدا دەکرد و هەندێکجاریش خۆمان لەوێ کۆڕی شیعری و ئەدەبیمان ساز دەکرد. شیعر و نووسینمان لە گۆڤارەکانیاندا بڵاو دەکردەوە. لەبەرئەوە ئەو دوو دەزگایە بەراستی رۆڵی گرنگیان لەو سەردەمەدا بینی، بەتایبەت لە ساڵی ١٩٧٤ بەدواوە، کە فشاری سیاسی بۆ سەر کورد زیادی کرد.

هەروا کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا هەبوو. ئەگەرچی ئەو دەزگایە سروشتی کارەکەی جیاواز بوو، بەڵام ئەوانیش، لەو سەردەمەدا کاری گرنگیان، لە بواری زمان، مێژوو و رۆشنبیری، ئەنجام دا. هەر ئەو دەزگایە کۆمەکی بە چاپکردنی یەکەمین کۆمەڵەهۆنراوەی من (پشکۆکان دەگەشێنەوە)ی کرد.

**بەشداری هیچ کام لە کۆنگرەکانی یەکێتیی نووسەران-ت کرد؟**

**رەفیق سابیر**: بەڵێ، لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٧٣ لە بەغدا بەشداریم کرد، چونکە من ئەندامی یەکێتیی نووسەران بووم، هەروەها ئەندامی کۆمەڵەی رۆشنبیریی کوردیی بووم. راستییەکەی ئەوکاتە بەئەندامبوون

مانایەکی هەبوو. هەروا ساڵی ۱۹۷۲ کاتێک یەکێتیی نووسەران لە شاری کەرکوک فیستیڤاڵی شیعری کوردی ساز کرد، ویستم بەشداری بکەم، شیعری (شەویک لەسەر گۆڕی وەلی دیوانە)م بۆ ناردن، بەڵام ریگەیان نەدام شیعرەکە بخوێنمەوە.

**یادوەرییەکی گرنگی ئەو کاتەت لەبیرە؟**

**رەفیق سابیر:** بەڵێ. ئێوارەیەکی (وابزانم) هاوینی ۱۹۷۱ یان ۱۹۷۲ بوو، لە باخچەی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە بەغدا، لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر، دانیشتبووین. چەند نووسەرێک بانگەوازێکیان هێنا کە بەرێزان (حوسێن عارف، شێرکۆ بێکەس، جەلال میرزا کەریم، ئەحمەد سالار، کاکەمەم بۆتانی، جەمال شاربازێری) و چەند نووسەرێکی دی ناوی خۆیان لەسەر نووسیبوو.

بانگەوازەکە لەدژی هەندێک مەلای کۆنەپەرست بوو، کە لە بڵندگۆی چەند مزگەوتێکی کوردستانەوە، توندرەوانە و نارەوا هێرشیان دەکردە سەر ژنان و ئازادیی ژنان. ئەو نووسەرانە ویستیان نووسەرانی دیکەش پشتگیریی بانگەوازەکە بکەن. بانگەوازەکە، کە بە ناوی (ئەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن) بڵاو کرایەوە، توند بوو. بۆیە تەنیا چەند کەسێکی کەم،

لەوانەی ئەو ئێوارەیە لە بارەگای یەکێتیی نووسەران بوون، پشتگیریی بانگەوازەکەیان کرد، کە من یەکێک بووم لەوان. لە ئەنجامدا نزیکەی بەهەمووی سێزدە تا پازدە نووسەر و هونەرمەند، بانگەوازەکەیان ئیمزا کرد. بانگەوازەکە لە رۆژنامەی (هاوکاری)دا، کە ئەو کاتە رۆژنامەیەکی گرنگ و پڕخوێنەر بوو، بەڕێز سەربەست بامەڕنی سەرنووسەری بوو، بڵاو کرایەوە.

بانگەوازەکە بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی ئێمە، هەرایەکی گەورەی نایەوە. هەندێک لەو مەلایانە لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە کەوتنە پەلاماری ئەو نووسەرانە و داوای گرتن و کوشتنی ئێمەیان دەکرد. کار گەیشتە ئەوەی کێشەکەیان گەیاندە مەلا مستەفای بارزانی. هەروا لێشاوی ئیمزا و بروسکەناردن بۆ رۆژنامەی هاوکاری دژی ئێمە دەستی پێکرد. هێرشێکی زۆر توند بوو، تەنانەت ئەوان لە دژی ئێمە پەنایان بۆ مەلاکانی نەجەفیش برد.

لەبەرامبەر ئەمەدا ئێمە و لایەنگرانی بانگەوازەکە، هێرشێکی پێچەوانەمان لە دژی ئەو مەلایانە دەست پێ کرد و بەسەدان قوتابیی زانکۆ و لاوی خوێندەوار، بۆ پشتگیریی ئێمە و بانگەوازەکە کەوتنە

بروسکەناردن بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری. بەشێکی بروسکەکان بڵاو کرانەوە. ئەوەی زۆر کۆمەکی بە ئاساییکردنەوە و ئارامکردنەوەی ئەو بارودۆخە گرژە کرد، فەتوایەکی بەڕێز ڕەشاد موفتی بوو، باوکی بەڕێزان عەدنان موفتی و ئیحسان موفتی. هەندێک نووسەر لە هەولێر توانیان بگەنە لای جەنابی موفتی. بەڕێزی بانگەوازەکەی خوێندبۆوە و فەتوایەکی فەرموو بوو کە ناوەڕۆکەکەی ئەوە بوو: بانگەوازی قەڵەمە نەترسەکان دژی ئاینی ئیسلام نییە. ئەم فتوایە دۆخەکەی ئارام کردەوە.

**زۆرجار چالاکیی ڕۆشنبیری دەکرا بەناوەڕۆکێکی سیاسی-نیشتیمانی، بەشداری هیچ جۆرە چالاکییەکی لەو جۆرەت کردووە؟**

**ڕەفیق سابیر:** ئەوکاتە زۆربەی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان، تا ڕادەیەک ناوەڕۆکێکی سیاسییان هەبوو. ئێمە کۆمەڵێک نووسەر بووین، کە ئامانجی نەتەوەیی و سیاسیمان هەبوو. ئێمە ئەو کاتە چەندان کۆڕ و سیمنیاری ئەدەبیمان لە بەغدا و سلێمانی ساز کرد، کە ناڕاستەوخۆ ناوەڕۆکێکی سیاسییان هەبوو، بەتایبەتی دوای ساڵی ١٩٧٥ کە ئازادیی سیاسی لە کوردستاندا نەما. شیعر و تارادەیەکیش شانۆ، بوو بوون بە دوو بواری دەربڕین، کە مرۆڤ دەیتوانی

لە ڕێیانەوە هەست یان بیر و بۆچوونێکی سیاسیی خۆی دژ بە ڕێژیم بڵێت. لەبەرئەوە، بۆ نموونە، کاتێک لە سلێمانی کۆڕێکی ئەدەبی دەکرا زیاتر لە ١٠٠٠ کەس ئامادە دەبوون و تەنانەت هەندیک جار لەسەر بانی ئەو شوێنەی کۆڕی تێدا بەڕێوە دەچوو، خەڵک دادەنیشتن. خەڵک لەو کۆڕانەدا چاوەڕێ بوون گوێیان لە شتێک بێت کە هیوایەکی نوێیان پێ بدات، یان هەندێک لە خەم و ئازارەکانیان کەم بکاتەوە. منیش لەو کۆڕانەدا، وەک زۆر نووسەری دی، بەزۆر شێوە بەشداریم کردووە.

گەنجێتی جەنابت دەکەوێتە ناو زروفێکی ئاڵۆزی سیاسییەوە کە مرۆڤ لەهیچ ڕوویەکەوە دڵنیا نییە لە بوون و ژیانی، ئەمە چی کاریگەرییەکی سلبی لەسەر تەمەنی گەنجێتی و خواستە تایبەتییەکانت هەبوو؟

ڕەفیق سابیر: من پەیامێکم لە ژیاندا هەبوو و هەستم بە بەرپرسیارێتییەک دەکرد، بەو مانایەی کە مرۆڤ پێویستە بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ قۆناغەکانی تەمەنیدا بکات، بەڵام دەروێش نەبووم بەو جۆرەی کە خۆم لە هەموو شتێک مەحروم بکەم.

**پێشتر باسکرد کە ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ ئازادیی سیاسی و رادەربڕین هەبووە، دەمەوێت بۆچوونی جەنابت بەشێوەیەکی گشتی**

**لەسەر رێککەوتننامەی ١١ی ئادار بزانم، ئایا بۆ ئەو ماوەیە شتێکی باش و گرنگ بوو؟**

**رەفیق سابیر:** ئەو رێککەوتننامەیە بۆ کاتی خۆی رووداوێکی گرنگ بوو. زۆربەی شتەکان لە ژیاندا رێژەیین، بۆیە ئەو رێککەوتنە بە بەراورد لەگەڵ رێککەوتنەکانی پێشووتر لەهەموویان باشتر بوو. بێجگە لەوە دەرفەتێکی پڕ لە ئارامی رەخساند و چوار ساڵ شەڕی دەوڵەتی عێراق دژی کورد راگیرا. کورد سوودێکی زۆری لەوە بینی، بەتایبەت لەرووی رۆشنبیرییەوە. لەو ماوەیەدا بزافێکی رۆشنبیریی فراوان، لە کوردستاندا دەستی پێ کرد کە پێشتر لە مێژووی کورددا، وێنەی نەبووە. بەکورتی ئەوکاتە ئازادیی رادەربڕین لە کوردستاندا پەیدا بوو. ئەمە بۆ خۆی گوڕ و تینێکی جیاواز و نوێی بە ژیانی رۆشنبیری ئێمە دا.

بەڵام ئەگەر لەڕووی سیاسییەوە تەماشای بکەیت دەبینین بەعسیش سوودی لەم رێکەوتنە بینی. بە پێی هەندێ بۆچوون بەعس لەو ماوەیەدا توانی کورد وەک دوژمنێکی خۆی بێلایەن بکات. لەو ماوەیەدا بەعس لەرووی سەربازییەوە خۆی بەهێز کرد. هەروا نەیارانی خۆی لەناو عیراقدا لاواز کرد، بۆ ئەوەی دەستی بۆ کورد والا بێت و دواتر

پەلاماری بدات. ئەمە بۆچوونێکە. بەڵام بەگشتی ئەو ڕێککەوتننامەیە بۆ کاتی خۆی شتێکی باش بوو. ماوەیەک کۆتایی بەشەڕێکی درێژی نۆ ساڵە هێنا کە خەڵک بەگشتی زیانی زۆریان لێ دیت.

هەواڵنامەی کتێب

# قەڵادزێ:
# فرمێسك لە دوورەوە

**خوێندکاری قۆناغی چواری زانکۆی بەغدا بوویت کاتێک شاری قـەڵادزێ بـوردۆمان کرا و خەڵکێکی زۆری تێدا شەهید بوون، ئەوکاتە چیت کرد و چۆن هەستی خۆت بۆ دەربڕی؟ ئایا گەڕایتەوە بۆ ئەوەی سەردانی شارە شەهیدەکەت بکەیت؟**

**رەفیق سابیر:** راستییەکەی رووداوی شـەهیدکردنی قەڵادزێ یەکێکە لە کارەساتە گەورەکان، هەواڵەکەش ناخۆشترین هەواڵ بوو، کە تا ئەو کاتە بیستبێتم. زۆر خزم و ناسیاو و هاورێم شـەهید و بریندار بوون. وێرانکردنی شارەکەش مەینەتییەکی دی بوو. لەوەش ناخۆشتر ئەوە بوو کە مرۆڤ نەیدەتوانی لەم رووەوە هیچ شتێک بکات.

مەڵبەندی کتێب

ئەوکاتە ڕێگە گیرا بوو، نەمدەتووانی بچمەوە قەڵادزێ، بەڵام چەند ڕۆژێک دوای ئەوە هاتمەوە سلێمانی و ئەو برینداراندەم بینی کە لەوێ بوون، لەوانە چەند خاڵۆزایەکی من بوون، کە ناپاڵمیک بەر ماڵەکەیان کەوتبوو پێنج کەسیان شەهید و چوار کەسیان، بە خاڵۆژنمەوە بریندا بوو بوون. من ئەو ڕۆژەوە باوەڕم بەوە هێنا کە ئێمە ڕووبەڕووی دوژمنێک بووینەتەوە، هیچ بەهایەکی ئەخلاقی و مرۆیی نییە و ئامادەشە بۆ مانەوەی خۆی هەر کارێک بە پێویست بزانێت بکات، تەنانەت ئەگەر ئەو کارە لە دەرەوەی یاسا و ڕێسا ئایینەکانیش بێت.

**شیعرت بۆ کارەساتەکە نووسی؟**

**ڕەفیق سابیر:** ئەوکاتە هەندێک هەوڵم دا شتێک بنووسم، بەڵام دواتر چەند هۆنراوەیەکم لەبارەی کارەساتەکەوە نووسی. لەوانە هۆنراوەیەک بە ناوی (دەرگا لە ڕووی ئەم کزە بایە داخە) کە پێشکەشی خاڵۆزایەکم، جوانەمەرگ قوباد حەسەن حاجی مەحموود، کراوە، کە قوتابییەکی بلیمەتی قۆناخی ئامادەیی و سیمبولێکیدیاری شەهیدانی قەڵادزێ بوو. هۆنراوەکە ساڵی ١٩٧٥ لە ڕۆژنامەی بیری نوێ و دواتر ساڵی ١٩٧٦ لە کۆمەڵەهۆنراوەی پشکۆکان دەگەشێنەوە، بڵاو کرایەوە.

## بەغدا: مانەوە و گۆڕان

**دوای تەواوکردنی زانکۆ چوار ساڵ لە بەغدا دەمێنیتەوە و دواتر روو لە دەرەوەی وڵات دەکەیت، بۆچی و چۆن؟**

**رەفیق سابیر**: ئەو ماوەیەی لە بەغدا ژیام گۆڕانێکی زۆر بنچینەیی و نەوعی لە ژیانی مندا، وەکو مرۆڤ و روناکبیر، دروست بوو. کاتێک لە ساڵی ١٩٧٠ چووم بۆ بەغدا، نزیکەی زۆربەی گۆڤار و کتێبە کوردییەکانم خوێندبوونەوە، بە تایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بە ئەدەبیاتی کوردییەوە هەبوو. هەروا لە زانکۆ زمان و ئەدەب و مێژووی کوردم دەخوێند. کاتێک چوومە بەغدا ئیدی پەیوەندیم لەگەڵ ئەدەبی عەرەبی و

هەواڵنامەی کتێب

ئەدەبی نوێی جیهانی، لەڕێگای زمانی عەرەبییەوە، دەستی پێ کرد. ئەوەش بوو بە هاندەرێک بۆ ئەوەی من، لەگەڵ ئەو کۆمەڵە نووسەرە گەنجەی ئەوکاتە دەرکەوتبوون، هەوڵ بدەین بە جۆرێکی دی بنووسین و بە دوای ستایلێکی شیعریی جیاوازتردا بگەڕێین، کە لە ستایلی شاعیرانی پێش خۆمان نەچێت. ئەو ساڵانەی بەغدا بۆ من زۆر گرنگ بوون. ڕاستییەکەی هەر تینوێتیی فێربوون و زانین پاڵی پێوەنام کە، دوای تەواوکردنی خوێنی زانکۆ، لە بەغدا بمێنمەوە و دواتریش هەوڵ بدەم لە دەرەوەی وڵات، بخوێنم. ساڵی ١٩٧٧ هەوڵم دا لە یەکێتیی سۆڤیەت بخوێنم، بەڵام ڕێک نەکەوت. دواتر ساڵی ١٩٧٨ بۆ خوێندن ڕووم کردە بولگارستان و لەوێ خەریکی خوێندن بووم. بەڵام لە وڵاتدا گرتن و ڕاوەدوونانی خەڵکی کوردستان زۆر زیادی کرد، شاڵاوی بەعس بۆ سەر حیزبی شیوعی پەرەی گرت. دوای نزیکەی حەوت مانگ خوێندن لە بولگارستان، لە بەهاری ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ مامۆستایان بەهادین نوری و کەریمی حسامی و عەبدوڵڵا قەرەداغی (مەلا عەلی) و هاوڕێیەکی عەرەب بەناوی ئەبو حاتەم بڕیارمان دا، لە ڕێی ئێرانەوە، بگەڕێینەوە بۆ کوردستان. سەرەتا لە سۆفیاوە چوینە لوبنان. ئەوکاتە مانگێک بوو شۆڕشی ئێران بەرپا بوو بوو. پەیوەندیی نێوان

هەولێرنامەی دێرین

ئیران و ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی ئەوەندە باش بوو، کە ئێرانییەکان سەفارەتخانەی ئیسرائیلیان لە تاران رادەستی ئەوان کردبوو. فەلەستینییەکان، کە پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ حیزبی شیوعی هەبوو لە لوبنان هاوکارییان کردین و پاسپۆرتی ئوردونییان، وەک هاووڵاتیی فەلەستینی، بۆ ئامادە کردین و فیزای ئێرانییان بۆ وەرگرتین. کاک سەلاح بەدرەدین، کە ئەو کاتە لای فەلەستینییەکان بوو، لە ڕاپەراندنی کارەکان کۆمەکی کردین. چەند شەوێک لە تارن، بۆ هەندێک کار ماینەوە. هەندێک پارەمان هێنابوو، کە دە هەزار دۆلار زیاتر بوو، لە بازاری تاران گۆڕیمانەوە بە تمەن، کە دۆلارێک نزیکەی هەشت تمەن بوو. دوای ئەوە چووینە مەاباد و چەند شەوێک لەوێ ماینەوە. کاک کەریم لە مەاباد، بۆ کاری حیزبی دیموکرات مایەوە و ئێمەیش چووین بۆ ناوزەنگ، کە ناوچەیەکی ئازادی سەر سنووری ئێران بوو و نزیگی گوندی (شێنێ)یە.

خەونی جوانترکردنی ژیان و بەرەنگاربوونەوەی ستەم، هانیان دام واز لە خوێندن بێنم و ئارەزوومەندانە، بگەڕێمەوە کوردستان، بەو نیازەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتی بەعس، دەستە و مەفرەزەی چەکداری پێک بهێنین. ئەوکاتە باوەرێکی وا لە دنیادا بڵاو بوو کە مرۆڤ دەتوانێت لەڕێگای

چەک و زەبروزەنگ (توندوتیژی)ی شۆڕشگێڕییەوە، ژیـان و کۆمـەڵ و تەنانەت دنیا بگۆڕێت. ئێمەش ویستمان ئەمە تاقی بکەینەوە. تەنانەت لە شاخ، لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٠ لە بڵاوکراوەیەکی حیزبی شیوعی عێراقدا (ڕێبازی پێشمەرگە) وتارێکم لەبارەی ڕەوایی زەبروزەنگی شۆڕشگێڕی نووسی.

هەواڵنامەی کتێب

# ڕوانگە:
# هەوڵێك بۆ نوێبوونەوە

**ئەگەر کەمێک قسە لەبارەی بزووتنەوەی ڕوانگە بکەین، ئەو بزوتنەوەیە بۆ پەیدا بوو؟ ئامانجەکانی چی بوون و کێ بوون بەشداریتان تێدا کرد؟**

**ڕەفیق سابیر:** لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٠ لەدوای ڕاگرتنی شەڕ لە کوردستان، سەرەتای بزافێکی نوێی ڕوناکبیری دەستیپێکرد. لەو کاتەدا کۆمەڵێک گەنج دەرکەوتن کە، لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی پێشوو، لەناو بارودۆخی شەڕدا گەورە بوو بوون.

لە ساڵی ١٩٦١ تا ١٩٧٠ بزاڤێکی ڕوناکبیری و

ئازادیی دەرکردنی گۆڤار و رۆژنامە نەبوو. زۆر بە دەگمەن جارجارە لێرە و لەوێ رۆژنامەیەک، یان گۆڤارێک چەند ژمارەیەکی لێ دەردەچوو و دواتر رادەگیرا.

بەهۆی شەڕ و ئەنجامەکانییەوە، گۆڕانکاری بەسەر کۆمەڵی کوردستاندا هاتبوو. ئەو گۆڕانکارییە، لە ئەدەب و هونەردا رەنگی دایەوە. لە بەهاری ١٩٧٠ دا پێنج نووسەر، حوسێن عارف، شێرکۆ بێکەس، جەلال میرزا کەریم، کاکەمەم بۆتانی و جەمال شاربازێڕی، بانگەوازێکی ئەدەبییان بڵاو کردەوە، کە دواتر بە بانگەوازی (روانگە) ناسرا.

بانگەوازەکە باسی هیچ قوتابخانەیەکی ئەدەبی ناکات. هیچ جۆرە دیسلپین و شێوازێکی تایبەت و نوێی ستایلێکی ئەدەبی پێشنیار ناکات. بەڵکو گرینگی گۆڕان و نوێبوونەوەی ئەدەبی کوردی و هەنگاونان بەرەو ئاسۆیەکی نوێی ئەدەبی بە گرینگ و پێویست دادەنێت.

بڵاوکردنەوەی ئەو بانگەوازە زاڵەیەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا، خەڵکێکی زۆر لە لایەنگران و رەخنەگرانی، لە رۆژنامەکاندا، کەوتنە نووسین و باسکردن لەبارەیەوە. ئەو گروپە پێش ئەوەی

کۆمەڵێک تێکستی ئەدەبیی گرنگ، وەکو نموونە، بخاتەڕوو، بەهۆی بانگەوازەکەوە، بە ناوی روانگە ناسران. من پەیوەندیم بە روانگەوە نەبوو، بەڵام ئەو ستایلەی کە من و خەڵکێکی تریش ئەوکاتە پێمان دەنووسی، لەگەڵ جیاوازیی هەر یەکێکمان، بەڵام لەیەکەوە نزیک بوو. هەمووی هەوڵدانێک بوو بۆ نوێکردنەوەی شعر و ئەدەبی کوردی. لەبەرئەوە سەرەتا هەموومان بە روانگەییەکان ناو دەبراین. بۆ نموونە کاتێک لە مانگی ئابی ١٩٧٢ لە بەغدا لە رۆژنامەی بیری نوێ، دەستم بەکار کرد، هیچ پەیوەندییەکم بە حیزبی شیوعی و رێکخراوی قوتابیانەوە نەمابوو. بۆیە دەستەی نووسەرانی رۆژنامەکە نامەیەکیان بۆ لیژنەی ناوچەی حیزبی شیوعی لە قەڵادزێ نووسی بوو، تا زانیارییان لەبارەی منەوە بۆ بنێرن. ئەوان. لە راپۆرتەکەیاندا، زۆر بە باشی لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە باسی منیان کردبوو، بەڵام لە کۆتاییدا نووسیبوویان کە خەوشی من ئەوەیە کە من روانگەییم!

**پەیوەندیت لەگەڵ روانگەییەکان لەچی ئاستێکدا بوو؟**

**رەفیق سابیر:** هەموومان برادەر و دۆستی یەکتر بووین. ئەوان گۆڤارێکیان بەناوی روانگە دەرکرد،

من لە ژمارەی دووەم، بە هۆنراوەیەک، بەشداریم تێیدا کرد. بانگەوازی قەڵەمە نەترسەکان، کە پێشتر باسم کرد، دەستپێشخەرییەکی تری ئەو برادەرانە بوو، کە منیش بە پەرۆشەوە بەشداریم کردن.

**پێتوابوو زەرورەتــی نوێبوونەوە لەپشت بڵاوبوونەوەی ئەو بانگەوازەوە بوو؟**

**رەفیق سابیر:** راستییەکەی هەستکردن و پێویستیی نوێکردنەوەی ئەدەبی کـوردی لـەلای بـرادەرانـی روانگە و زۆر نووسەر و شاعیری دیش هەبوون، کە ئەوانیش لە دەرەوەی روانگە بوون. بۆ نموونە لای لەتیف هـەڵـمـەت، حامید بـەرزنـجـی، فـەرەاد شاکەلی و کۆمەڵێک نووسەری دی. لەهەمانکاتدا ئەوەشمان بیر نەچێت پێش بانگەوازی روانگە، کۆمـەڵـێک نـووسـەری گرنگی عـیـراقی «فـازیـل ئەلعەزاوی، فەوزی کریم و سامی مەهدی» لە ساڵی ١٩٦٩ بانگەوازێکی ئەدەبییان بەناوی «بانگەوازی شیعر٦٩» بڵاو کـردەوە. ئەو بانگەوازە، لەڕووی ئەدەبی و فیکرییەوە، زۆر لە بانگەوازەکەی گرووپی روانگە رووناکبیرانەتر، فراوانتر و قووڵتر بوو. ئەوان داوای گۆڕینی شیعری عەرەبی و داهێنانی ستایلێکی نوێی شیعرییان دەکرد.

هەروهەا پێش ئەوان، لە سەرەتای شەستەکاندا کۆمەڵێک شاعیری نوێخوای عەرەب لە لوبنان، لەوانە ئەدۆنیس، ئەنسا ئەلحاج و خەلیل ئەلخوری و هەندێکی دی، کە ئاگاداری بزاڤە ئەدەبی و هونەرییەکانی ئەوروپا بوون، کارێکی لەو شێوەیان کردبوو، هەروا گۆڤارێکی ئەدەبیی گرنگیان بە ناوی (الشعر) بڵاو دەکردەوە. دواتر بانگەوازی تری بەدوا هات. مەبەستم ئەوەیە بڵێم، بانگەوازی ڕوانگە بەدەر نەبوو لە کاریگەریی بانگەوازەکەی فازیل عەزاوی و هاوڕێکانی، تەنانەت هەندێک کەس بە لاساییکردنەوەی ئەوانیان دەزانی. ئەو سەردەمەش لە وڵاتانی عەرەبیدا سەردەمی بانگەوازی ئەدەبی و کودێتای عەسکەری بوو. کە هەردووکیان بەو ئامانجە بوون، نەوەیەکی نوێ خێرا، نەوەی پێش خۆی ڕامالێ و خۆی لەسەر تەختەکە، تەختی سیاسی، یان ئەدەبی، دابنیشێت. دوای ناودەرکردنی ڕوانگە چەند نووسەرێک خۆیان بە گرووپی کفری ناساند و کەوتنە بەربەرەکانێی ڕوانگە، وەک ئەوەی بیانەوێ جێگای ئەوان بگرنەوە. بۆ نموونە شاعیر فەرهاد (ئەنوەر) شاکەلی یەکەم کۆمەڵە هۆنراوەی خۆی بە ناوی (پڕۆژەی کودەتایەکی نهێنی) بڵاو کردەوە، کە چەپکە هۆنراوەیەکی نوێی تێدا

بوو و کاتی خۆی من لە رۆژنامەی بیری نوێ وتارێکم لەبارەیەوە نووسی. بە رای من ناوی کۆمەڵەهۆنراوەکە رەنگدانەوەیەکی بە ئاگایانە، یان بێگایانەی، بیرۆکەی کودێتاچییانەیە کە ئەو کاتە، لە بواری سیاسەت و ئەدەبیاتدا، باو بوو. دوای بانگەوازی روانگە چەند بانگەوازی تر نووسران، کە زیاتر مۆرکی شارچێتییان هەبوو، بەشێک لەو بانگەوازانە، هەر قسە بوون، یان بێ ناوەرۆک بوون، بۆیە قەت بڵاو نەکرانەوە.

**ئایا روانگە کاریگەریی لە نوێبوونەوەی شیعری کوردی، لەو سەردەمەدا، دروست کرد؟**

**رەفیق سابیر**: روانگە سەرەتا ستایلێکی دیاریکراوی شیعری و ئەدەبی، وەک نموونە و مۆدێلی نوێ، پێشکەش نەکرد. ئەمەش شتێکی سەیر نییە، چونکە ئەدەبیات بەپێی قالبێکی ئامادەکراوی پێشوەخت نانووسرێت. روانگە لەڕوویەکەوە گرنگی هەبوو، کە گفتوگۆ و لێدوانی زۆری، لەبارەی نوێبوونەوەی ئەدەبی کوردی، دروست کرد و ئەم گۆڕانکارییەی کردە ئامانج. یان وەک دەڵێن گۆمەکەی شڵەقاند. دواتریش کۆمەڵێک تێکستی شیعری و ئەدەبیی



هەواڵنامەی کتێب

جوانی بۆ ئەوکاتە خستە ڕوو. ڕاستە تێکستەکان بەرهەمی داهێنەرەکان خۆیان بوون، بەڵام مۆرکی نوێخوازییان هەبوو و ناوی ڕوانگەیان بەسەردا بڕا.

بۆ نموونە کەسێکی وەکو کاک شێرکۆ بێکەس، حوسێن عارف، کە داهێنەرترین نووسەرانی ناو ڕوانگەن، ئەگەر لەگەڵ گرووپی ڕوانگەش نەبوونایە، بەلای زۆرەوە، هەر بە هەمان ستایل و هەمان ئەوجۆرە تێکستانەیان دەنووسی. بەڵام ڕوانگە گۆمەگەی شڵەقاند و کۆمەڵێک ئەدیبی بە ئامانجی نوێبوونەوەی ئەدەبی کوردی و هەندێک مەسەلەی ئەدەبی، کە پەیوەندییان بە داهاتووی ئەدەبی کوردییەوە هەبوو، لە دەوری یەکتری کۆ کردەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا ڕوانگە عەقڵیەتی «گرووپچێتی» لەناو ئەدەبی کوردیدا دروست کرد. لەو کاتەوە تائێستا عەقڵیەتی «گرووپچێتی»ی لەناو ئەدەبی کوردیدا بەردەوامە. کۆمەڵێک ڕوناکبیر و نووسەر، کە زیاتر وەک سێکتەیەکی ئاینی ڕەفتار دەکەن، پێکەوە کۆ دەبنەوە، بەهەق بە ناهەق داکۆکیی لە یەکتر دەکەن. من لەبارەی تۆ دەنووسم تۆش لەبارەی من بنووسە. هەر کەسێکیش لە دەرەوەی خۆمان ڕەخنەی لێ گرتین و هێرشی کردە

هەولنامەی کتێب

سەریەکێکمان، ئێمە بەکۆمەڵ پەلاماری دەدەین. بۆیە ئەو عەقڵیەتە لە روانگەوە دەست پێ دەکات و ئێستاش، بە ناوی تر، یان شێوازی تر و زۆر ناشیرینتر بەردەوامە.

**باست لەوەکرد روانگە جۆرێک لە نوێبوونەوەی هێنایە ئاراوە وەک سەرەتایەک، بەڵام هەندێک لە شاعیرانی تر کە بە «گرووپی کفری» خۆیان ناو دەبەن و بە تایبەت خودی مامۆستا لەتیف هەڵمەت، پێیوایە دوای گۆران، ئەوان «گرووپی کفری» نوێکەرەوەی شیعری کوردین، تۆ بۆچوونت چۆنە سەبارەت بەو پرسە؟**

**رەفیق سابیر**: من پێموانییە گرووپێکی ئەدەبی هەبووبێت بەناوی «گرووپی کفری». ئەم ناوە دواتر وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر گرووپی روانگە دەرکەوت، یان دژەدیاردەیەک بوو بەرامبەر بە دیاردەی روانگە، وەک باسم کرد. چەند نووسەرێک هەستیان دەکرد کە روانگەییەکان بایەخیان پێ نادەن و کارەکانیان بەگرنگ ناگرن، بەم ناوە، دەیانەویست بە گەلەکۆمەکێ (وەک گرووپ) بەرامبەر بە گرووپی روانگە بوەستن و ئەوان بە پێشەنگی ئەدەبی نوێی کوردی دابندرێ.

به رای من مامۆستا «لەتیف هەڵمەت» کە ناوت هێنا، خۆی کەسێکی داهێنەر و پێشەنگێکی زۆر

دیاری شیعری نوێی کوردی بوو، لەو سەردەمەدا. شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت، لە هەندێک لایەنەوە، رەنگە لە شیعری روانگەییەکان بەهێزتر و کاریگەرتر بوو بێت. بەڵام ئەوەندەی پەیوەندی بە نوێکردنەوەی شیعری کوردییەوە هەبێت لەو سەردەمەدا، ناکرێت ئەم کارە تەنیا بە کاری گرووپێک، یان شاعیرێک و دوو شاعیر دابندرێت. چونکە کاری بەکۆمەڵی چەندان شاعیر و نووسەرە، کە لەو سەردەمەدا، هەر یەکەیان بە شێواز و ستایلی خۆی، بەشداریی گۆڕین و نوێبوونەوەی شیعری کوردییان کردووە.

**هەر تایبەت بەو بزووتنەوە رۆشنبیری و ئیعلامییەی لەساڵانی حەفتادا هەبوون، لەسایەی رژێمی بەعسدا، پێتوایە چی کاریگەرییەکیان لە پاراستنی زمانی و کولتووری کورد لە تەعریب هەبوو؟**

**رەفیق سابیر:** ئەوکاتە مەسەلەیەک هەمووومانی کۆ کردبووەوە ئەویش پەرۆشی بوو بۆ زمان و ئەدەبی کوردی، جۆرێک لە خەباتی کولتووری، لەرێگای زمان و ئەدەبیاتەوە. هەروا جێی شانازییە کە نووسەرانی کورد، پێش راپەڕین، لە بەرەی گەلدا بوون. لەناو سەدان روناکبیر و نووسەری جدیدا، تاک و تەرایان رازی بوون هاوکاریی بەعس بکەن.

ڕاستییەکەی ئەوانەی هاوکاریی بەعسیان کرد، بۆ خۆیان نووسەری ئەوەندە داهێنەر و گرنگ نەبوون. بۆیە ئەوکاتە هەر دەرفەتێک بڕەخسایە ئەدیب و روناکبیرانی کورد هەوڵیان دەدا خزمەتێک بە زمان و ئەدەبی کوردی بکەن. کارەکانی ئەوکاتەی کۆڕی زانیاریی کورد، یەکێتی نووووسەران و چالاکییەکانی کۆمەڵەی رۆشنبیری، کە دواتر بەعس ویستی بە لاڕێیدا ببات، هەموویان نیشانەی ئەو پەرۆشییە بوون.

هەواڵنامەی کتێب

# گەڕانەوە
# بۆ پێشمەرگایەتی و شاخ

هەواڵنامەی کتێب

**ساڵی ١٩٧٩ جەنابت وەکو پێشمەرگە دەگەڕێیتەوە بۆ شاخ، جگە لە کاری پێشمەرگایەتی سەرقاڵی چیتر بوویت؟ هاوکاریی ئێوە و نووسەرانی تر لەچی ئاستێکدا بوو؟**

**ڕەفیق سابیر**: سەرەتا تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ سەرقاڵی دروستکردنی مەفرەزە و ناساندنی ئامانجی بزووتنەوە چەکدارییەکەمان بە خەڵکی لادێکان بووین. من بەرپرسی ناوچەیەک بووم لەگەڵ مەفرەزەی پێشمەرگەدا بە گوندەکاندا دەگەڕاین.

ئەو قۆناغە بۆ ئێمە زیاتر قۆناغی پروپاگەندە و بێدارکردنەوەی خەڵک بوو. بەو ئامانجە من لەگەڵ پۆلی پێشمەرگە، کە نزیکەی ٢٥ کەس دەبووین ناوچەی پشدەر و بناری کۆسرەت و دۆڵەڕەقە گەڕاین. بەشەو خەڵکی گوندەکانمان کۆ دەکردەوە. لەبارەی ماهییەت و کارەکانی بەعس و ئەرک و ئامانجەکانی خەڵک و خۆمانەوە قسەم بۆ دەکردن. دواتر لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ بڕیار درا، وەک حزبی شیوعی، دەست بە ڕێکخستنەوەی ڕاگەیاندن و دەرکردنی ڕۆژنامە بکرێت. بۆ ئەو کارە دەستەیەک لە من و کاک تەحسین محەمەد خەلیل و هاوڕێیەکی دی (کاک نەجیب) کە مەسیحی بوو و کوردی و عەرەبییەکی باشی دەزانی، پێک هێندرا و سەرقاڵی کارەکانی ڕاگەیاندن بووین، هەردوو بڵاوکراوەی ڕێگای کوردستان و ڕێبازی پێشمەرگەمان بە کوردی و عارەبی دەر دەکرد.

ساڵێک دواتر حکومەتی بەعس دەیەویست یەکێتیی نووسەرانی کورد لە شار هەڵبوەشێنێتەوە و بیکاتە لقێکی یەکێتی نووسەرانی عیراق. بۆ دژایەتیکردنی ئەمە چەند نووسەرێک بیرمان لەوەکردەوە لە شاخ یەکێتی نووسەرانی کورد دابمەزرێنین. بارەگای ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نزیکەی

٢٠٠ مەترێک لە بارەگاکەی ئێمەوە دوور بوو و کاک ئەرسەلان بایز و هەڤاڵ کوێستانی و حاجی مەمۆ لەوێ بوون. من پەیوەندییەکی هاوڕێیانەم لەگەڵ ئەوان هەبوو. چووم بۆ لایان و پێشنیارم کرد کە هەوڵ بدەین یەکێتیی نووسەرانی کورد لە شاخ دروست بکەین. پێدەچوو ئەوانیش بیریان لەم مەسەلەیە کردبێتەوە. لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە بانگەوازی دامەزراندنی یەکیتیی نووسەران ئامادە بکەین. دوای گفتوگۆکردن منیان ڕاسپارد بانگەوازەکە بنووسم. دواتر ئەوان چەند وشەیەکی کەمیان لێ زیادوکەم کرد و بەناوی بانگەوازی دامەزراندنی «یەکێتی نووسەرانی کوردستان» بڵاو کرایەوە.

هەواڵنامەی کتێب

**ئەوە ساڵی چەند؟**

**ڕەفیق سابیر:** ئەگەر بەهەڵە نەچووبم کۆتایی ساڵی ١٩٨٠ یان سەرەتای جەنیوەری ساڵی ١٩٨١ بوو. دوای ئەوە بڕیارمان دا گۆڤارێک دەربکەین، ساڵانەیش کۆمەڵێک کتێبی ئەدەبی بڵاوبکەینەوە. ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەمان ئامادە کرد، بەڵام لەسەر ناوەکەی ڕێک نەکەوتبووین. من بەسەردا

نەخۆش کەوتم و بۆ چارەسەرکردن چوومە تاران. دوو مانگ زیاتر لە تاران مامەوە. لەو ماوەیەدا برادەران ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەیان بەناوی «پیرۆ» واتا هێشووە ئەستێرە، دەرکرد.

**کێ سەرنووسەری گۆڤارەکە بوو؟**

**رەفیق سابیر:** سەرنووسەرمان نەبوو. دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەران، لە هەمان کاتدا دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەش بوو، کە لە برادەرانی یەکێتیی نیشتمانی «هەڤاڵ کوێستانی، حاجی مەمۆ» بوون، لە حزبی شیوعی مامۆستا ئەحمەد دڵزار و من بووین. دواتر محەمەد حەمە باقی هاتە شاخ و ئەویش بوو بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر و دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە.

ناوی گۆڤارەکە گونجاو نەبوو. ئێمە پێویستمان بە ناوێک بوو کە ناوەڕۆکی رێکخراوەکە دەربخات، لەبەرئەوە گفتوگۆمان لەبارەوە کرد و ناوی گۆڤارەکەمان گۆڕی بە «نووسەری کوردستان». بڕیاریشمان دا کە ژمارەیەکی لە لای ئێمە و ژمارەیەکی لەلای برادەرانی یەکێتیی نیشتمانی چاپ بکرێت.

**ئەم پەنجا بەپەنجایە بۆ؟**

**ڕەفیق سابیر:** ڕاستییەکەی ئەوکاتە چاپکردن و پەیداکردنی مەرەکەب و کاغەز ئاسان نەبوو، هەروا لەبەرئەوەش بوو هەردوولا وەک یەک بەرامبەر بە گۆڤارەکە و یەکێتیی نووسەران هەست بە بەرپرسیاریێتی بکەین. بێجگە لە گۆڤارەکە کۆمەڵێک نامیلکە و کتێبمان بڵاو کردەوە. من ئەو ماوەیە تا هاوینی ساڵی ١٩٨٢ کە ژمارە شەشەمی گۆڤارەکە، بەشداریم کرد. دوای ئەوە بڕیارم دا بگەڕێمەوە بۆ ئەورووپا و خوێندنەکەم تەواو بکەم.

**تاکە هۆکار «تەواوکردنی خوێندنەکەت» بوو بڕیاری گەڕانەوەت دا؟**

**ڕەفیق سابیر:** ئەمە تاقە هۆکار نەبوو، لە بارودۆخەکەش بێتاقەت بووم. شەڕی ناوخۆ لەنێوان یەکێتیی نیشتمانی و حیزبی سۆسیالیست و پارتی دیموکراتدا تەشەنەی کردبوو. ئێمە وەک حزبی شیوعی بەشێک نەبووین لەو شەڕە. بەڵام لە هاوینی ساڵی ١٩٨٢هوە ئێمەش کەوتینە ناو شەڕەکەوە.

بیرمە ئەوکاتە کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەران-مان کرد. لە کۆبوونەوەکەدا

هەواڵنامەی کتێب

بە برادەرانم وت: من بۆ ئەوە نەگەڕاومەتەوە کوردستان تا شەڕی پێشمەرگە بکەم، بۆیە بڕیارم داوە بگەڕێمەوە بۆ دەرەوەی وڵات و خوێندنەکەم تەواو بکەم.

**لە حزبی (شیوعی)ش وازت هێنا؟**

**ڕەفیق سابیر:** نەخێر، بەڵام کوردستانم بەجێهێشت و بەشێک نەبووم لەو شەڕە.

هەواڵنامەی کتێب

# گەڕانەوە بۆ ئاوارەیی؛
# هەڵهاتن لە شەڕی ناوخۆ

هەواڵنامەی کتێب

**ساڵی ١٩٨٢ جارێکی تر کوردستان بەجێ دەهێڵێتەوە، ئەم جارەیان روو لەکوێ دەکەیت و سەرقاڵی چی دەبیت؟**

**رەفیق سابیر:** لەرێگای تارانەوە چوومە سوریا و نزیکەی سێ مانگ لەوێ مامەوە. دوای ئەوە گەڕامەوە بولگارستان و دەستم کردەوە بە خوێندن. لەهەمان کاتدا نوێنەری حیزبی شیوعی بووم لە بولگارستان. هاوینی ساڵی ١٩٨٧ خوێندنی دکتۆرام لە بەشی فەلسەفە تەواو کرد و نامەی دکتۆراکەشم لەبارەی «رۆڵی کولتوور لە پێکهێنانی هوشیاریی نەتەوەی کورد» نووسی. دواتر خێزانم پێکهێنا.. لەبەرئەوەی ژنەکەم خەڵکی جۆرجیا و شاری باتومییە چووم بۆ جۆرجیا و دوو مانگێک لەوێ مامەوە. پاشان بۆ کاری سیاسی نێردرام بۆ

ئەفغانستان. ئێمە لەوێ دەستەیەک بووین نوێنەرایەتیی حزبی شیوعیی عیراق-مان دەکرد. من لە مانگی سپتەمبەری ساڵی ١٩٨٧ تا ئایاری ١٩٨٨ لەوێ بووم و دواتر رووم لە دیمەشق کرد. لەوێ نوێنەری حزبی شیوعی بووم لە سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی لە دەرەوەی وڵات. لەهەمانکاتدا بەرپرسی گۆڤارێک بووم بەناوی «رێگای ئاشتی و سۆسیالیزم» و ئەندامی مەکتەبی راگەیاندنی ناوەندیی حیزبی شیوعی بووم.

پاشان هەندێک درز کەوتە هزر و تێڕوانیی من و زۆر لە گەنجە رووناکبیرە کوردەکانی ناو حزبی شیوعیی عێراق. ئێمە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە حیزبی سەرانسەری لە وڵاتی فرە نەتەوەدا، کە نەتەوەی سەردەست و بندەستی تێدایە، ناتوانێت حزبی هەردوو نەتەوەکە بێت. سەرەنجام هەر وەک حیزبی نەتەوەی سەردەست دەمێنێتەوە. حزبی شیوعیی عێراق، بەدرێژایی مێژووی خۆی، لە ناوەڕۆکدا زیاتر حزبی خەڵکی عەرەب بووە. بەرژەوەندیی گەلی عەرەبی خستۆتە پێش بەرژەوەندیی گەلی کورد. بۆیە دواتر من و سەدان ئەندام و کادیری تر وازمان لە حزبی شیوعی هێنا. لە هاوینی ساڵی ١٩٨٩ رووم لە سوێد کرد، لە سەرەتای ١٩٩١ لەگەڵ چەند نووسەرێکدا گۆڤارێکی کولتووریمان بەناوی «رابوون» دەرکرد، کە تا سەرەتای ساڵی ٢٠٠١ بەردەوام بوو. هەروا کۆمەڵێک کتێبمان بە ناوی (رابوون)ەوە بڵاو کردەوە.

# ئەنفال و
# هەڵەبجە و شیعر

هەواڵنامەی کتێب

**قەسیدەی «لاوکی هەڵەبجە» بۆ جینۆسایدی هەڵەبجە نووسراوە، چۆن هەواڵەکەت بیست و ئایا ئەو شیعرە هەمان ساتەوەخت نووسرا و چی هەستێکت هەبوو لەو کاتەدا؟**

**ڕەفیق سابیر:** کاتێک هەڵەبجە کیمیاباران کرا من لە ئەفغانستان بووم. هەواڵەکە زۆر کاری تێکردم. ڕۆژی دووەم پەیوەندیمان بە کۆمیتەی ناوەندیی حزبی گەلی ئەفغانستانەوە کرد، کە لە دەسەڵاتدا بوون، پێیان ڕاگەیاندین کە ئەوان نەیان بیستووە عێراق چەکی کیمیایی دژی کورد بەکار هێنابێت.

هەستم بە ئازارێکی زۆرکرد، نزیکەی دوو مانگێک دوای کارەساتی هەڵەبجە، لەویَ نەمام و چووم بۆ سوریا. لە ئەفغانستان هەوڵم دا شتێکم نووسی، کە چەند کۆپلەیەکی سەرەتای قەسیدەکە بوو. لەرێی چوونم بۆ سوریا حەفتەیەک لە مۆسکۆ لە ئوتێل مامەوە و لەوێش ئیشم لەسەر تێکستەکە کرد. رۆژێک لە سوریا لە ماڵی کاک جەلالی حاجی حسێن «یادی بەخێربێت» لەگەڵ چەند برادەرێک بۆ یەکەمجار فیلمێکی دۆکۆمێنتارم لەبارەی کارەساتەکەی هەڵەبجەوە بینی، کە تیایدا سەدان تەرمی ژن و منداڵ و پیر، بە بەرگی رەنگاورەنگەوە، لە کۆڵان و بەردەرگای ماڵان دەبیندران. فیلمەکە زۆر کاری تێکردم. یەکسەر دەستم بە نووسینی قەسیدەکە کردەوە و دوای مانگێک تەواوم کرد.

# ڕاپەڕین و
# سەرەتایەکی نوێ

**ئەوکاتەی ڕاپەڕین دەکرێت ئێوە لە سوید بوون، هەستتان چۆن بوو؟ پێت وایە بوو بەچی سەرەتایەک بۆ کوردستان؟**

**ڕەفیق سابیر**: نزیکەی دوو مانگێک پێش ڕاپەڕین ئێمەی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ڕابوون خۆمان بۆ دەرچـووانـدنـی یەکەمین ژمـارەی گۆڤارەکە ئامادە دەکرد. بەڕێزان د.کەمال میراودەلی و هاشم کۆچانی و کاروان عەبدوڵڵا دەستەی نووسەران و من سەرنووسەر بووم. کاتێک ڕاپەڕین رووی دا گۆڤارەکە بۆ چاپ ئامادە کرابوو، وتارێکمان لەبارەی ڕاپەڕینەوە بۆ زیاد کرد و ناوی (ڕابـوون)مـان لە گۆڤارەکە نا.

هەواڵنامەی پێنج

ڕاپەڕین ڕووداوێکی زۆر گەورە و گرنگ بوو بۆ گەلی کورد. ئێمە کە ستەم و زۆرداری بەعسمان بینیبوو، بەوەڵامدانەوەیەکی زۆر بوێرانە و ئازایانەی خەڵکی کوردستانمان زانی بەرامبەر حکومەتی بەعس.

**دوای ڕاپەڕین ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامە و هەفتەنامەی حزبی و ئەهلی دەردەچن، کەم تا زۆر هەست بە جۆرێک لە زمانزبری دەکرێت، بەتایبەت سەروەختی گرژبوونەکان و پێشتریش لە سەردەمی شەڕی ناوخۆ، چۆن لەم حاڵەتە دەڕوانیت و پێتوایە تاچەند زیان بە بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری دەگەیەنێت؟**

**ڕەفیق سابیر**: ڕاستییەکەی بۆ مێژوو دەبێت بیڵێین زمانزبری و ئەو سوکایەتیەی لەسەر پەڕەی ڕۆژنامەکان دەرکەوت ئەنجام و بەرهەمی شەڕی ناوخۆیە. واتا پارتی و یەکێتی و بەرپرسانی ئەوکاتەی ڕاگەیاندنەکانیان، بەرپرسی یەکەمی ئەو دۆخەن.

هەر دیاردەیەک کاتێک دەردەکەوێت هۆکارەکەی هەر چییەک بێت، مەرج نییە دوای نەمانی هۆکارەکەی، ئەو دیاردەیە دوایی بێت، یان کۆنترۆڵ بکرێت.

زمانزبری بەرامبەر بە یەکتری، لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا، بوو بە دیاردەیەکی ڕۆژانە. تەنانەت

کار گەیشتبووە ئەوەی کە ژیانی تایبەتی و خێزانیی یەکتریش، زۆر بێزەوقانە و بێشەرمانە بخرێنە سەر لاپەڕەی رۆژنامەکان و لە رادیۆ و تەلەڤزیۆنەکانەوە بڵاو بکرێنەوە. نەوەیەک بەو کولتوورە راهێنرا، چاوی کردەوە و هاتە دنیای رۆشنبیرییەوە و ئەو شەڕە جنێوەی بیست و بینی و لەگەڵی راهات. بۆیە ئەم زمانزبرییە ئەمڕۆ بۆتە بەشێک لە ژیانی رۆژنامەوانی کوردی و زیانێکی زۆریشی بە ئازادیی رۆژنامەوانی و بە زەوقی گشتی گەیاندووە. تومەتبەخشینەوە و ناوزڕاندنی کردوتە بەشێک لە ژیانی رۆژنامەوانی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان.

**ئەی کێ لەو فەوزایە بەرپرسە لەبواری زمان و رێنووسی کوردیدا؟**

**رەفیق سابیر:** ڕاستییەکەی بەرپرسی یەکەم ئێمە خۆمانین، وەکو دەسەڵاتی زانستی، ئەکادیمی و دەسەڵاتی سیاسی. تا ئێستا سیاسەتێکی زمانیمان نییە. واتە ریوشوێنێکی تایبەتمان سەبارەت بە چۆنێتیی پاراستن و پێشخستنی زمانی کوردی و یەکخستنی تێرم و زاراوە و رێنووسەکەی و نییە. بە بێ هەبوونی سیاسەتێکی لەوجۆرە لەبواری زمان و کولتووردا، زمان روو لە ئاژاوە و پاشاگەردانی

دەکات و سەرەنجام دەشێوێندرێت. هەر بەو جۆرەی لە کۆمەڵگا، لەناو رێکخراوێکی گەورە یان بچووکدا، ئەگەر رێسا و یاسا و رێوشوێن و کەسانێک سیستمێک نەبن کارەکان رێک بخەن، سەرەنجام ئاژاوە و بێسەروبەری بڵاو دەبێتەوە.

هۆکاری دووەم ئەوەیە کە ئێمە ئەکادیمیای کوردیمان هەیە، بەڵام لەم بوارەدا کارێکی ئەوتۆی نەکردووە. بۆیە ئەرکی ئەکادیمیایە هەوڵ بدات، بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵات، سیاسەتێکی نەتەوەیی زمانی دابرێژێت و جێ بە جێی بکات. ئێمە چاومان لەوەیە ئەکادیمیای کوردی، بە هاوکاریی زمانەوانانی کورد، ببێتە ئەو دەزگایەی، کە هەرنەبێت، بەشێک لە گرفتەکانی زمانی کوردیمان بۆ چارەسەر بکات و بتوانێت پێش بە شێواندنی زمانی کوردی بگرێت.

# یەکەمەکانی ژیان

**هەموو مرۆڤێک کۆمەڵێک یەکەم لەژیانیدا هەیە، یەکەمەکانی ژیانی جەنابت: کێ بەیەکەم هاوڕێی خۆت دەزانی؟**

**ڕەفیق سابیر:** بە پێویستی نازانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە.

**کێ بە یەکەم مامۆستای خۆت دەزانی؟**

**ڕەفیق سابیر:** ڕاستییەکەی نازانم، بەڵام یەکێک لەو کەسانەی لە سەردەمی لاوێتیم کاریگەریی زۆری بۆسەر ژیانم هەبوو مامۆستا حەمە کەریم فەتحوڵڵا بوو، کە شەش ساڵ زیاتر لە ڕۆژنامەی بیری نوێ

پێکەوە کارمان کرد. بەڕێزی بەرپرسی رۆژنامەکە و مامۆستا و هاوڕێمان بوو. کەسێکی رووناکبیر، پڕزانین، بەتوانا، هێمن و بێفیز بوو.

**لە کتێبەکانی خۆت کامیانت لەهەموو لا خۆشەویستتر یان گرنگترە؟**

**رەفیق سابیر:** هەموویانم خۆشدەوێن، بەڵام «وەرزی سەهۆڵبەندان» و «ژوانی روناکی»م زیاتر بەدڵن.

**لەچی پەشیمانیت؟**

**رەفیق سابیر:** لەژیانیی سیاسیمدا هەرچیم کردووە بە باوەڕەوە کردوومە. کاری سیاسی بۆ من جگە لە قوربانیدان، دەربەدەری، ئەزموونی ژیان و کارکردن بۆ بەرژەوەندیی گشتی، هیچ دەستکەوت و ئیمتیازی ماددی و پلەپۆستی تێدا نەبووە. هەندێک کات لە بڕیاری گرنگدا بەشداریم کردووە. شانازم کە لە بڕیاری کوشتن، شەڕی ناوخۆ، یان ئەشکەنجەدانی هیچ کەسێکدا، بەشدار نەبووم و دەستم بەخوێنی کەس سوور نەبووە. بۆیە لە ژیانی سیاسیمدا لە شتێک پەشیمان نییم. هیوادارم ژیانی پەرلەمانی بەشێوەیەک بڕوات کە لێی پەشیمان نەبم. بەڵام مرۆڤ زۆرجار لە ژیانی کەسی و تایبەتیدا لە هەندێک شت پەشیمان دەبێتەوە کە کردوونی، ئەمەش بەشێکە لە سروشتی ئینسانیمان.

هەولێرنامەی کتێب

**پێتوانییە وەزیفەی پەرلەمانتاریت ڕێگا لە بیر و بۆچوونە ڕاشکاوانە و ئازادەکانت بگرێ؟**

**ڕەفیق سابیر**: من لەسەر بنچینەی بەرنامەیەک کە بەرنامەی «لیستی کوردستانی» بووە چوومەتە پەرلەمان. بەرپرسم لەوەی کار بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە بکەم. بەرنامەکە ڕێکوپێک و فراوانە و شتی باشی تێدایە. بێگومان کۆمەڵێک کەسی شارەزا بەشداریان لە ئامادەکردنیدا کردووە، کە منیش شانازییەکی بچووکم لەم ڕووەوە پێ دەبڕێت.

پاشان من لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا سوێندم خواردووە کە هەرچییەک سوودی ئەوان و وڵاتەکەمی تێدا بێت، ئەوە بکەم. واتە من لەبەردەم خەڵکدا بەرپرسم لەوەی وەفادار بم بۆ سوێند و بەڵێنەکانم. لەبەرئەوە ئەگەر لەناو پەرلەمان یان لە دەرەوەی پەرلەمان بم، هەر ئەوە دەکەم، کە بەڵێنم بەخەڵک داوە و باوەڕم پێیەتی.

تا ئێستا لە کۆمەڵێک مەسەلەدا، من لەناو پەرلەماندا، لەگەڵ فراکسیۆنەکەی خۆم دەنگم نەداوە. چونکە پێم وابووە لە قازانجی خەڵکی کوردستان نەبوون. لە هەندێک مەسەلەی دیکەدا نەک هەر لەگەڵ فراکسیۆنەکەی خۆم نەبووم، بەڵکو لە دژی ئەوانیش دەنگم داوە. ڕەنگە ئەمە کارێکی خۆش نەبێت، بگرە ناخۆشیشە، بەڵام من ناتوانم کارێک بکەم پێچەوانەی



هەولێرنامەی کتێب

قەناعەتی خۆم و بەرنامەی لیستی کوردستانی و ئەو سوێندە بێت کە خواردوومە.

بۆیە ئێستا ئەو پرسیارە لە خۆم دەکەم: ئایا من تاکەی و تاکوێ دەتوانم لە کارەکەم، وەک پەرلەمانتار، بەردەوام بم؟

نازانم، بەڵام ئەوەی کە لێی دڵنیام ئەوەیە:

من ئازادیی خۆم بە هەموو شتی دنیا ناگۆڕمەوە.

**سەرنج:**

**پوختەی ئەم چاوپێکەوتنە لە رۆژنامەی ئاسۆ**

**(یادوەریی ئاسۆ) ژ١٣٣٧ رۆژی ١-١١-٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوە**

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# (٢)

## رەفیق سابیر:
## هەرێمی کوردستان کراوەتە میتخانە و ئۆردوگایەکی لەشکری تورك

ڕەفیق سابیر شاعیر و ڕەخنەگر و لێکۆڵەرێکی ئەکادیمییە، زیاتر لەهەموو ئەوانەش قەسیدەی «لاوکی هەڵەبجە» وی ناساند. سەروەختی لە ساڵانی ۲۰۰۹-۲۰۱۱ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بوو، چاوپێکەوتنێکی دووروودرێژم لەگەڵ ساز کرد، لەوێ لێمپرسی ئایا پەرلەمان ئازادییەکانی لێ زەوت نەکردووە و ئەویش وەڵامەکەی ئەوەبوو ئازادیی خۆی بەهەرچی شتی دنیا هەیە ناگۆڕێتەوە.

ساڵانێک دوای وازهێنانی ڕەفیق سابیر لە پەرلەمانتاری و گوزەران بەسەر ئەو چاوپێکەوتنەدا، لەگەڵ مامۆستا ڕێککەوتین درێژە بە چاوپێکەوتنەکە بدەین و بزانین بۆ دەستی لە پەرلەمانتاری کێشایەوە و زۆر پرسیار و دەمەتەقێی دیکەیش بکەین.



هەولێرنامەی کتێب

**لە چاوپێکەوتنی پێشووماندا، ئێوە وتتان ئەگەر نەتوانن، لە پەرلەمانی کوردستان، پارێزگاریی لە بەرنامەکەتان «بەرنامەی لیستی کوردستانی» بکەن و پابەندی ئەو بەڵێنانە بن، کە بە خەڵکتان داوە، دەست لەکار دەکێشنەوە. بینیمان وازتان لە پەرلەمانتاری هێنا، پەرلەمانتان چۆن بینی؟ هۆکارەکانی وازهێنانتان چی بوون؟**

**ڕەفیق سابیر:** پەرلەمانی کوردستان، بەگوێرەی بڕیاری ژمارە یەکی ساڵی ٢٠٠٥ی پەرلەمان، مەرجەعی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی هەرێمی کوردستانە، واتا هیچ دەسەڵاتێک لەسەرووی پەرلەمانەوە نییە، بەڵام ئایا ڕێز لەم بڕیارە گیراوە؟ ئایا ڕێگە دراوە و دەردێت، پەرلەمان ئازادانە کارەکەکانی خۆی بکات؟

ساڵانێکە پەرلەمان، بە مەبەست پەراوێز دەخرێت، لاواز و بێدەسەڵات و زەبوون دەکرێت، بۆ ئەوەی نەتوانێت چاودێریی دەزگاکانی حکومەت و لێپێچینەوە لە دەسەڵات بکات، یاسا و بڕیارەکانی خۆی بسەپێنێت و سنوورێک بۆ فەسادی و بێدای دابنێت.

لیستی کوردستانی، لە کاتی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ کۆمەڵێک بەڵێنی گرنگی بە خەڵک دا، لەوانە سەردارکردنی یاسا، پێشخستنی دیموکراتی، چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی،

یەکخستنەوەی دەزگاکانی حکومەت.. تاد، بەڵام زۆربەی بەڵێنە گرنگەکان، وەک قسەی رووت مانەوە. لەوەش زیاتر، هەوڵ درا پەرلەمان لاوازتر و بێدەسەڵاتتر بکرێت، لە جیاتیان شوێنێکی تر، دەسەڵاتیکی تر، بە نایاسایی و بە زەبری هێز، بکرێتە سەرچاوەی بڕیار و مەرجەعی گەلی کوردستان. واتا هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی تاکەکەسێکدا، سەرۆکی ئەو کاتەی هەرێمی کوردستان، چڕ بکرێنەوە. ئەمەش بۆ خۆی یاساشکێنی و بەرهەمی عەقڵییەتی تاکحزبی بوو، کە لەگەڵ دیموکراتی و سیستمی پەرلەمانیدا ناگونجێت.

بۆ زەمینەخۆشکردنی ئەم کارەش، فراکسیۆنی کوردستانی، کە من ئەندامی ئەو فراکسیۆنە و سەرۆکی لیژنەی نەزاهەت بووم، دەیویست، بە هێزی زۆرایەتی، یان وەک من هەندێکجار دەمووت بە قامچیی زۆرایەتی، هەندێک بڕیار و یاسای نادیموکراتیانە و تەنانەت ترسناک، بسەپێنێت و رێگا لە دەرچوونی یاسای دیموکراتانە بگرێت، بێئەوەی بایەخێک بە را و سەرنجی ئۆپۆزیسیۆن و لایەنەکانی تر، یان بە بەرنامەکەی خۆی و پرسی دیموکراتی و بەرژەوەندیی خەڵک، بدات. پرۆژەیاساکان سەرەتا، لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی کوردستانی، باس و لێدوانیان لەبارەوە دەکران. کاتێک بەشێک لە

پەرلەمانتارانی یەکێتیی نیشتمانی دژی دەوەستانەوە، پارتی پەنای بۆ بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دەبرد، ئەوانیش فشاریان بۆ پەرلەمانتارانی یەکێتی دەهێنا تا پرۆژەیاساکە تێپەڕێنن. ئەم فشارانە پەیوەندییان بە منەوە نەبوو، چونکە نە ئەندامی یەکێتی بووم، نە هیچ جۆرە بەرژەوەندییەکی تایبەتم لەگەڵ هیچ لایەنێکدا هەبوو، بیپارێزم.

لەو دوو ساڵ و چەن مانگەی من لە پەرلەمان بووم، چەند یاسایەکی مەترسیدار و نادیموکراتیانە و دژ بە ئازادی و بەرژەوەندیی گەلی کوردستان، دژی چاکسازی و سەروەربوونی یاسا، سەپێدران. من دژی ئەو یاسایانە دەنگم دا، لام وایە جارێکشیان لە کۆبوونەوەکە بەشدار نەبووم. هەموو جارێکش هۆکاری دژایەتیکردنی ئەو جۆرە پرۆژەیاسایانەم باس دەکرد، لەناو پەرلەمان و زۆربەی جاریش لە میدیاکاندا، مەترسییەکانی پرۆژەیاساکەم بۆ رەوشی دیموکراتی و داهاتووی هەرێمی کوردستان، بۆ رای گشتی، روون دەکردەوە. بۆ نموونە یاسای خۆپیشاندان و کۆبوونەوە گشتییەکان، کە لەناوەڕاستی نۆڤەمبەری ٢٠١٠ سەپێندرا. ئەم یاسایە خۆپیشاندان، لە مافێکی گشتییەوە، بە رەزامەندی (نەک ئاگادارکردن)ی دەسەڵاتەوە، دەبەستێتەوە. واتا لەناوەڕۆکدا، مافێکی سروشتی

خەڵک، زەوت دەکات. ئایا کام دەسەڵاتی نادیموکرات و ئیستبدادی، هێندە میەرەبان یان گەمژەیە، ڕێگا بە خەڵک بدات، بە خۆپیێشاندان، فشاری بۆ بەرن، تا مافە زەوتکراوەکانیان وەربگرنەوە؟! لەو کاتەوە تا ئێستا، ئەم یاسایە چەندان جار، وەک تیلا و قامچی، دژی خۆپیشاندەران، بەکار هێندراوە و بە بەهانەی ئەوەی خۆپیێشاندەران مۆڵەتیان وەرنەگرتووە، بە توندی پەلامار دراون، بەڵام هێشتا یاساکە ڕووە تاریک و ترسناکەکەی بە تەواوی دەرنەخراوە. بە باوەڕی تـەواوەوە دەڵێم ئەم یاسایە ناشەرعییە، چونکە بە دەنگ و ئیرادەی کەمایەتییەک لە پەرلەمان تێپەڕێندراوە. لە کۆی ١١١ ئەندام پەرلەمانتار، تەنیا بە دەنگی ٤٥ پەرلەمانتار سەپێندراوە، چونکە تەنیا ٧٥ پەرلەمانتار ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون. ئەوانی تر خۆیان لە کۆبوونەوەکە دزییـەوە. سەپاندنی کەڵەگاییانەی پرۆژە یاساکە، بە دەنگی کەمایەتی، نـاڕەزایـی و بێزارییـەکی فـراوانـی لـە هەرێمی کوردسـتان دروسـت کـرد. دوای ئـەوە، لـە چەند کەناڵێکی ڕاگەیاندنەوە، باسی خراپی و ترسناکی یاساکەم کرد و داوام لەسەرۆکی ئەو کاتەی هەرێم کرد، کە پەسندی نەکات و بینێرێتەوە بۆ پەرلەمان. لە لێدوانێکدا، ڕۆژی ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠ بۆ کەناڵی تەلەڤزیۆنی کەی ئێن ئێن و سایتی سبەی

وتم «ئەگەر بەو شێوەیەی ئێستا پرۆژە یاسای خۆپیشاندان و کۆبوونەوە گشتییەکان پەسند بکرێت، ئەوا هەنگاوێکە بەرەو دواوە و سەرەتای شکستی پرۆسێسی دیموکراتییە، لە هەرێمی کوردستان... بۆیە بە گرنگی دەزانم و هیواداریشم کە سەرۆکی هەرێم ئەو پرۆژە یاسایە بگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی دەرفەتێک بداتە پەرلەمانتاران زیاتر گفتوگۆی لەبارەوە، بکەن، چونکە ناکرێت بە یاسا ئازادیی خەڵک سنووردار بکرێت، بە پێچەوانەوە پێویستە ئێمە ماف و ئازادیی خەڵک بە یاسا بچەسپێنین».

داواکاریی ئێمە و سەدان هەزار کەس، کە دژی ئەم یاسایە بوون، ڕەت کرایەوە. ئەم یاسایە غەنیمەتێک بوو دەستی هەندێک لایەن، یان تێکڕای دەسەڵاتی سیاسیی کەوتبوو، ئامادە نەبوون دەستبەرداری بن. بەڕای من یاسای زەوتکردنی خۆپیشاندان، زەمینەی خۆپیشاندانەکانی حەڤدەی شوباتی ٢٠١١ی زیاتر ئامادە کرد. تەنیا دوو مانگ و چەند ڕۆژێک، دوای پەسندکردنی یاساکە، لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، خۆپیشاندانەکان دەستیان پێ کرد.

یاسایەکی تری فرەترسناک، یاسای ئاژانسی پاراستن بوو، کە بەبێ سەرپەرشتی و چاودێریی حکومەت و پەرلەمان کار دەکات و ڕێگا بەو دەزگایە

و سەرۆکەکەی دەدات، هەر کەسێکی بوویێت، تەنانەت سەرۆکی حکومەتیش، پەلبەستی بکات، بێ ئەوەی هیچ دەزگا و لایەنێک بتوانێت لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات، یان بزانێت ئەم دەزگا تۆقێنەرە سەدان ملیۆن دۆلاری خەڵک، کە بۆی تەرخان دەکرێت، چۆن و بۆچی خەرج دەکات!! ئەمە شتێکی فرە ترسناکە، چونکە ئەم دەزگایە، لەسەرەتای حەفتاکانەوە، بە دەزگایەکی تۆقینەر و بەدناو ناسراو بوو، ئەو کاتە تۆمەتی ئەشکەنجەدان و کوشتنی دەیان کەسی درابووە پاڵ، لەوانە کۆمەڵێک کادیری جوامێر و دڵسۆزی حیزبی شیوعی هەبوون، کە هاوشاری و هاوڕێ و ناسیاوی من بوون.

هەروا پرۆژە یاسای داواکاری گشتی، کە بە هەماهەنگی نێوان دەستەی داواکاریی گشتیی هەرێم و دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی و لیژنەی نەزاهەت، ئامادە کرا و نێردرایە پەرلەمان، ڕەتکرایەوە و ڕێگە نەدرا ئەم دەزگا گرینگە سەربەخۆ و ئازاد کارەکانی بکات. ئەوەتا ئەمڕۆ، لەم هەموو فەسادی و چەتەیی و تالانکردنی داهات و سامانی سەرزەوی و بنزەوی کوردستان بێ دەنگە و وەک پاسەوانی دەسەڵات، لەسەر ئەو مەسەلانە دێتە دەنگ، کە دەسەڵات مەبەستیەتی. ئەم پرۆژەیاسایە تەنیا بە دەنگی تەنیا (٥٢) ئەندام ڕەتکرایەوە!! ئەمەش

گولـــەیەکی تر بـوو بە دیموکراتی و سیستمی دادەوە نرا. خەڵکی کوردستان، دەبێت تا ساڵانێکی زۆر، باجی ئەو بڕیارەی پەرلەمان بدەن، چونکە دەزگای داواکاری گشتی، لە بری ئەوەی دەزگایەکی سەربەخۆ بێت و داکۆکی لە بەرژەوەندیی گشتی بکات، کرایە دەزگایەک/ئامرازێکی تری دەسەڵات و ناتوانێت لێپێچینەوە لە دەسـەڵات بکات، چونکە دەبێـت بە مـۆڵـەت و فرمانی وەزارەتـــی داد و دەسـەڵات ئـەو کارەکە بکات. بە کورتی دەزگای داواکاری گشتی گڵۆپێکە، بەڵام پلاکەکەی بەدەست دەسـەڵاتـەوەیـە. کـەی بیەوێت هەڵی دەکـات، کەی نەیەوێت دەیکوژێنێتەوە.

دوای ڕێگرتنی پەرلەمان لە دەرچوونی قانوونەکە، ڕۆژی ٢٩-٦-٢٠١٠ ئەم کورتەنووسینەم، لە ژمارە ٢٣٠ ڕۆژنـامـەی ئـاوێـنـەدا، بـڵاو کـــردەوە. ئەگەر دەرفەت هەبێت، حەز دەکەم لێرەدا، وەک خۆی، بڵاو بکرێتەوە:

«هەفتەی رابـردوو پەرلەمانی کوردستان، لە دانیشتنی ئاسایی ژمـارە (١٥)ی خولی سێیەمیدا، لەسەر داوای لیژنەی یاسایی و بەدەنگی کەمتر لە نیوەی ئەندامان (تەنیا ٥٢ دەنگ) بڕیاری دا لێدوان لەبارەی پرۆژەی یاسای داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان ڕەت بکاتەوە.

ئەم بڕیارە بە پەلەیە بۆ ئێمە، لە لیژنەی دەستپاکی (نـەزاهــەت)ی پـەرلـەمـان، جێگای سـەرنج بـوو، چونکە پێشتر، بە نووسراوێکی ڕەسمی، داوامان لەسەرۆکایەتیی پەرلـەمـان کـردبـوو کـە لـێدوان، لەبارەی ئەم پـرۆژە یاسایە، بخاتە دانیشتنەکانی سـەرەتـای هەفتەی داهـاتـوو، بۆ ئـەوەی ئێمەیش راپۆرتی خۆمان لەبارەیەوە بەتەواوی ئامادە بکەین.

ئێمە لەسەرەتای دانیشتنەکەدا هەستمان کرد کە سەرۆکایەتیی پەرلەمان وەک پێویست پێشنیازی لیژنەکەمان بە گرنگ وەرناگرێت، بۆیە لەبەردەم ئەندامانداا باسی گرنگی پرۆژە یاساکەمان کرد و پێشنیازی لیژنەی دەستپاکیمان دووبـارە کردەوە. لەهەمانکاتدا روونمان کردەوە کە دەستەی داواکاری گشـتـی، لـە دوو کـۆبـوونـەوەی تـایـبـەتدا لـەگـەڵ لیژنەکەمان، باسی هەندیک گرفتی دەستەکەیانیان کردووە و داوا دەکەن، کە پەرلەمان بە یاسایەکی نـوێ ئـەو گرفتانەیان بۆ چـارەسـەر بـکـات، بـەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە جۆرێکی بێلایەنانە و ئۆبجێکتیڤانە رەفتاری لەگەڵ پێشنیازی ئێمە و لیژنەی یاساییدا نەکرد، بەڵکو لایەنگرانە پێشنیازەکەی لیژنەی یاسایی خستە دەنگدانەوە، کـە پـێدەچـوو پێشتر زەمـیـنـەی سـەرخستنی بۆ ئامادەکرابێت.

**رەتکردنەوەی بە پەلەی ئەم پرۆژە یاسایە چەند راستییەک دەر دەخات:**

**یەکەم**-لە کوردستاندا هێشتا (کە نە یاسا سەروەرە، نە دادگا سەربەخۆیە و نە هاوڵاتییان لەبەردەم یاسادا یەکسانن) هۆشیارییەکی یاسایی، لەبارەی گرنگی دەزگای داواکاری گشتی، دروست نەبووە. لە هەمانکاتدا ئیرادەیەکی سیاسی نییە بۆ ئەوەی دەزگایەکی سەربەخۆی لەم جۆرە پێک بهێندرێت و بەپێی یاسایەکی تایبەت، کار بۆ سەرداربوونی یاسا و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بکات و بتوانێت، لەکاتی پێویستدا، وەک نوێنەری بەرژەوەندی و مافی گشتی، هەر هاوڵاتییەکی کوردستان، لە هەر پلەو پۆستێکدا بێت، بداتە دادگا.

**دووەم**- پەرلەمانی کوردستان تەنیا یاسای گرنگ و بەسوود بۆ کوردستان دەرناکات، بەڵکو ئەگەر بەرژەوەندیی حزبایەتی بخوازێت، دەتوانێت بە زەبری هێزی زۆرایەتی، دەرچوونی ئەو جۆرە یاسایانەش دوا بخات، کە زەمینە بۆ سەرداربوونی یاسا، لە کوردستاندا، خۆش دەکەن.

**سێیەم**- پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کە ساڵی ١٩٩٢ دانراوە و دواتر کەمێک هەموار کراوە، بە عەقڵییەتێکی نادیموکراتیانە و تەنانەت عەسکەرییانە دارێـــژراوە، بۆیە لایەقی پەرلەمانێک نییە کە

نوێنەرایەتیی خەڵک بکات. بەپێی ئەم پەیڕەوە ناوخۆیە، زۆربەی دەسەڵاتەکان لە دەستی سەرۆکی پەرلەماندا کۆ کراونەتەوە. بەڕێزی ئەگەر بیەوێت دەتوانێت وەک دیکتاتۆرێک رەفتار بکات و مافی ئەندامانی پەرلەمان پێشێل بکات و تەنانەت بە بێ هۆکار کۆبوونەوەکانی پەرلەمان دوا بخات. لەکاتێکدا لە سیستمی دیموکراتیدا ئەندام پەرلەمان سەنتەرە و سەرۆکی پەرلەمانیش ئەندامێکە، بەڵام کار و کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بەڕێوە دەبات. بۆیە پێویستە پەرلەمانی کوردستان، پێش ئەوەی یاسای تر بۆ وڵات دابنێت، چارەسەری ئەم گرفتە کوشندەیەی خۆی بکات و بەپێی یاسایەکی نوێی دیموکراتانە کارەکانی خۆی رێک بخاتەوە.

ئەم جارەیان پرۆژەی یاسای داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان رەت کرایەوە، بەڵام کارکردن بۆ سەرداربوونی یاسا و پاراستنی بەرژەوەندی و مافی گشتی، لەناو پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەماندا، هەر بەردەوام دەبن.

«نووسینەکە تەواو بوو»

بە کورتی پەرلەمانی کوردستان، لە مەرجەعی بریاردانی چارەنووسی گەلی کوردستانەوە، بەرەو خۆکوشتن، پەلکێش دەکرا، بۆ ئەوەی بکرێتە کارخانەی

دروستکردنی دیکتاتۆریا. لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەماندا، بە دەنگی بڵند، هۆشداریم دا کە تارمایی دیکتاتۆریا، بە هەرێمی کوردستاندا دەسووڕێتەوە.

سەرەنجام من لەناو پەرلەماندا خۆم بە نامۆ دەهاتە بەرچاو. وردە وردە بەو باوەڕە گەیشتم کە هێشتا، لە کوردستاندا، ئیرادەیەکی سیاسی بۆ چاکسازی و بەرەنگاریکردنی گەندەڵی، دروست نەبووە، بەڵکو ڕێگری لەم کارانە دەکرێت. بۆ نموونە چەندان جار، لە لیژنەی نەزاهەت، داوای ئەو ڕاپۆرتانەی دیوانی چاوێریی دارایی سلێمانیمان کرد، کە لەبارەی گەندەڵییەوە، بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان ناردبوونی، بۆ ئەوەی بەدواداچوونیان بۆ بکەین، کەچی سەرۆکی پەرلەمان نەیهێشت بیان بینین. یان کاتێک ویستمان بەدواداچوون بۆ چۆنیەتیی خەرجکردنی دەیان ملیۆن دۆلار بودجەی پەرلەمان، بکەین، کە تەخشان و پەخشان دەکرا، هەروا بەدواداچوون بۆ دامەزراندنی هەندێک فەرمانبەری پەرلەمان بکەین، کە بەپێی ڕۆژنامەیەکی ئەهلی، بە نایاسایی دامەزرێندرابوون، سەرۆکی پەرلەمان پێشی پێ گرتین و نەیهێشت ئەم کارە بکرێت. من ئەو کاتە بە چەند ئەندامێکی لیژنەکەم وت، ئەگەر نەهێڵن پۆخڵەواتی دەوروپشتی خۆمان، پەرلەمان، پاک بکەینەوە چۆن ڕێگەمان دەدەن دەست بۆ

دەزگاکانی تر بەرین. ئەو دەمە دەمویست دەست لەسەرۆکی لیژنەی نەزاهەت هەڵگرم، بەڵام لەسەر داوا و پێشنیازی هەندێک هاوڕێ و چەند ئەندامێکی لیژنەکەمان ئەم کارەم دواخست.

بەڵام دوای ڕووداوە خوێناوییەکەی ١٧ی شوباتی ٢٠١١ لە سلێمانی و دەستڕێژیکرن لە خەڵکی مەدەنی، کە لە بنەڕەتدا بۆ پشتگیریکردنی خەڵکی ڕاپەڕیوی میسر و لە دژی گەندەڵی، لە کوردستاندا، خۆپێشاندانیان کردبوو، مانەوەم لە لیژنەی نەزاهەت بێ مانابوو. بە تایبەت کە هەرسێک سەرۆکایەتییەکەی هەرێم (سەرۆکایەتیی پەرلەمان و حکومەت و هەرێم) و تەنانەت بزوینەوەی گۆڕانیش (لەبەر ترسنۆکی و بودەڵەیی) لە بەیاننامەکانیاندا، خۆپێشاندەرانیان مەحکوم کرد و بە ئاژاوەگێڕ و فیتنەساز ناویان بردن، وەک ئەوەی ئەوان خوێنی لاوانی کوردستانیان ڕشتبێت! ئەم هەڵوێستە، لەناوەڕۆکدا، سروشتی ناعادیلانە و نابەرپرسانەی دەسەڵاتی سیاسی و ترسنۆکی و بودەڵەیی ئۆپۆزیسۆنی دەرخست و ڕەوایی بە گولەبارانکردنی خۆپێشاندەرانی مەدەنی بەخشی.

ئەو کاتە پشووی زستانەی پەرلەمان بوو. من بە سەردان چووبووم بۆ سوید. کاتێک هەواڵەکەم بیست، یەکسەر گەڕامەوە کوردستان. ڕۆژی

هەولێر کتێب

٢٠١١/٢/٢١ بە ڕاگەیاندراوێکی نووسراو، وازم لەسەرۆکی لیژنەی نەزاهەت و ئەندامێتیی لیژنەکە هێنا. چوومە ناو خۆپیشاندەرانی بەردەرکی سەرای سلێمانی و لە سەکۆی ئەوانەوە وتم: وا ئاژاوەگێڕێک (یان گێرەشێوێنێک)ی تریش هاتە ناوتانەوە!!

لە نامەی وازهێنانەکەمدا هاتبوو «من کە یەکێکم لە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە پەرلەمان و سەرۆکی لیژنەی نەزاهەم، بە فەرمی و لەڕێگەی ئەم نامەیەوە رایدەگەیەنم کە لە بەرانبەر خوێنی بە ناهەق ڕێژراوی جوانەمەرگان ڕێژوان عەلی و سورکێو زاهیر و هاوڕێ بریندارەکانیاندا، کە بە هەق قوربانییانی خەباتی دژە گەندەڵین، لام شەرمە سەرۆکی لیژنەیەک بم لە پەرلەماندا، کە گوایە بۆ دژایەتیی گەندەڵی پێک هێندراوە. من مۆراڵی ئینسانیم و گیانی کوردایەتی و پەیامی شاعیرانەم، ڕێگەم پێ نادەن ئەم زوڵمە گەورەیە قەبووڵ بکەم و سەرۆکی لیژنەیەکی پەرلەمانیی دەستبەستراو بم. هەر بۆیە بەم نامەیە بەڕێزتان ئاگادار دەکەمەوە، کە لەم ساتەوە هیچ پەیوەندییەکم بە لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانەوە نییە».

ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ وازهێنان لە پەرلەمان. ڕۆژی ٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١١ کۆتاییم بە کاری

پەرلەمانتاری هێنا و ئەم نووسراوەم بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان نارد:

بۆ/ سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ دەستلەکارکێشانەوە

لەسەرەتای تەمەنی لاوێتیمەوە وەک شاعیر و نووسەر، کێشەی نیشتمانیی نەتەوەکەم و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئازادی، هەمیشە خەون و ئامانجی من بوون، تەواوی کار و بەرهەمەکانیشم هەڵگری ئەم خەون و ئامانجانە بوون. لە هەر جێیەکیش هەستم کردبێ کە دەرفەتی ئەوەم پێ نادرێت، وەک پێویست، کار بۆ ئەو خەون و ئامانجانە بکەم، خۆم لەناو هیچ دەزگا و دامەزراوەیەکی سیاسیدا بەند نەکردووە.کاتێکیش قبووڵم کرد کە، وەک کەسێکی سەربەخۆ، بۆ پەرلەمانی کوردستان کاندید بکرێم، پێموابوو پەرلەمان، وەک بالاترین دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا، دەتوانێت شێوازی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بەرەوپێش بەرێت و سەروەریی یاسا و پاراستنی ئازادی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و پێشگرتن لە بێدادی بکاتە ئامانجی سەرەکیی خۆی. ئێمە لە کاتی هەڵبژاردنیشدا بەم هیوا و بەڵێنانەوە، روومان لە خەڵکی کوردستان کرد.

بەڵام بەداخەوە پەرلەمانی کوردستان هێشتا لە پەرلەمانی گەلێک ناچێت کە سەدەیەکە بۆ ئازادی و دادپەروەری خەبات دەکات و لەم پێناوەدا سەدان هەزار قوربانیی داوە.

ئەو شێوە کارکردن و بەڕێوەبردنەی، لە ماوەی ئەزموونی دوو ساڵی رابردوومدا، لە پەرلەمانی کوردستاندا بینیوومن، بە ئەندازەیەک لە بارەی رۆحی و ویژدانییەوە نیگەرانیان کردووم، کە نەتوانم لەوە زیاتر درێژە بە کارەکەم بدەم، بۆیە بەم نامەیە بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەم لە پەرلەمان، بە ئێوە و هاوڕێ پەرلەمانتارەکانم و رای گشتیی کوردستان، رادەگەیەنم.

**بەگشتی ئەزموونی پەرلەمانی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**رەفیق سابیر**: پەرلەمانی کوردستان، لەسەرەتادا، جێگای هیوای خەڵکی کوردستان بوو. کۆمەڵێک یاسای باش و بەسوودی، بۆ هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی وەزارەت و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان، پەسند کرد، بەڵام سەپاندنی دەسەڵاتی حزب، بەسەر پەرلەمان و حکومەت و کۆمەڵدا، پەرلەمانی بەرەو لاوازبوون برد. لە ئەنجامدا پەرلەمانیش، وەک دەزگاکانی تری حوکمڕانی، بۆ نموونە پێشمەرگە و هێزی چەکداری، دادگا،

خوێندن و پەروەردە، زانکۆکان، و تاد، دەستی بەسەردا گیرا.

ئەزموونی پەرلەمانی کوردستان پێشانی داین، ئەگەر لە وڵاتێکدا دەستوور نەبێت، یاسا سەروەر نەبیت، دەزگای بەکار و بەهێزی دەوڵەت، دانەمزرێندرابن، یان نەتوانن دەستوور بپارێزن و یاسا سەروەر بکەن، پەرلەمان مانای نامێنێت. درەنگ یان زوو، دەکرێتە دیکۆرێک، یان ماسکێک، بۆ داپۆشینی روخساری ناشرینی دەسەڵات. سەرەنجام وەک ئامرازێک، دژی دیموکراتی و خەڵک بەکار دەهێندرێت.

پەرلەمانی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان، بەتەنگ پەیرەوکردنی یاساکان و سەروەریی یاساکانەوە نین. چاویان لە ستەم و بێدای و زەوتکردنی سیستمی داد و زەبوونکردن و کودێتاکردن بەسەر پەرلەماندا پۆشیوە. پەرلەمان خۆی لە دەستدرێژییە بێ سنوورەکانی دەسەڵات بێ دەنگە، بۆچی؟ ئاشکرایە لەبەرئەوەی هەموو لایەنەکان، لەو نێچیرە راوکراوە، کە ناوی هەرێمی کوردستان، یان موڵک و داهات و سامانی زەوتکراوی گەلی کوردستانە، پشک و بەشیان هەیە. سەدان هەزار دۆنم زەویوزاری کوردستان، کە بایی دەیان ملیار دۆلار دەبن، وەک غەنیمەت،

دەستیان بەسەردا گیراوە. یان پەرلەمان خۆی، بە «یاسا» و بە بەهانەی وەک وەبەرهێنان، ڕەوایی بە تاڵانکردنیان داوە و بەرگی یاسایی بۆ دووریون. هەر شتێک بە زەبری هێز دەستی بەسەردا بگیرێت چەتەییە، چەتەیی بە (یاسا)ی هێز ڕەوا ناکرێت. تاڵانکردنی ئاشکرای نەوت و غاز و سامانی کوردستان و دزینی مووچەی کارمەندان، بنەماڵەی شەهیدان، خانەنشینان و کەمئەندامان وێرای ستەم و تیرۆر و سەردارکردنی یاسای جەنگەڵ، هیچ بایەخ و مانایەکیان بۆ پەرلەمان و تەنانەت سیستمی داد و تێکڕای سیستمی حوکمڕانی نەهێشتووەتەوە. بۆیە سەیر نییە، دوای نزیکەی سیی ساڵ ئەزموونی پەرلەمان و حوکمڕانی، دوای ئەو هەموو یاسا و بڕیارە پەرلەمانییانە، لە جیاتی دەستوور و دامەزراندنی دەزگای نەتەوەیی و بناخەی دەوڵەت، تازە کولتووری بارەگا، کە بەرهەمی ڕۆژانی ڕەشی شەڕی نێوخۆ و خەباتی چەکداری و چەتەگەرییە، بۆ هەرێمی کوردستان، دەگەڕێندرێتەوە.

بە کورتی ئەزموونی پەرلەمانی و تێکڕای ئەزموونی حوکمڕانی، لە هەرێمی کوردستان، شکستیان هێناوە. من پێش چەند ساڵێک و لە چەند نووسین و دیدارێکدا وتوومە، کە هەرێمی کوردستان لەناو دەستێکی پاک و ئەمیندا نییە.

دەســـەڵات وەک داگیرکـەرێـک، گـەلی کـوردی بە بارمتە گرتووە و هەرێمی کوردستانی وەک غەنیمەتێکی پێنچ ئەستێرەیی زەوت کردووە. بۆیە خۆی بە خاوەنی وڵاتەکە نازانێت، بە پەلە و بە هەڵپەوە، وڵاتەکە تاڵان دەکات. هەرچی لە هەرێمی کوردستان پارەی تێدا بێت، یان پارە بکات، دەستیان بەسەردا دەگرێت، یان هەراج دەکرێن. هەرچی پارەی تێ بچێت، بەتایبەت پـرۆژەی گرنگ و ژێرخانی ئابووری، ڕێگاوبان، قوتابخانە، نەخۆشخانە، هونەر و ئەدەبیات و کولتوور، پشتگوێ دەخرێن. ئێستا نۆرەی هەراجکردنی دەزگاکانی دەوڵەت و باڵەخانە و کەلوپەلەکانیانە، بە کۆمپانیاکانی خۆیان. داوا لە خەڵکی کوردستان و نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق دەکـەم کە لە ڕێگای پەرلەمانی عێراق و دادگـای دەسـتووری و دادگاکانی تری عێراقەوە، پێش بە هەراجکردنی دەزگاکانی حکومەت بگرن.

**جەنابتان ماوەیەک لە دامـەزراوەی کوردۆلـۆجی بـوون لە سلێمانی، ئەم دامەزراوە چۆن دامەزرا؟ چۆن ئەو ئەزموونەتان دەستپێکرد و بۆچی لەوێش وازتان هێنا؟**

**ڕەفیق سابیر**: مەڵبەندی کوردۆلۆجی، لە کۆتایی ساڵانی نەوەتەکانی سـەدەی پێشوو، دامەزرێندرا، بەڵام سەر بە زانکۆی سلێمانی بوو. بارەگاکەی لە

خانویەکی کۆن، نزیک فولکەی کانێسکان و هەمان جێگای ئێستای بوو، بەڵام ستافی کار و بودجەی تایبەتی خۆی نەبوو. بۆیە بێ پلان و چالاکی، وەک ناوێکی بێ ناوەڕۆک، مابووەوە.

پێش ئەوەی دەست بە کارکردن لەو سەنتەرە بکەم، داوام کرد ئەو سەنتەرە لە زانکۆ داببڕدرێ، وەک دەزگایەک ڕاستەوخۆ، بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ببەسترێتەوە. بەکورتی سەنتەرەکە لە بنەڕەتەوە، بە جۆرێکی تر، دابمەزرێندرێتەوە. ئەمە کارێکی ئاسان و بێ کۆسپ نەبوو، بگرە گرانیش بوو، بەڵام کاک عومەر فەتاح، کە ئەو دەمە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی سلێمانی) بوو، لە گرنگی پرۆژەکە گەیشتبوو، پشتگیری کرد. بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی لە دوکتۆر ئەختەر نەجمەدین، وەزیری خوێندنی باڵا، دوکتۆر شەونم وەزیری پەروەردە، دوکتۆر گەزنەیی، وەزیری ئەوقاف و دوکتۆر محەمەد دلێر، ڕاگری کۆلێجی ئاداب، پێک هێنا، تا پێکەوە باسی ئەم مەسەلەیە بکەین. دوای ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆک و ئامانج و گرنگیی پرۆژەکە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان، ئەوانیش بە باشیان زانی سەنتەرەکە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێت، نەک زانکۆی سلێمانی.

ڕۆژی ٨ی ئاداری ٢٠٠٦ بە بڕیاری ژمارە ١٣٦ سەنتەری کوردۆلۆجی دامەزرێندرا. لە مادەی دووەم، بڕگەی ١ ی بڕیارەکە هاتبوو (دامەزراندنی مەڵبەندێکی ئەکادیمی بە ناوی مەڵبەند (سەنتەر) ی کوردۆلۆجی لە هەرێمی کوردستان) کە جێگەی ناوەندی کوردۆلۆجی سەر بە زانکۆی سلێمانی دەگرێتەوە، لە گشت ئەرک و مافەکانیدا و خاوەنی کەسایەتیی مەعنەویی یاسایی و سەربەخۆیی کارگێڕی و دارایی خۆی دەبێت و ڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە و دەتوانێت هەموو ڕەفتارێکی یاسایی ئەنجام بدات، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی. ناوەندی سەرەکیی مەڵبەند لە شاری سلێمانی دەبێت و بۆی هەیە لقی خۆی لە شارەکانی تری هەرێم و دەرەوەیدا بکاتەوە). هەر بەپێی ئەم بڕیارە (ناوەندی کوردۆلۆجی سەر بە زانکۆی سلێمانی، بە سەرجەم ماڵ و موڵکی گواستراوە و نەگواستراوە و فەرانبەرانی دەگوازرێنەوە بۆ سەر میلاکی مەڵبەند.

بڕیاری دامەزراندنی کوردۆلۆجی، زیاتر لە چوار مانگی پێ چوو. من نزیکەی سێ ساڵ و نیو سەرۆکی مەڵبەندەکە بووم، دوای ئەوە دیسان، لەژێر فشاری پارتیدا، خرایەوە سەر زانکۆی سلێمانی. کاتێک دەستم بە کارەکە کرد، تەنیا کارمەندێک و سێ باجی

هەوڵاتیەی کتێب

و سێ پاسەوان، لەوێ مانەوە، ئەوانی تر چوونەوە زانکۆ. دەبوو کارمەند و توێژەر و وەرگێر پەیدا بکەین، بەشی ئیداری، دارایی، وردبینی، کۆمپیوتەر و توێژینەوە و وەرگیڕان و دابمەزرێنین و سەنتەرەکە سەقامگیر ببێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لە ماوەی دوو ساڵدا، وەک رۆژی ٢٠ی ئەیلولی ٢٠٠٨ لە گۆڤاری هەفتەنامە، وتوومە (نزیکەی بیست کتێب و یەکەم ژمارەی گۆڤاری (کوردۆلۆجی) بڵاو کرایەوە.

سەنتەرەکە پێویستیی زۆری بە چەند توێژەر و پسپۆڕ هەبوو، کە لەبری ئەوەی لە زانکۆ دەرس بڵێنەوە، بێن لە کوردۆلۆجی کار بکەن، کاتی خۆیان بۆ باس و لێکۆڵینەوە تەرخان بکەن، بەڵام دوو گرفتی سەرەکی هەبوون:

**یەکەمیان:** ئەوانەی خوێندنی دکتۆرایان تەواو کردووە و زۆربەی ئەوانەی بڕوانامەی ماجستێریان هەیە، لە زانکۆکان دادەمەزرێن. کەچی لە زۆربەی وڵاتانی دنیا، بەشێک لەو جۆرە پسپۆڕانە، لە سەنتەرەکانی باس و لێکۆڵینەوە، کار دەکەن، ئەگەر کات و دەرفەتیان هەبێت، یان زانکۆ زۆر پێویستی پێیان بێت، هەفتەی چەند سەعاتێک لەوێ دەرس دەڵێنەوە. بۆیە لەو وڵاتانە، نەریت و پرەنسیپ و دیسپلینی باس و لێکۆڵینەوە، چەسپاو و بەهێزن و پشت بە نوێترین تیۆری دەبەستن. لە زانکۆکانی

هەرێمی کوردستان، بەم جۆرە نییە، باس و لێکۆڵینەوە لاواز و کەمبایەخ کراون. زۆربەی مامۆستایانی زانکۆ، بۆ تەرقیەکردن و وەرگرتنی تایتڵی زانستی، توێژینەوەیان بیر دەکەوێتەوە. بۆیە ئاساییە بەشێک لەو باسانەی بۆ ئەو ئامانجە دەنووسرێن، وەک پێویست بایەخی زانستی و ئەکادیمییان نەبێت. ئەمەش لە بنەڕەتدا خەتای سیستمی زانکۆکانی کوردستانە، کە لە نزمترین ئاستی ئەکادیمی و زانستیدان. هەروا ئەو زانکۆیانە لە کۆمەڵگای کوردستان و ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئەدەبی، هونەری و گرفتەکانی زمانی کوردی، خۆیان دابڕیوە و لە پەراوێزی کۆمەڵ و لە بورجێکی بەرزەوە، بۆ کۆمەڵ و گرفت و دیاردەکانی دەڕوانن. خوێندنی زانکۆ کراوەتە کەناڵێک بۆ وەرگرتنی بڕوانامە، نەک بۆ پێگەیاندنی پسپۆڕ و کادیری ئەکادیمی، زانستی، پەروەردەیی، ئابووری، تەکنیکی، ئیداری و سیاسی...تاد. چ کارەساتێکە کاتێک زۆرینەی دەرچوانی زانکۆ، دوای شازدە ساڵ خوێندن، ناتوانن بە کوردییەکی دروست و رەوان بنووسن، یان بیر و بۆچوونی خۆیان بە باشی و بە جۆرێکی رووناکبیرانە، بە کوردی، یان بە هیچ زمانیکی بیانی دابڕێژن. کۆڵەوارترین قوتابی و خوێندکاری زانکۆ و ماجستەر و دکتۆرا، لە بواری زانست و زمان و

زانینی زمانی بیاندا، لە وڵاتی ئیمەدا، کە کراوە بە جەهلستان، دەدۆزرینەوە.

**دووەم:** مامۆستای زانکۆ هەندێک ئیمتیازی هەبوو، لەوانە بەناوی خۆتەرخانکردنی زانستی، موچەکەی دووقات بوو. کەچی ئەگەر لە سەنتەرێکی باس و لێکۆڵینەوە خەریکی توێژینەوە بووایە، کارەکەی بە (خۆتەرخانکردنی زانستی)! دانەدەندرا و دەبوو وەک هەر فەرمانبەرێکی ئاسایی، مووچە وەربگرێت. بەپێی بڕیاری دامەزراندنی سەنتەرەکە، دەتواندرا چەند باسکارێک، بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بۆ ئەنجومەنی کوردۆلجی دابمەزرێندرێن، بەڵام زانکۆ بۆ ئەوان دڵگیرتر و سەقامگیرتر بوو، هەروا لە زانکۆ هەندێک ئیمتیاز هەبوو، لەوانە وەرگرتنی زەوی، دابەشکردنی ئەو خانووانەی کە بۆ مامۆستایانی زانکۆ دروست دەکران و نزیکەی ١٥٠ خانوویەک بوون.

**پێم وا بێت سەنتەری کوردۆلۆجی گرفتی تریشی تووش هات کە پەیوەندی بە بوونی ئەو سەنتەرەوە هەبوو؟**

**رەفیق سابیر:** بەڵێ، لە هەولێرەوە فشار دەهێندرا کوردۆلۆجی، وەک دەزگایەکی سەر بە ئەنجومەنی وەزیران، نەمێنێت و بخرێتە سەر ئەکادیمیای کوردی، کە پارتی دایمەزراندبۆوە. یان کوردۆلۆجی بخرێتەوە

هەولێرناسەی کتێب

سەر زانکۆی سلێمانی، بەڵام کاک عومەر فەتاح، کە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بەرپرسی ناوچەکانی ئیدارەی پێشووی سلێمانی بوو، قبووڵی نەدەکرد. کار گەیشتە ئەوەی، لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، پرۆژەیاسای کوردۆلۆجی، کە بە نووسراوی تایبەتی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بۆ پەرلەمانی کوردستان نێردرا، پێش ناردنی، دەستکاری بکرێت. لە پرۆژە یاساکەدا کوردۆلۆجی وەک دەزگایەکی سەر بە ئەنجومەنی وەزیران، ناسێندرا بوو، کەچی گۆڕیبوویان بەوەی کە کوردۆلۆجی لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی، یەک بگرێتەوە. ئەم دەستکاریکردنە، دوای ئیمزاکردنی نووسراوێکی هاوپێچی پرۆژە یاساکە، کە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، واژۆی کردبوو، هەروا لە پشتی کوردۆلۆجییەوە، کرابوو. بڕوانن حکومەتێک، لە پشت جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەکەیەوە، ئەم ساختەکارییە بکات، دەبێت چەند لەگەڵ گەلەکەی خۆی راستگۆ بێت؟!

لە کاتی ئامادەکردنی پرۆژە یاساکە، بۆ خوێندنەوەی یەکەم لە پەرلەمان، یاساناس کاک کەریم برادۆستی، کە ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بوو، تەلەفۆنی بۆ کردم، لێی پرسیم کە ئایا ئێمە لەگەڵ ئەوەین کوردۆلۆجی،

وەک لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە، لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی یەک بخرێتەوە؟ من حەپەسام. بۆ بەڕێزیم روون کردەوە کە شتی لەم جۆرە، لە پرۆژە یاساکەدا نەبووە و ئەمە تەزویر کراوە و لە پرۆژەیاساکەدا نووسراوە کوردۆلۆجی وەک خۆی بمێنێتەوە. بە پەلە کۆپییەکی تری پرۆژە یاسایەکەم بۆ نووسینگەی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ناردەوە و لە مەسەلەکە ئاگادارم کردن. پرۆژە یاساکە، دوای دووبارە ناردنەوەی، لە پەرلەمان خەوێندرا. پاش چەند مانگێک چووم بۆ لای سەرۆکی پەرلەمان، عەدنان موفتی. لەبەرچاوی چەند ئەندام پەرلەمانێک، لەبارەی پرۆژە یاساکە قسەم لەگەڵ کرد، بەڵام کاک عەدنان، بۆ خاتری پارتی، رازی نەبوو پرۆژە یاساکە بخاتە کاری پەرلەمانەوە. بەمەش هەڕەشەی نەهێشتنی کوردۆلۆجی وەک دەزگایەکی سەربەخۆ، زیاتر بوو.

لەلایەکی ترەوە ئەکادیمیای کوردی و سەرۆکەکەی، بایکۆتی کوردۆلۆجییان کردبوو. ئێمە بە نووسراو پێشنیازمان پێ کردن، لە هەندێک کار و بواری ئەکادیمیدا، پێکەوە هەماهەنگی و هاوکاریی یەکتر بکەین، بەڵام ئەکادیمیا، تەنانەت وەڵامی نووسراوەکەشیان نەدایەوە. ئەوان پێیان وابوو کوردۆلۆجی، وەک جێگرەوەی ئەوان لە سلێمانی،



هەولاتی کتێب

دروست کراوە. ڕاستییەکەی ئەمە بەهانە بوو. ڕەنگە هەندێک لەوان لەپشت ئەو هەڵوێستە توندەی ئیدارەی هەولێرەوە بووبن، کە بەرانبەر کوردۆلۆجی وەریان گرتبوو، یان بە پێچەوانەوە، سەرۆکی ئەکادیمیا بڕیاری حزبەکەی بەجێ گەیاندبێت.

ئەم هەڵوێستەی ئەکادیمیا ڕووناکبیرانە و زانستییانە نەبوو. بەرهەمی عەقڵییەتی تەسکی حزبی بوو. یان لەوەوە هاتبوو، کە هەندێکیان باوەڕیان بەخۆیان نەبوو، چونکە لەبەر هۆکاری حزبی، نەک لەبەر توانای زانستی و لێوەشاوەیی ئەکادیمی، لەوێ داندراون! ئێمە سەنتەرێکی باس و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان بووین، نەک ڕکابەری ئەوان. دەکرێت لە کوردستان چەندان سەنتەری لەم جۆرە هەبن، هەر یەکەشیان بە جیا کاری خۆیان بکەن.

دوای ئەم بێنە و بردەیە، ڕۆژێک، لام وایە سەرەتای ساڵی ٢٠١٩ بوو، دکتۆر شەفیق قەزاز، کە ئەو کاتە سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی بوو، هات بۆ لام لە کوردۆلۆجی. پێشنیازی پێ کردم کە کوردۆلۆجی لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی یەکبخرێت، منیش ببمە جێگری سەرۆکی ئەکادیما. من پێشنیازەکەم ڕەت کردەوە.

سەرەنجام کاتی دەستوەشاندن هات. جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لە کارەکەی نەما و

هەولێرنامەی گێڕ

عیماد ئەحمەد، خرایە جێگاکەی. لام وایە لە هەفتەی یەکەمی دەستبەکاربوونیدا تەلەفۆنی بۆ کردم تا یەکتری ببینین و باسی کوردۆلۆجی بکەین، وەک ئەوەی کوردستان، جگە لە مەسەلەی کوردۆلۆجی، هیچ گرفتیکی تری نەبێت. لەسەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، بە ئامادەبوونی کاک محەمەد قەرەداغی، بەرپرسی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران، یەکترمان بینی. کاک عیماد کوردۆلۆجی وەک گرفتێک لەنێوان یەکێتی و پارتی وێنا کرد و وتی تا ئێستا چەند جارێک لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسیی هەردوو حزب باس کراوە، دەبێ ئەم گرفتە چارەسەر بکرێت. من بۆم روونکردنەوە کە کوردۆلۆجی سەنتەرێکی باس و لێکۆڵینەوەیە، گرفتی بۆ کەس دروست نەکردووە و بەهانەی پێ دەگرن. پێشتر هەمان داوا لە کاک عومەریش کراوە، بەڵام رەتی کردۆتەوە و پارێزگاریی کوردۆلۆجی کردووە. کاک عیماد هەر پێی دادەگرت. گەیشتە ئەوەی وتی تۆ، بە هۆی کوردۆلۆجی زەرەر بە پەیوەندیی ئێمە و پارتی دەگەیەنێت. من بە زەردەخەنەیەکی گاڵتە ئامێزەوە وتم: لەوە دەچێت بە هۆی منەوە شەڕی نێوان ئێوە و پارتی هەڵگیرسابێت و من نەمزانیبێت!

تا دەهات دانیشتنەکە ناخۆشتر دەبوو. بیرم کردەوە ئەم کێشە دروستکراوە دوو ساڵ و نیو

زیاتره بەردەوامە. روو لە هەر جێیەک دەکەین، بازگەیەکمان بۆ داندراوە ڕێگامان پێ دەگرن. ئەگەر کوردۆلۆجی ماوەیەکی تریش، وەک ئێستا بمێنێتەوە، لەسەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، دەتواندرێت ناڕاستەوخۆ، بە جۆرێکی تر پەک بخرێت، چونکە کارەکانمان، لەوانە بودجە و دامەزراندنی توێژەر و کارمەندی پێویست و کاری تریش، دەبێت یان بە ڕەزامەندیی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، یان بە راوێژکردن لەگەڵ ئەواندا بکرێن. لەم بیرکردنەوانەدا بووم پێم وت: باشە من رازی دەبم بەو مەرجەی لە بڕیارەکەدا بنووسرێت کە ئەم بریارە بە هەماهەنگی و ڕێکەوتنی هەردوو سەرۆکی زانکۆ سەرۆکی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، جێ بە جێ دەکرێت.

من هیوام بەوە بوو کە بتواندرێت کوردۆلۆجی، بە بودجە و ستافی تایبەتی خۆیەوە، لەژێر چەتری ئەکادیمیی زانکۆ و چاودێریی ئیداری و دارایی زانکۆدا، درێژە بە کارەکانی بدات، هەر بەو جۆرەی هەندێک سەنتەری ئەکادیمی، لە سوید و ئەوروپا کار دەکەن. هەر لەوێ لەگەڵ کاک محەمەد قەرەداخی، بڕیارەکەمان نووسی (بڕیاری سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ٨١٠ی رۆژی ١٢-٣-٢٠٠٨)

کاتێک لەگەڵ سەرۆکی ئەو کاتەی زانکۆ، دکتۆر عەلی سەعید و جێگری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری ئیداری، دکتۆر فاروق، دانیشتین، دوکتۆر عەلی وتی (ناتواندرێت ئەم بڕیارە جێ بە جێ بکرێت، چونکە من و تۆ پلەی وەزیفیمان وەک یەکە، لەڕووی یاسای ئیدارییەوە کەسمان ناتوانێ بەرپرسی ئەوی ترمان بین). لەوەش زیاتر وتی (تەنانەت تۆ دەسەڵاتت لە من زۆرترە، چونکە تۆ راستەوخۆ پەیوەندیت لەگەڵ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانە، بەڵام من پەیوەندیم لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵایە). بڕیار درا زانکۆ، بە نووسراوێک، وەڵامی بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران بداتەوە.

دوای ئەوە عیماد ئەحمەد لە سلێمانی کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ من و دکتۆر فاروق کرد، کە دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا، ئەودەم راوێژکاری ئەنجومەنی وەزیران بوو، ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو. دوای گفتوگۆ عیماد ئەحمەد وتی گوایە من داوام لە دکتۆر عەلی کردووە نووسراوەکە، بەم شێوەیە، بنووسێت. من وتم وانییە، ئەمە مەسەلەیەکی یاسایی و ئیدارییە، با دکتۆر فاروق بفەرموێ و باسی بکات. دکتۆر فاروق ڕوونکردنەوەی دا و پشتگیریی قانوونی و ئیداریی لە ناوەڕۆکی نامەکەی سەرۆکی زانکۆی کرد. پێ دەچوو عیماد ئەحمەد لەوە قەڵس

بووبێت کە هەم بڕیارەکەی سەقەتە و جێ بە جێ ناکریت، هەم ئاگاداری سادەترین مادەکانی یاسای ئیداریی حکومەتەکەی نییە! بۆیە دوای کەمێک هێنان و بردن، وەک کەسێک کە نەتوانێ هەستی پریمیتیڤی خۆی کۆنترۆڵ بکات، بە خۆهەڵکێشانێکەوە، کە لێی نەدەهات، وتی ئەگەر پلەی وەزیفی موشکیلە بێت، من پلەی وەزیر و زیاتریش ئەدەم بە دکتۆر عەلی.

ئەو بەم قسەیەی تەنیا دیوێکی ناشرینی خۆی پێشان نەدا، بەڵکو جەهالەتی ئیداریی خۆی زیاتر سەلماند، چونکە، لەڕووی ئیداری و یاساییەوە، ئەو دەسەڵاتەی نەبوو پلەی وەزیر و زیاتر (کە دەکاتە جێگری سەرۆک وەزیر) بە خەڵک ببەخشێ. لەڕووی حکومی و حزبییشەوە، بەبێ ڕەزامەندیی سەرۆکی حکومەت و مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، نەیدەتوانی بە ئارەزووی خۆی پۆست و پلەی وەزیفی ببەشێتەوە. ئەو ویستی، لە بەرانبەر مندا پۆز لێ بدات و خۆی وەک کەسێکی بەهێز پێشان بدات، بەڵام بچووک و لاواز هاتە بەرچاوم. بۆیە ڕێگام بەخۆم نەدا وەڵامی قسەکانی بدەمەوە.

عیماد ئەحمەد یەکەمین کاری، وەک جێگری سەرۆکی حکومەت، پەلاماردانی کوردۆلۆجی بوو. لەوە دەچوو، بیەوێت گوێڕایەڵی خۆی بۆ پارتی پێشان بدات و ئافەرینێک بکرێ، بڕیاری دابوو ئەم

هەواڵنامەی کتێب

داواکارییەی ئەوان جێ بە جێ بکات. ئەوەی ئەم بۆچوونەی زیاتر لەلا چەسپاندم، ئەوە بوو کە، وێرای پەلەکردنی زۆر خێرا و پێداگرییە بێمانایەکەی، یەکسەر لەگەڵ ئیمزاکردنی بڕیارەکەدا، تەلەفۆنی هەڵگرت، وەک موژدەیەکی گرنگ بە کەسێک بدات، کە ئەمری پێ کردووە، وتی: دکتۆر مەسەلەی کوردۆلۆجیمان حەل کرد. دوای ئەوە تەلەفۆنەکەی دانایەوە. بە مەزەندەی خۆم قسەی لەگەڵ بەرپرسی نووسینگەی سەرۆکی ئەوکاتەی حکومەتی هەرێم، دوکتۆر نوری عوسمان، کرد.

من وەک جاران لە کارەکەم، بەردەوام بووم. بەڵام کارەکەم لەبەرچاو کەوتبوو. دەمزانی، لەوە بەدواوە، دەبێت بە دەستی بەستراو درێژە بە کارەکان بدەم، سەرەنجام وەک کەسێکی بێتوانا و کەمتەرخەم تومەتبار بکرێم. بۆیە بیرم لە کاتێکی گونجاو دەکردەوە تا دەست لە کارەکە هەڵگرم. لەو دەمانەدا بوو برادەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەک کەسێکی سەربەخۆ، پێشنیازیان پێ کردم لە لیستی کوردستانیدا، بۆ پەرلەمان، کاندید بکرێم. دوای راوێژکردن لەگەڵ هاوڕێی زۆر هێژا و نزیکم، کاک جەلالی سام ئاغا، کە ئەو کاتە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بوو لە سلێمانی، پێشنیازەکەم قبوڵ کرد، بەو هیوایەی پێکەوە لە دیوانی چاودێری

و پەرلەماندا، درێژە بە بەرەنگاربوونەوەی فەسادی و بێدادی بدەین[١].

رۆژی ١٩ی ئاب، پێش سوێندخواردن، وەک ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، بە نووسراوی ژمارە ٣٨٧ی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، بە واژۆی خۆم، دەستم لە کارەکەم هەڵگرت. پێش ئەوە پێشنیازم بە مامۆستا عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی کرد، لە جێی من بە وەکالەت، درێژە بە کارەکان بدات، بەڵام وتی حەز ناکەم کاری ئیداری بکەم. بۆیە لەبەر بێکەسی و نەبوونی هیچ توێژەرێک کەسێکی شیاو لە کوردۆلۆجی، کارمەندێکم، بە جۆرێکی کاتی و بە دەسەڵاتێکی دارایی و ئیداری زۆر بەرتەسکەوە دانا، تا ئەو کاتەی سەرۆکێک بۆ کوردۆلۆجی دیاری دەکرێت. دوای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت، کوردۆلۆجی خرایەوە سەر زانکۆی سلێمانی و کرایەوە بەشێکی لاوەکیی زانکۆ و وەک جاران پەراوێز خرایەوە. بەمەش گرفتەکانی نێوان پارتی و یەکێتی، بۆ هەتایە چارەسەر کران!

**دوای وازهێنانتان لە پەرلەمانی کوردستان گەڕانەوە سوید، بۆچی هەوڵتان نەدا لە کوردستان کارێکی دیکە بکەن؟**

**رەفیق سابیر:** دوای ساڵانێکی زۆری دووره وڵاتی بڕیارم دا بگەڕێمەوە وڵات و لە بواری روناکبیری

و ئەکادیمیدا کار بکەم. ئەنجامەکەی بەوجۆرە شکایەوە کە باس کرا. هەستم کرد وڵاتەکەم هێشتا پێویستی بە کەسانی وەک من نییە. وا دیارە هەر کۆمەڵگایەک، بۆ ئەوەی خۆی بەڕێوە ببات، ئەو جۆرە کەسانە دەهێنێتە بەرهەم کە پێوستی پێیانە!! کورد دەڵێ مەنجەڵ سەرقەپاخی خۆی دەدۆزێتەوە. عەرەبیش دەڵێ (ألطيور تقع على أشكالها). من بازرگان، یان خاوەن کۆمپانیا نیم، بتوانم بە ئاسانی جۆر و پرۆژەی کارەکەم بگۆڕم، یان لە هەرشوێنێک سوود و قازانج هەبێت، لەوێ بم. من لە هەرجێیەک بم بە رەنجی خۆم دەژیم. هەروا قەت بێ کار نیم، چونکە پێش هەر شتێک، خوێنەرێکی باش و شاعیر و نووسەرم. وێڕای ئەوە، ئەگەر بیرکردنەوە کار بێت، وەک راسکۆلنیکۆڤ، قارەمانی رۆمانی تاوان و سزای دیستۆیڤسکی دەڵێ، ئەوا کەمێکیش بیر دەکەمەوە. من هۆگری کاری خۆمم، لە شار بم یان لە گوند، لە وڵات بم یان لە دەرەوەی وڵات، کاری خۆم کردووە و دەیکەم. بۆ ئەم کارەشم، قەڵەم و کاغەز، یان کۆمپیوتەرێک و هەندێک کتێبم، وەک هاودەم، بەسن.

لە شیعرنووسین و خوێندنەوە و ئەزموونی ژیانەوە فێربووم، هەر کارێک بکەم، بەرپرسانە و بە جیدی، دەیکەم. حەسوودی بە کەس نابەم، بەڵام

هەواڵنامەی دیپ

هـەوڵـدەدەم کـارەکـە، لە هـاوکـارانـم، باشتر بکەم. ئـەوەش دەزانـم کـە هـەمیشـە، لـە هـەمـوو جێیەک، کەسێک و رەنگە سـەدان کـەسـی تر هەبن، لە من و تۆ باشتر و سەرکەوتووانەتر، یان داهێنەرانەتر، کارەکانیان ئەنجام دەدەن، بەڵام هۆگربوونی کار، بایەخ و پیرۆزیی کار و داهێنان لە کـاردا، وەک خەون و ئامانج، هەر دەمێننەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# ڕەوەندی کوردی و
# گرنگی بۆ دۆزی کورد

**مەبەستمە لەبارەی ڕەوەندی کوردییەوە قسە بکەین، ئایا لەو بارەیەوە، هیچ هەوڵێکی ڕێکخراو هەیە؟**

**ڕەفیق سابیر:** ڕەوەندی کوردی، لە سوید یان لە ئەورووپا، هێشتا لە زۆر لایەنەوە، بەردەوامی، یان بەشێکە لە کۆمەڵی کوردستان. ڕووداوەکانی کوردستان، کێشە و ناکۆکی سیاسیی نێوان گەلی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ، دووبەرەکی و هەڕای نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، ڕاستەوخۆ لەناویاندا ڕەنگ دەدەنەوە. کار لە چالاکی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و سیاسیی نێوانیان دەکەن.

هەوڵنامەی کتێب

ئــەوەی دیــار و بــەرچــاوە، لــەنــاو کــوردی ئەوروپانشین، لە هەر بەشێکی کوردستان بێت، هەستی کوردستانیبوون و هاوچارەنووسی، بەهێزترە تا لەناو کوردستان، چونکە لێرە، کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان، تێکەڵن و بەردەوام یەکتر دەبینن، پەیوەندی و دۆستایەتیی خێزانی، کۆمەڵایەتی و هاوکاری لەنێوانایاندا دروست بووە. پێکەوە لە کۆمەڵەی کولتووری و کۆمەڵایەتیی کوردی کار دەکەن. لە شێوەژیان و دۆخی بەشەکودستانەکەی یەکتری ئاگادارن. بەردەوام هەست و هۆشیاریی هاوزمانی، هاوکولتووری و هاوچارەنووسی لەنێوانیادا زیاتر دەبێت. کاتی ناخۆشی و رووداوە سەخت و ناخۆشەکاندا، کە بەسەر بەشێکی وڵاتدا دێت، یان لە کاتی خۆشی و شادییەکاندا، ئەم هەست و هۆشیارییە، بەشێوەی پرۆتێست و خۆپێشاندانی فراوان، کۆڕ و کۆبوونەوە، یان ئاهەنگگێران، دەردەکەون. ئەمە سەرەتایەکی گرنگە بۆ نزیکبوونەوە لە یەکتری و کۆبوونەوە لەپێناو کۆمەڵێک ئامانجی هاوبەشی کوردستانی و کارکردن بۆ ناساندنی پرسی کورد بە گەلانی ئەو وڵاتانە.

بەڵام رەوەندی کوردی هێشتا پەرتەوازە و بەش بەشە، نەیتوانیوە شێوە لۆبییەک پێک بهێنێت. لەناو

ڕەوەنــدی کــوردی، کــوردی بـاکـوور و ڕۆژئـاوای کوردستان کۆکتر، چالاکتر و کاریگەرترن. ئەمەش ڕەنگدانـەوەی دۆخـی سیاسیی ئـەو دوو وڵاتـە و بەهێزبوونی دیسپلین و خۆڕێکخستن و تایبەتمەندیی بزاڤی ئازادیخوازییە، لەو دوو بەشەی کوردستان.

ڕەوەنــدی کــوردی لەمێژ نییە لـە ئـەوروپـایـە. بەشی زۆری هێشتا وابەستەی بیر و سیاسەت و میزاجی هێزە سیاسییەکانی کوردستانن. یان لەناو دونیای خێڵ و شارچییەتیدا ماون. لام وایە ڕەوەندی کوردی، زۆری ماوە خۆی بناسێت، توانای خۆی بزانێت و وەک لۆبییەک خۆی ڕێک بخات، بتوانێت کاریگەرییەکی سیاسی و ئابووریی هەبێت. یان بتوانێت پرسی سیاسیی کورد و کولتووری کورد، بە خەڵک بناسێنێت.

**هیچ هەوڵێک بۆ بازدانێکی چۆنایەتی لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی دەبینن؟**

شیعر و ئەدەبیات و هونەر بەگشتی، وەک ژیان و کۆمەڵ، بـەردەوام گۆڕانکارییان بەسەردا دێن. هەر نەوەیەک، لەگەڵ خۆیدا، شیعر و ئەدەبیات و هونەری تایبەت بە خۆی دادەهێنێت، بۆچوون و تێڕوانین و خەونی تایبەتی خۆی دەبێت، ستایلی ژیان و ئامانجی خۆی دیاری دەکات. ئەم داهێنان

و گۆڕانکارییانە، بەگشتی، لە ڕەوشی مێژووی هەر نەتەوەیەکدا، بە جۆریکی سروشتی روو دەدەن. بەڵام بازدان و بازدانی چۆنایەتی، لە کۆمەڵگا و لە ئەدەبیات و کولتووردا، حاڵەتی باو نین، بەڵکو دەگمەنن. لەسەردەمی تایبەت، یان نائاسایی ژیانی سیاسی، ئابووری و کولتووریی نەتەوەیەکدا، روو دەدەن. ئەوەی باو و سروشتییە، گۆڕانکارییە ئاساییەکانن. بەم پێوەرە من هەوڵێکی دیار بۆ بازدانێکی چۆنایەتی، لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا، نابینم، بەڵام گۆڕانکاری و هەوڵی گۆڕانکاریی زیاتر هەیە، بە تایبەت لە بواری رۆماندا. ئەمەش ئەنجامێکی تری بەجیهانیبوونی کولتوور و گۆڕانکاری و بەرەوشاربوونی شارۆچکەکانی سلێمانی، هەولێر و دهۆکە. کە تیایاندا، ژیانی کۆمەڵایەتی و خوێندەواری، گۆڕانیان بەسەردا هاتوون. سەرەتای کولتووری شار و شارنشینی و پەیوەندیی نوێی کۆمەڵایەتیی شاری، دەرکەوتوون. بەڵام لە شیعری کوردیدا، بازدان، یان گۆڕانێکی چۆنایەتی نابینم.

لە دوای راپەڕینەوە چەند نەوەیەکی ئەدەبی و کۆمەڵێک دەنگی نوێ و جیاواز و داهێنەر دەرکەوتوون. بەشێکی شاعیرانی پێش راپەڕینیش، درێژە بە داهێنانی خۆیان دەدەن. بەڵام، بە رای

من، سالانێکە شیعری کوردی کەوتووەتە ناو ئاژاوە و قەیرانەوە. زۆربەی شاعیران خۆیان و بابەت و شێوازی شیعریی یەکتری دووبارە دەکەنەوە. بەمەش زمانی شیعریان دەسوێت و دەشێوێندرێت. لەڕووی بابەت و تێڕوانینی شیعرییشەوە لێکچوون و لاساییکردنەوە و دووبارەکردنە بە روونی دەردەکەون. خۆلاواندنەوە، خەفەت و گریان، دەربڕینی بێئومێدی و بێزاربوون لە کۆمەڵ و ژیان، بەهۆی قەیرانی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەوە، کراونەتە بابەتی گرینگ و سەرچاوەی شیعر. لە هەمانکاتدا زۆربەی شاعیرانی لاو، لە باشووری کوردستان، بە میراتی ئەدەبیی نەتەوەکەیان، فۆلکلۆر و شیعری کلاسیک و مۆدێرنی سەدەی پێشووی کورد، ئاشنا نین. ئەم میراتە ئەدەبییە سەرچاوەی پڕ بایەخی زمانڕەوانی و رووناکبیریی شیعری و فیربوونی هونەر و تەکنیکی شیعر و شێوازەکانی وێنەی شیعری و ئاشنابوونی زمان و وشەی رەسەنی کوردیین.

لە لایەکی تر، زۆربەی ئەو شاعیرە لاوانە، لە هەرێمی کوردستان، زمانێکی بیانی، یان زیاتر، نازانن. بۆیە لە ئەدەب و شیعری گەلانی ناوچەکە و جیهانیش، دابڕاون. ئەم کەمایەسییە رووناکبیری و زمانییە، زیانیان بە ئاستی شیعر و تەکنیک و هونەری

شیعر و شێوەکانی وێنەی شیعری گەیاندوون، لە هەندێک لایەنەوە، کۆمەکیان بە شێواندنی کردووە. زمانی شیعر، بە هۆی دووبارەکردنەوە و خۆجوینەوە، بەرەو سوان چووە، رەونەق و کاریگەری و جوانییەکەی کاڵ بوونەتەوە. سەرباری ئەمانە، رەخنەی ئەدەبیی هێشتا لاوازە و کۆمەکێکی ئەوتۆی بە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی شیعری و ئەدەبی و هۆشیاریی جوانناسی نەکردووە. بە جۆرێک کە خوێنەر بتوانێت تێکستی ئەدەبیی داهێنەرانە و لاواز لە یەکتری جیا بکاتەوە. لە هەمان کاتدا زانکۆکان لە بزاوتی ئەدەبی و هونەریی کوردستان دابڕاون، بۆیە نەیانتوانیوە تیۆریی رەخنەی ئەدەبی و پرەنسیپی ئەکادیمی و نەریتی رەخنەی ئەدەبیی، بکەنە بەشێک لە ژیانی ئەدەبی و هونەریی کۆمەڵی کوردستان.

**جیاوازییەک لەنێوان شیعری کوردستان و شیعری شاعیرانی تاراوگە دەبینن؟**

**رەفیق سابیر:** بە رای من شیعری تاراوگە، وەک دیاردەیەک، لە شیعری ئێستای کوردیدا، بە تایبەت لە باشووری کوردستان، نەماوە، یان زۆر دەگمەنە. شیعری تاراوگە بەگشتی، بەرهەمی سەردەمێکی مێژوویی جیاوازە و ئەمڕۆ لاواز بووە. نزیکەی هەموو

وڵاتانی دنیا بە تۆڕێکی بەربڵاوی زانیاری، ئابووری، تەکنیکی و میدیایی، پێکەوە گرێ دراون. ڕۆژانە و سات بە سات، ئەوەی لە وڵات و هەر شوێنێکی دنیا ڕوو دەدات، ڕاستەوخۆ، دیمەن و زایەڵەکەی دەگاتە هەموو جێیەک و ناو ماڵی هەر کەسێک. هەروا سەردانی وڵات و گەڕانەوە بۆ وڵات، بۆ ئێمە، وەک سەردەمی پێش ڕاپەڕین، ئەستەم و مەحاڵ نین، کە بە ڕۆژیش شاعیر خەون و زیندەخەونی پێوە ببینێت، بەڵام شاعیرێک، کە لە دەرەوەی وڵات دەژی، یان بە سەفەرێکی درێژ، ماوەیەک لە وڵات دوور دەکەوێتەوە، دەشێت سۆز و نۆستالیجیای وڵات سەری تێبکەن و شیعری تاراوگەییانە بنووسێت. لەبەرئەوە، لەم ساڵانەی دواییدا، ئەو بەرهەمە شیعرییانەی شاعیرانی دەرەوەی وڵات نووسیویانە، بەردەوامیی شیعری کوردییە لەناوەوەی وڵات، واتا بەشێکن لەو شیعرە. بەڵام هەندێک لەو شاعیرانەی لە دەرەوەی کوردستان، لە کۆمەڵ و کولتوورێکی جیاوازدا دەژین، تێکەڵاوی کولتوور و شێوەژیانی ئەو وڵاتانە بوون، بۆیە ئاساییە، کە شیعرەکانیان، وەک کاری تایبەتی هەر شاعیرێک، ڕەنگدانەوەی کولتووری ئەو وڵاتانەی پێوە دیار بێت، یان لە هەندێک ڕووەوە جیاوازییەکی لەگەڵ شیعری ناو وڵات هەبێت.

**داهاتوویەکی چۆن بۆ دۆزی کورد دەبینن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی حوکمداریی هەرێمی کوردستان و بزووتنەوە شۆڕگێرییەکانی کورد، لە بەشەکانی دیکەی کوردستان؟**

**رەفیق سابیر**: دۆزی کورد، پرسی رەوای گەلێکی بندەست و وڵات دابەشکراوە. ئەم گەلە بەپێی دەستووری نەتەوەیەکگرتووەکان، مافی هەیە چارەنووسی خۆی، بە سەربەخۆبوون، یان بەو شێوەیەی دەخوازێت، دیاری بکات، بەڵام یاسا و ماف شتێکن، هێز و سیاسەت و بەرژەوەندیی وڵاتان و زلهێزان شتێکی ترن.

گرفتی گەلی کورد، پێش هەر شتیک، لە خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە وەک نەتەوە هێشتا پێ نەگەیشتووە، خۆی نەناسیوە، هۆشیاریی نەتەوەیی نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی، وەک نەتەوە، نەک وەک خێڵ و سێکتەی مەزهەبیی دەسەڵاتپەرست (تەریقەتی ئاینی) و بنەماڵەی خۆپەرست، بۆ ئامانج و بەرژەوەندیی خۆی و ئازادکردنی وڵاتەکەی، کار بکات. بۆیە خەڵکی تر، وەک ئامراز و مورتەزەقە، بەکاریان هێناوە و دەتوانن بەکاری بهێنن.

ئەزموونی حوکمداریی هەرێمی کوردستان بە رای من لەڕووی سیاسی، ئابووری، بەڕێوەبردن و ئەخلاقییەوە، شکستی هێناوە. دوای سیی ساڵ هێشتا، نە دەستوور و نە هیچ دەزگایەکی یەکگرتووی

نەتەوەیی دامەزرێندراوە. ژێرخانی ئابووری دروست نەکراوە. لەشکرێکی یەکگرتوو نییە، بتوانێت چەند سەعاتێک، داکۆکی لە خاکی هەرێم بکات. کەچی دەوڵەتێکی وەک ئیسرائیل، تەنیا نۆزدە ساڵ دوای دروستبوونی توانی، لە حوزەیرانی ١٩٦٧ پەلاماری سەربازیی کۆمەڵێک وڵاتی عەرەبی تێکبشکێنێت و نیوەی تری فەلەستین (قودسی ڕۆژهەڵات و کەناری ڕۆژئـاوای فەلەستین) و بە شێکی خاکی میسر، سوریا، لوبنان و ئوردونیش داگیر بکات.

حکومەتی هـەرێم لـەبری ئـەوەی لـە هـەرێمی کـوردسـتـانـدا ئـازادی بـچـەسـپـێـنێ، تـەبـایـی و خۆشگوزەرانی دروست بکات، هەرێمی کوردستانی کـردووەتـە زیندانێکی گـەورە و تیایدا گەلەکەی بـنـدەسـت و کـۆیـلـە و بـرسـی کـراون. زۆریـنـەی زەویـوزاری کوردستان، کە بە دەیان ملیار دۆلار دەقەبلێندرێن، زەوتکراون. سامانی سـەرزەوی و بنزەوی، بە تاڵان بـردراون. تەنانەت، بەشێکی ئەو پارەیەی لە بەغداوە، بۆ مووچەی فەرمانبەران و مافی خانەنشینان دەنێردرێت، دەستی بەسەردا دەگیرێت. لەبری ئەوەی هەرێمی کوردستانی گوایا ئازاد، ببێتە پەناگە و هیوا بۆ بەشەکانی تری کوردستان کراوەتە مۆڵگەی ئیتلاعات و بەهەشتی کۆمپانیاکانی تورک و میتخانە و ئۆردوگایەکی گەورەی لەشکری تورک،

کە بۆ دژایەتیی گەلی کورد، لە باکور و رۆژئاوای کوردستان و بۆ کۆنترۆڵکردن و تاڵانکردنی هەرێمی کوردستان، بەکاری دەهێنێت.

بە کورتی و کرمانجی باشووری کوردستان، ساڵانێکە، بە کۆمەکی ئەمەریکا، لە داگیرکەرێکی بیانی رزگار بووە، بەڵام، وەک چەندان جار وتوومە، نە کەوتووەتە ناو دەستێکی پاک و ئەمین، بەڵکو کەوتووەتە چنگی داگیرکەرێکی خۆماڵی، کە وەک غەنیمەتێکی پێنج ئەستێرەیی (دەستکەوتی شەڕ) چاو لە وڵاتەکە دەکات. بۆیە دەسەڵات، گەلەکەی وەک بارمتەیەک گرتووە. کاتێکیش داوای مافی سروشتی خۆیان دەکەن، زیندانی دەکرین و ئەشکەنجە دەدرین. لەبەرئەوەی دەسەڵات، وەک هەر داگیرکەرێک، لە گەلەکەی بندەستی تۆقیوە، بە چاوی دوژمن بۆی دەڕوانێت. تا دەتوانێت برسی، کۆیلە، زەلیل و بێ مافی دەکات.

ئەمڕۆ تورکیا بە قووڵایی زیاتر لە سیی کیلۆمیتر هاتووەتە ناو هەرێمی کوردستان و داگیری کردووە. بەهۆی دەستدرێژی و بۆردمانی لەشکری تورک، هەزاران کەس، ماڵ و زەوی و خاکی خۆیان، لەدەستداوە و ئاوارە بوون. سەدان کەس کوژراون و بریندار کراون، بێئەوەی دەسەڵاتی هەرێم، یان حزبە سیاسییەکان و ئەردۆغانچییەکان، پرۆتێستێک

هەواڵنامەی کتێب

بکەن، یان داوای راگرتنی ئەو پەلامار و کاولکارییە و قەرەبووی زیانلێکەوتووان بکەن، وەک ئەوەی ئەم کارەساتانە لە بەنگلادیش و سۆماڵ روو بدەن و هیچ پەیوەندییان بە سەروەریی وڵات و چارەنووس و کەرامەتی نەتەوەیی و شەخسی و شەرافەتمەندیی سیاسییەوە نەبێت. دەیان سیاسەتمەدار و رووناکبیری ئازاد و سەربەخۆ، لە مەترسیی داگیرکاری تورکیا هۆشدارییان داوە. تەنانەت لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا، کە ڕێشاندەری لەشکری تورکە، لە باشووری کوردستان، دەنگی نارەزایی، دەرکەوتووە. بۆ نموونە بەڕێز ئەدهەم بارزانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، بێزاریی خۆی لەم بارەیەوە دەربڕیوە. بۆ بیستنی قسەکانی تەماشای ئەم لینکەی خوارەوە بکەن:
https://m.facebook.com/story.php?story_fbid=13603671132273 2&id=103239387935798?sfnsn=mo&d=n&vh=e

تورکیا دەیەوێت سەرەتا دەست بەسەر قەندیلدا بگرێت و بیکاتە بارەگای سەرەکی تیرۆرستانی ئیسلامی و خێزانەکانیان. باری دیمۆگرافی ناوچە سنوورییەکانی نێوان باشوور و باکووری کوردستان بگۆڕێت. دواتریش، ئەگەر ئەمەریکا و وڵاتانی ناتۆ چاوپۆشی بکەن، باشووری کوردستان بە تەواوی

داگیر بکات، یان وەک خۆیان دەڵێن ئەو بەشەی وڵاتەکەیان وەربگرنەوە! ئەگەر تورکیا ئەمەی بۆ نەچێتەسەر، بەلای زۆرەوە بندەستکردنەوەی کورد و نەهێشتنی مافە دەستوورییەکانی کورد لە عیراق و بردنی بەشیکی نەوت و گازەکەی، دەکاتە مەرجی رێککەوتن لەگەڵ عیراق و کشانەوەی لەشکرەکەی، لە شارەکانی باشووری کوردستان.

دەوڵەتی تورکیا، لە سەردەمی کەمال ئەتاتورکەوە تا ئێستا، دژی هەر خواست و ئامانجێکی نەتەوەیی کورد وەستاوە. دوژمنایەتیی کورد کراوەتە ئایینی نەتەوەیی تورک. ئەوان چەندان جار دووپاتیان کردووەتەوە، ئەگەر تەنانەت لە ئەفریقا یان لەسەر مانگ، قەوارەیەکی کوردی دروست ببێت، هەوڵ دەدەن بیڕوخێنن. بە کردەوەش هەر ئەمیان کردووە و دەکەن.

بەپێی هەندێک بەڵگەنامەی دەوڵەتی سۆڤیەتی هەڵوەشاوە، ستالین ساڵی ١٩٢٩ لەسەر داوای کەمال ئەتاتورک، حوکمداریی ئۆتۆنۆمیی کوردستانی سوور، کە ساڵی ١٩٢٣ بە بڕیاری لینین، لەناوچەی ناگۆرنی کاراباخ، دامەزرێندرا بوو، هەڵوەشاندەوە[٣]. کوردستانی سوور لەم شارانە پێک هاتبوو: لاچین کە پایتەخت بوو، گڵباجان، کۆباتلی، زانگەیلان، جلیلابسکی و کۆمەڵێک شارۆچەکە و گوند. هەروا

هەواڵنامەی کتێب

ئەتاتورک، بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران و یەکێتیی سۆڤیەت، ساڵی ١٩٣٠ ڕاپەڕینەکەی ئاگرِیداخی خەڵتانی خوێن کرد.[٤]

بەڵام بزووتنەوەی کورد، لە بەشەکانی تری کوردستان، بە جۆرێکی ترن و هەر یەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بزووتنەوەکە، سست و لاوازە. ستەم و زیندانیکردن و کوشتن و لەسێدارەدان هەر بەردەوامن. دەوڵەتی ئێران مافی نەتەوەیی و ئازادیی خەڵکی زەوت کردووە، دەرفەتی بۆ چالاکیی مەدەنی و کاری ئاشکرای سیاسی نەهێشتووەتەوە.

چل ساڵە حزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات و سەرکردەکانیان، بە ناچاری لە خەڵک و خاکی خۆیان دابڕاون. پەرتێن و ناتەبا و پێکناکۆکن و زیاتر وەک حزبێکی ئۆردوگانشین و حزبی مەنفایان لێهاتووە، بەڵام لەو هەلومەرجە سەختەشدا، خەباتی مەدەنی، ڕوناکبیری و ئازادیخوازیی خەڵک، لەناو شارەکان و تاراندا، هەر بەردەوامن. هەر نەوەیەک (نەسلێک) وەک چۆن نووسەر و هونەرمەند و شاعیر و ڕووناکبیری خۆی لی دەردەکەوێت، بە هەمان شێوەش سەرکردە و ڕابەری سیاسیی خۆی لێ هەڵدەکەوێت. بەلای منەوە لایەنێکی گرنگ و بەهێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە کە، بە



هەولێرلکەی کتێب

پێچەوانەی بەشەکانی دیکەی کوردستان، وێران نەکراوە، خەڵکەکەی رانەگوێزراون. زۆربەی گوند و شارەدێ و شارۆچکەکان، وەک خۆیان ماون. زمانی کوردی هەرچەندە زمانی خوێندن و زمانی رەسمیی نییە، بەڵام گەشەی کردووە و وەک باشووری کوردستان، نەشێوێندراوە. کولتوور و نەریت و پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی پارێزراون. لە هەمانکاتدا، چەند نەسلێکی خوێندەواری شاری و رووناکبیر و داهێنەر، لە هەموو بوارەکانی کولتووری، ئەکادیمی، ئابووری، ئیداری، کۆمەڵایەتی و چالاکی مەدەنی، حەتمەن سیاسییش، پێگەیشتوون و بەشداریی بەڕێوەبردن و پێشخستنی کۆمەڵ و بەهێزکردنی خەباتی مەدەنی دەکەن. بزاڤی رووناکبیری، ئەدەبی و هونەری، سەرەڕای کۆسپ و سانسۆر، باش گەشەیان کردووە و بە رەسەنی ماونەتەوە. لەبەر ئەم هۆکارانە، لام وایە هوشیاریی نەتەوەیی و سیاسی و بزووتنەوەی مەدەنی و شاری، لە رۆژهەڵاتی کوردستان پەرەی گرتووە و بەرەو ئەوە دەڕوات، شارەکان ببنە سەنتەری خەباتی مەدەنی و ئازادیخوازی. بە کورتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە کولتووری خوێنپەروەریی شاخ و کولتووری وەحشیگەرییانەی چەتەگەری و کوشتن و شەڕی نێوخۆ، کە ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی

گەلی باشووری کوردستانییان داڕزاندووە، دوور کەوتووەتەوە.

بەڵام هێشتا مەترسی ڕاگوێزان و کوشتاری بە کۆمەڵ و داگیرکردن هەر ماون. بە رای من هەر کاتی ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە ئێران ڕوو بدات، بە تایبەت ئەگەر دەسەڵاتی ناوەندیی لاواز بێت، مەترسیی ڕاگوێزان و کۆمەڵکوژی، زیاتر دەبن. گریمانەی پەلامار و دەستدرێژیی تورکیا، بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەبێت بە گرنگ و جیدی وەربگیرێت، لە ئێستاوە ئامادەکاریی بۆ بکرێت. هەقە لە هەر گۆڕانکاییەکدا، ئازەرەکانی ناوچەی نەغەدە و مەراغا و ... لە ئەرک و مافدا، یەکسان و لە بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەدا، هاوماف و بەشدار بن زەمانەتیان پێ بدرێت. تورکیا، هەر دەرفەتێکی بۆ بڕەخسێت، ڕاستەوخۆ و بە هۆی ئیسلامییە تیرۆریستەکان و ناسیۆنالیستان و ئیسلامییە ئازەرییەکان و خۆفرۆشی کورد، پەنا بۆ داگیرکردن و کوشتاری بە کۆمەڵ و ڕاگوێزان و بە تورککردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبات، بە شاری مەهابادیشەوە، کە بە ناڕەوا خراونەتە سەر ئیدارەی ئازربایجان. ئەوەی تورکیا بەرانبەر بە گەلی ڕۆژئاوا کردوویەتی و دەیەوێت لە باشووری کوردستانیش بیکات، دەتوانێت، لە دەرفەتی گونجاودا، لە ڕۆژهەڵاتی

هەواڵنامەی ئێستا

کوردستان، دووبارەی بکاتەوە. هەقە گەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕێی خەباتی مەدەنییەوە، داوا بکەن، ئەم ناوچانە یان بکرێنە ئوستانێکی سەربەخۆ، بۆ نموونە ئوستانی موکریان، یان بخرێنە سەر ئوستانی کوردستان، چونکە ئازەرییەکان ئەو ناوچانە بە خاکی خۆیان دەزانن و لە سەردەمی کۆماری مەهاباد و ئازەبایجان، چەندان جار، داوایان لە سۆڤێتەکان کردبوو، کە ئەو ناوچانە خاکی ئەوانە و دەبێت وەری بگرنەوە.

ئەزموونی بەلکان و سۆڤیەتی هەڵوەشاوە، پێشانیان دا، ئەم جۆرە کارە ئیدارییانە، دەتوانن لافاوی خوێن و دوژمنایەتیی قوڵ و درێژخایەن، دروست بکەن. پێشتر هەندێک کێشە و ناکۆکیی نێوان کورد و ئازەر، برینێکی لە پەیوەندیی نێوان ئەو دوو گەلە دراوسێیەدا، دروست کردووە، کە ڕەنگە تورکیا بتوانێت بە ئاسانی بیکولێنێتەوە. بۆیە زۆر گرنگە بزاڤی سیاسی، مەدەنی و ڕووناکبیریی کورد، لە وڵات و دەرەوەی وڵات، بە تایبەت بایەخ بە پەیوەندیی نێوان ئازەر و کورد بدەن و لەگەڵ نوێنەرانی سیاسی و ئازادیخواز و ڕووناکبیرانیاندا دەستپێشخەریی نزیکبوونەوە و هاریکاری و کاری هاوبەش بکەن. پلان بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانە دابنێن، کە کورد و ئازەر پێکەوە دەژین، بۆ نموونە

ناوچەی ورمێ و نەغەدە و مێندواو و ناوچەی تر.
گەلی کورد، لەم رووەوە، دوو جۆرە ئەزموونی سیاسیی هەیە، ئەزموونی شکستخواردووی ناسیۆنالیزمی خێڵەکیی باشووری کوردستان، لەگەڵ تورکمان و عەرەبە رەسەنەکانی کەرکوک و هەندێک ناوچەی تر، ئەزموونی سەرکەوتووانەی رۆژئاوای کوردستان، لەگەڵ عەرەب و ئاشووری و و گروپە نەتەوەییەکانی تری رۆژئاوای کوردستان.

بەڵام بزاڤی کورد لە باکووری کوردستان، لە سەختترین قۆناخی خۆی دایە. دوای سەدەیەک کوشتاری بە کۆمەڵ و هەوڵی کوشتنی زمان و کولتوور و شوناسی نەتەوەیی، گەلی کورد هێشتا شەڕی مانەوە دەکات. بیست ساڵ زیاترە، بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجەلان، رابەری گەلی باکووری کوردستان، لە زیندان دایە و تەنانەت بەدەگمەن رێگای سەردانی دەدرێت.

هەواڵنامەی کتێب

بەو ئەندازەیەی گەلی باکووری کوردستان، پێداگریی لە شوناسی نەتەوەیی و خاک و زمان و مافی نەتەوەیی و ئازادیی رابەرەکەی دەکات، بە هەمان ئەندازە شەڕ و پەلاماری فاشیزم و دەوڵەتی ئیخوانچییە تیرۆریستەکان توندتر دەبن. ئەمڕۆ خۆناسین و بێداربوونەوەی نەتەوەیی و بڵاوبوونەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی و سیاسی، لە

هەر کاتێکی تر بەهێزترن. پرسی سیاسیی کورد و کوردبوون و داکۆکیکردن لە زمان و خاک و شوناسی نەتەوەیی و ئازادی، چوونەتە ناو هەر ماڵەکوردێکی باکووری کوردستان. تێپەڕاندنی بەربەستی لە سەدا دە، گەیشتنی نوێنەرانی کورد بە پەرلەمان و سەرکەوتنی نوێنەرانی کورد، لە زۆرینەی شار و شارۆچکەکان، نیشانەی گۆڕانکارییەکی گرنگی بزاڤی ئازادیخوازیی کوردە، لە باکووری کوردستان.

لەپاڵ ئەم ستەم و کۆمەڵکوژییەی دەیان ساڵە، بەسەر گەلی باکووری کوردستاندا، سەپێندراون، دەوڵەتی تورک، شەڕی لەناوبردن و راگواستن و کوشتنی زمان و شوناسی نەتەوەیی کوردی، لە دەرەوەی سنووری تورکیاش، لە رۆژئاوا و باشووری کوردستان، دەستی پێ کردووە. لە هەرکوێ کورد هەبێت و پارێزگاریی خاک و زمان و شوناسی نەتەوەیی خۆی بکات، دەکرێتە ئامانج و پەلامار دەدرێت. دوژمنایەتیی کورد و لەناوبردنی زمان و شوناسەکەی، بوونەتە ئایینی نەتەوەیی تورک.

ئەمڕۆ کوردستانیان و دنیا چاویان بڕیوەتە ئەزموونی رۆژئاوای کوردستان. گەلی رۆژئاوا پێکەوە، نێر و مێ، پیر و جوان، بە هەموو پێکهاتە

نەتەوەیی و ئایینییەکانەوە، لە نەبەردییەکی بێوێنەدا، توانیان خۆیان و زێدەکەیان بپارێزن و پێش بە پەلاماری تیرۆریستان بگرن، کە دەیانەوێت، بە کۆمەکی تورکیا، رۆژئاوا داگیر و گەلەکەی کۆمەڵکوژ بکەن. ئەزموونی رۆژئاوا، نەک بۆ کورد، بەڵکو بۆ هەموو ناوچەکە و بگرە جیهانیش، نموونەی نوێی پیشان دا. لە هیچ بزاڤێکی ئازدیخوازیدا، ژنان بەو ئەندازەیە نەبەردییان نەنواندووە. ئەمەش بەرهەمی بیر و فەلسەفەیەکی سیاسییە، کە ئازادی و یەکسانیی مرۆڤ، ژن و پیاو، پێکەوەژیانی یەکسانانەی گەل و کولتوور و ئایینە جیاوازەکانی، کردۆتە ئامانج. بەمەش توانیویەتی وزەی گەل یەک بخات.

بەڵام هێشتا رۆژئاوا لە مەترسیی پەلاماری تورکیا و هێرشی تیرۆریستانی ئیسلامی دەربازی نەبووە. هیوادارم ئەم ئەزموونە سەربگرێت. فەسادی و بێدادی، نەتوانن دەسەڵاتی رۆژئاوا، وەک حکومەتی هەرێم، بنکۆڵ بکەن و بیگۆڕن بە داگیرکارێکی فاسیدی خۆماڵی، چونکە هێشتا هەڕەشەی پەلامادردان و جینۆساید و گۆڕینی دیمۆگرافیای رۆژئاوای کوردستان، هەر ماون.

تا ئێستا بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد بەش بەش و فرەبۆچوون و رێبازی سیاسیی جیاوازە. داهاتووی گەلی کوردستان و بزاڤە ئازادیخوازییەکەی،

تا ڕادەیەکی زۆر، بە یەکبوونی نەتەوەیی و کۆمەکی نێودەوڵەتی و بە داهاتووی ڕەوشی دیموکراتی، لە وڵاتانی سەردەستی کوردستانەوە، بەستراون. لەسەردەمی ئەمڕۆدا، تەنیا خەباتی یەکگرتووی مەدەنی و جەماوەریی شار، داهاتوویان هەیە. بۆیە سەخت و ئەستەمە نەتەوەیەک، چەند نەبەردانە لە ڕێی چەکدارییەوە خەبات بکات و قوربانی بدات، بتوانێت بە بێ کۆمەکی ڕاستەوخۆی زلهێزێکی وەک ئەمەریکا، ڕوسیا، یان چین، سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

**ئێستا لە سوید بە چییەوە سەرقاڵن، غەریبی ماندووی نەکردوون؟**

**ڕەفیق سابیر**: لە سوید لەگەڵ خوێندنەوە، نووسین، گوێگرتن لە مۆسیقا و تەماشاکردنی فیلم، خەریکم. لەم ساڵانەی دواییدا، سرووشت، وەک هونەرێکی خۆڕسک زیاتر سەرنجی ڕاکێشاوم. وەک بابەتیکی هونەری و سەرچاوەیەکی گرنگی جوانی، دەمجوڵێنێ، ئارامی و ئیلهامم پێ دەبەخشێت. بۆیە لەگەڵ ئەویش کاتیکی خۆش و دۆستانە بەسەر دەبەم. لە سوید هەر وەرزێکی ساڵ سرووشت، بە جۆرێکی کەموێنە و سەرسوڕهێنەر، بەرگ و ڕەنگ و بۆن و شێوازی خۆی دەگۆڕێت. تایبەتمەندانە یاری بە ڕیتمی زەمان و تاریکی و ڕووناکی دەکات. لەگەڵ ئەو گەمە و گۆڕانکاریانەدا، شێوەژیان و هەست و میزاجی

مرۆڤ دێنە گۆڕان. ئەمەش، بە شێوازی جۆراوجۆر، لە ژیانی رۆژانەی خەڵکدا، لە هونەر و ئەدەبیاتدا، رەنگە لە شیعری منیشدا، رەنگ دەدەنەوە.

ئەوەندەی پەیوەندیی بە غەریبییشەوە هەیە، دەتوانم بڵێم لە هەر جێیەک بم، زمانەکەم وڵاتمە. بەڵام خەون و هیوای گەڕانەوە و ژیان لە زێدی خۆم، هەر دەمێنن. حەز دەکەم زۆربەی ئەم دواساڵانەی ژیانم لە وڵاتدا بەسەر بەرم، بەڵام ئەوەشم لەبیرە کە ژیان، لە هەر جێیەک بێت، هەر ژیانە. ژیان، وەک دیستۆیڤسکی دەڵێت، لەناو خۆمان دایە، نەک لە دەرەوەی خۆمان.

هەواڵنامەی کتێب

**پەراوێز:**

١- لە نووسینیکدا لەبارەی هاوڕێم کاک جەلال سام ئاغا، بە ناوی پاک بە و بێ باک بە، کە لەگەڵ کۆمەڵە نووسینی کەسانی تردا، بەمزووانە، بە کتێبێک، بڵاو دەکرێتەوە، زیاتر باسی ئەم مەسەلەیەم کردووە.

٢-گۆڤاری هەفتەنامە، ژمارە ١٦ رۆژی ٢٠ی سپتەمبەری ٢٠٠٨، ل ٥٢

٣ ، ٤- م محفوز رشید، لماذا غضب ستالین علی الکورد وقضی علی جمهوریتهم «کردستان الحمراء»

بڕوانە پەیجی نووسەر لە فەیسبووک:

M Mahfouz Rashid: https://m.facebook.com/story.php?story_fbid=2338183652926973&id=100002060830501

هەواڵنامەی کتێب

# لاوکی هەڵەبجە

بە تەنیا جێی مەهێڵن
ئەمشەو زریان دەیچێنێت
تەمومژ دایدەپۆشێت
مانگەشەو دەیڕفێنێت

گەرووی بە گزنگ تەڕ کەن
زامەکانی بە شیلان
بە گۆرانی دایپۆشن
یان بە سەوزیی دارستان

سەری بە شەپۆلان کەن
با ئەم شەوە رایژێنێت
باڵای لە هەور بگرن
بروسکە و – با– دەچێنێت

بە تەنیا جێی مەهێڵن
منداڵێکی لاسارە
شار بەردەباران دەکات
مانگ دەکات بە کۆلارە

سوارە، چ شۆڕەسوارێک
ئەسپی هەتاو زین دەکات
بە گۆرانی و تیشک و ماچ
سەرزەمین بەرین دەکات

با کەژاوەی لە گوڵ بێت
یان لە پەلکەزێڕینە
زەماوەندی خوێن دەگرێت
ئەمشەو پاشای ئەڤینە

ئاشقێکی لاسارە
بروسکە و – با– دەچێنێت
بە تەنیا جێی مەهێڵن
مانگەشەو دەیفڕێنێت.

***

بەنێو کێڵگەی خۆڵەمێشدا هەنگاو دەنێم
چنگێک شەپۆل دەچنمەوە
بەسەر باڵای ئێوارەدا
هەڵی دەخەم.
لەنێوانی سووتان و گوڵەگەنمدا
سروودێک دەم نوسێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

باوەشت بۆ دەگرمەوە
قۆڵەکانم لە درەختی خۆڵ دەئاڵێن
قۆڵەکانم وەک تاڵە خوێن
بەسەر بنار و ئاسۆدا شۆڕ دەبنەوە.
ئەم هەورانەم لێ دوورخەوە!
سەرم نە لوتکە و گەورە،

نە بنارە
تارماییەکان بەرەو لام دێن
کەچی رۆحم نە ئەشکەوتی پیاوکوژانە
نە جێنزرگە و سێدارە.
شهەیدەکان بە بالآتدا سەردەکەون
لە زێی چاوەکانت دەدەن
بۆ ناگەنە ئەم بنارە؟

ئەم بنارە
هێشتا بۆنی خوێنی لێدێت.
هێشتا رووبار رەنگی برینی پۆشیوە
خۆی بە سەرابو تینوێتی داپۆشیوە.
نە دارستان ئەمشەو سەرم رادەژێنێت
نە بروسکە!
نە گولەیەک دەمگرێتە خۆی
نە لوتکە.



هەولێنامەی کتێب

بەنێو کێڵگەی زوقم و پشکۆدا ڕێ دەکەم
فڕۆکەکان
بیرکردنەوەم دادەبێژن.
وەک چیای گڕ بەسەر خۆمدا هەرەس دێنم.
سێبەری لە خوێندا ونبووم
تاوێرەکان دادەپۆشێت.
بەرەو لات دێم
قاچەکانم لەنێو تەمدا دەتوێنەوە
باوەشت بۆ دەگرمەوە
قۆڵەکانم لە درەختی خۆڵ دەئاڵێن.

بە نێو کێڵگەی ژیلەمۆدا هەنگاو دەنێم
پەڵهەورێک بۆرم دەکات
ئێوارە خۆم تێهەڵدەسوێت
تاریکایی تەڕم دەکات.
لە ڕووباری مێژوو دەدەم
سنگم دەبێتە گۆڕەپان
قۆڵەکانم دەبن بە تەنگە دەربەندێک
بۆ لەشکری داگیرکەران.

فڕۆکەکان لەناکاو دێن
ڕووتین، خۆمان بە گژوگیا و
زەردەگەڵا و
بە ئاژاوە دادەپۆشین.

هەواڵنامەی کتێب

فرۆکەکان لە ناکاو دێن

رووتین، خۆمان بە ئاسمان و

دارستان و

لەپی دەستمان

دادەپۆشین.

چنگێک شەپۆل دەچنینەوە

دەیکەین بە دەمامک و رەشماڵ

تاوێرێک هەڵدەکۆڵین و

کەچی رووتین،

خۆمان بە ساچمە و هەوری ژهەراوی دادەپۆشین

هێشتا رووتین..

رووتین..

رووتین..!

ئەم تەرمانەم لێ دوورخەوە

سەرم نە مردووخانەیە

نە بنارە

تارماییەکانم لێ دەرکە!

رۆحم نە ئەشکەوتی چەتە و پیاوکوژانە،

نە جێنزەرگە و سێدارە.

هەواڵنامەی کتێب

پەڵهەورێک ئەم هەرێمە دادەپۆشێت
بروسکەیەک ئەم خاکە سووتەمەرۆیە
تاوێک رووناک دەکاتەوە و
خەو لە چاوی تەرمە ژاکاوەکان دەدزێت
بۆرە خەونییان لەسەر دارستانی گەرد و
سهەۆڵبەندان هەڵدەکۆڵێت.

بەرەو لات دێم
شوێنپێی تریفە هەڵدەگرم
بۆنی گەردنی زێڕین و
پرچی باراناویت دەکەم،
باسکم لە بالآی خۆلآویت دەئالێنم.
رێژنەیەکی سوور دادەکات
بیرەوەری دەشواتەوە و
درەختی خۆڵ دەتەکێنێت
رێژنەیەک پەڵەی رەنگاورەنگ لەسەر بەرد و
نێو هەناسە و
ژێر پێڵوماندا دەچێنێت

بروسکەیەک ئەم خاکە سووتەمەرۆیە تاوێک
رووناک دەکاتەوە
درەختەکان لەنێو زوقما چرۆ دەکەن.

چریکەیەک جەنگەڵەکە دەشڵەقێنێت
چریکەیەک تەرمەکان رادەچڵەکێنێت.
وریا بە گیانە! خۆیانن
بەربەریست و
شڕەخۆر و
چەکمەڕەق و
بەدووەکانن
بە وێنەی مشکی نێو جەواڵ لەم ناوە
تەراتێن دەکەن
خۆیانن.. بەڵێ خۆیانن
دیسان بۆ نوێژ و
زەکات و
کچ فراندن
خڕبوونەوە
مەلابانگدان
وەک گەلەگورگی دەم بە خوێن هاتوونەوە
خۆیانن
بەڵێ
خۆیانن
لە سۆراخی رەوشتی دۆڕاویاندا
پەنجە دەخەنە نێو دەم و گیرفانی مردووەکانەوە
بە چنگەخۆڵ
چاوانی نوقمی نێو ترس و
چاوانی پڕ لە پرسیاریان دادەپۆشن.

هەولێرنامەی کتێب

خۆیانن
تەواو
خۆیانن
چەند سەدەیە نەگۆڕاون، وەک خۆیانن
وەک خۆیانن..
وەک خۆیانن.

داگیرکەران بەنێو هاواردا رەت دەبن
پەلەیانە!
لە گردەکەی ئەوبەرەوە – لەنێو گەرددا–
ئاوا دەبن
پەلەیانە!
لە دوای خۆیان (وەکو سەدان ساڵ لەمەوبەر) شوێن
پۆستاڵ و
پەڵەی خۆڵەمێشی و ئاڵ و
بۆگەنیوی هەناسە و ئارەقە و رۆحیان
جێ دەهێڵن!
هێڵنجم دێت
قاچەکانم هەڵمناگرن
چ هەوایەکی بۆگەنە!
مێژوویەکی چەند چڵکنە!
چ سەردەمێکی بۆگەنە!

هەواڵنامەی کتێب

هێڵنجم دێت
ئەم گیاندانە دوایی نایە
هێڵنجم دێت
ئەم سووتانە سەرەتایە!
چرایەکان داگیرسێنە!
با هێندەی دی تینوو نەبین.
ئاڵایەک لە شەودا هەڵکە
ناوی دەنێین لقەباران
بە تریفە و تەم تەڕمان کە!
دەبینە گەشە
یان خەرمان.

ئەمشەو تەمەن لەنێو خۆڵدا داگیرساوە.
تەمەن چرای بەربارانە
نەمامی بەردەم لافاوە.
ئەمشەو دەڵێی لەنێو رۆحدا
رووباری (خاپوور) هەڵساوە
زریانی (قەندیل) راساوە.
ئەمشەو دەڵێی هەموو جەللادانی مێژوو
شمشێریان لە رووی رۆحمدا هەڵکێشاوە.
کێ دەزانێت من بێهودە
لە کوێ دەمرم؟

هەولێرنامەی کتێب

با زەوی هێمن بێتەوە، وەکو باڵندەی بەرباران
لەپەنای برینەکانتدا ئارام بگرێت
با لافاوی دوکەڵ و ژان بۆ ساتێک بنیشێتەوە
تا پیاوکوژان بە نێزە و گازی ژەهراوی
وێنەی خۆیان لەسەر لاشەکەت هەڵکۆڵن.
ئەم بنارە
تا دێت تەنگتر دەبێتەوە!
ئەمشەو چەند تەرمی ترمان چاند؟
چەند پەڵهەوری سەرکەشمان
لە ئاسۆڕا
بەرەو بنار تل کردەوە؟
چەند سروود و
لوتکە و
خەونمان
داگیرساند؟
ئەم بنارە
تا دێت تەنگتر دەبێتەوە.

لێمان ببوورن براینە!
نەماندەویست زامەکانمان بکەینە بەر
ئەم گەڵاڕێزان و چەمە
نەماندەویست پەڵەی سەرسنگی ژنان و
زەردەخەنەی مەییوی رووی منداڵانمان
ببنە سیمای ئەم سەردەمە.

هەواڵنامەی کتێب

ببوورن.. لێمان.. ببوورن!
(ئێوەش ئەی زڕبرایەکان!)
نەمان دەویست لەنێو سەگوەڕ و جەنگەڵدا
مەرگی خۆمان لەپاڵ لوتکەدا هەڵکەین و
وەکو گزنگ بیکەینە بەر گوڵەگەن ،
بیکەینە بەر ئاوارەیی و
دارەبەن و
کێڵگە و
شەونم.

ببوورن.. گیانە.. ببوورن!
نامانەوێ مەرگی لەناکاوی خۆمان
بکەین بە پێوەری ویژدان
بە پێوەری دادپەروەری و
برایەتی و
مافی گەلان.
ئێمە چەند رووتین لە بەردەم
تۆفانی گازی ژهەراوی و
بێڕەوشتیی ئەم چەرخەدا!
ئێمە چەند تەنیاین لە پرسەی
ئەم شارۆچکە شهەیدەدا!
ئێمە چەند تەنیاین لە شیندا
چەند تەنیاین لە شایی خوێن و
کەرنەڤاڵی سەربڕیندا!

هەواڵنامەی کتێب

ئێمە چەند تەنیاین!
چەند تەنیاین!
ئەمجارەشیان چارەنووسمان بە خەتی درشت
لەسەر هەور و – با– نووسییەوە
چارەنووسمان وەکو میرات
بەسەر خێڵی گورگ و چەقەڵدا بەشییەوە.
چەند سەدەیە خوێن دەچێنین؟
تەمی مێژوو، خۆڵی سەر روخساری ئاسۆ
دەسڕینەوە
تاوێر و رووبار دەکێڵین.
چەند سەدەیە نەمامی مەحاڵ دەدێرین
کەچی هێشتا تینووین
وەک ئاو

بە خۆ نامۆین
وێنەی مێگەلی هەڵبڕاو
تەماویین
چەشنی دارستان
تەنیاین
وەک قەوانی سواو
چەند سەدەیە تینووین
وەک ئاو
تینووین
وەک ئاو.

هەواڵنامەی کتێب

لەم خاکە خۆڵەمێشەییەدا
چنگێک شەپۆل دەچنمەوە
بەسەر باڵای ئێوارەدا هەڵی دەخەم
کەژاوەیەک بۆ ئەم کۆچە لە تریفە و گیا سازدەکەم.
ئەم بنارە
هێشتا بۆنی خوێنی لێ دێت!
ئەم بنارە
هێشتا بۆنی مەرگی لێ دێت!

بە رووباری چاوەکانتا دەپەڕمەوە
بنار لە ئاو دادەتاشێت
لە شەپۆل و لمم دەگرێت
وەک هەور دەمداتە دەم (با)
بنار لەنێو کرێوەدا هەڵم دەکات
هەڕەمەکی بە هەر چوارلا و
تازە مەنفا و
بەسەر وڵاتی خەڵکیدا
بەشم دەکات.

هەواڵنامەی کتێب

ئەم بنارە
هێشتا بۆنی مەرگی لێ دێت
بەرەو بنار نەدەهاتم
بەڵام لوتکە وەک دێرەخەونێکی لاسار
وەک ماچەگڕ و جادووکار
هەڵی گرتم
بە شەوارەی بارانەتیشک و نهێنی
گومڕای کردم.

لە بولێڵی وەرزەکاندا
لە تەمۆمێک لە پاڵ لوتکەدا بچێنە!
کێڵگە بە گۆرانی تەڕکە
ڕۆح : بە شەونم
تینووێتی: بە گوڵەگەنم!
با ئاشق و شههیدەکان، شەوان بە دیار زڕەخەون و تەنیاییەوە دانەمێنن
با وەکو بروسکەی خەنجەر، لەپاڵ مەترسی و تاواندا
وەرزەکان بێدارکەنەوە و شەو ڕاژێنن.



هەواڵنامەی کتێب

رابە رۆڵە نەبەردەکەم!
رابە شارە شەهەیدەکەم!
رابە هاوار و فرمێسکی خۆڵەمێشیی کۆرپەکانت
بشۆرەوە.
رابە ویژدان و جوامێری
بەسەر ئەم دنیا دونەدا ببەشەوە.
رابە لەکەی شەرمەزاریی سەر روخساری
دۆستەکانمان بۆ بسڕەوە.
مانایەکی نوێ بۆ تاوان
بۆ یەکسانی و
برایەتیی درۆزنانەی تۆڕ و ماسی و
پەت و گەردن بدۆزەوە!
رابە رۆڵە جوامێرەکەم!
رابە شارە شەهەیدەکەم!

هەواڵنامەی کتێب

هەڵەبجە ئاوێنەی رۆحە
شەپۆلێکی پەنابەرە
شەو لە یەخەی تاریکی و مەترسیی دەدات
تەرمێکە
لە کفن و تاتەشۆر یاخی بووە.
چرایەکە
هەژارانی ئەم سەردەمە هەڵی دەکەن.

هەڵەبجە هەرێمی ژانە
ئاڵای سووری «کۆمۆنە» یە
وڵاتی بێ وڵاتانە.
هەڵەبجە هەرەسی هەقە
چنگێک خۆڵە خوێن دەیدێرێت.
داستانێکە بەیان لە زام دایدەتاشێت
لەسەر تەم و دارستان و
خۆڵەمێش دەینووسێتەوە،
رووبار بەدەم گریانەوە
بۆ گیا
دەریا
بۆ کەنار و
تریفەی دەگێڕێتەوە.

هەڵەبجە ئاوێنەی رۆحە
هەڵەبجە درەختی خوێنە
خۆڵ دەیدێرێت
سەری براوی «حوسەین»ە
بە وڵاتاندا دەیگێڕن
چریکەیەکی زامدارە
ئەم هەرێمە دەهەژێنێت
زەوی بێداردەکاتەوە
لوتکە و بنار رادەژێنێت.

هەواڵنامەی کتێب

هەڵەبجە درەختی خۆڵە
خوێن دەیدێرێت.
مەچەکێکی پەڕێندراوە، لە گۆڕەوە دەرەاتووە
دەروازەی گەردوون و
ئاشتی و
ویژدان دەکوتێت
سروودێکە
زەحمەتکێشان بە یەک گەروو دەیچڕنەوە :
هەڵەبجە ژانی سەردەمە
هەڵەبجە هەریمی تەمە
هەڵەبجە ئایندەمانە
هەڵەبجە مەرگی یەزدانە
هەڵەبجە
مەرگی
یەزدانە!

با هەڵەبجە
دوا سیمفۆنیای ئەم شەوە بێت
با هەڵەبجە
پەیامی سووری نەوە بێت
با دوا کەرنەڤاڵی خوێن و
برینی ئەبەدیی رۆحی نەتەوە بێت
با هەڵەبجە
تاهەتایە هەڵەبجە بێت
هەڵەبجە بێت
هەڵەبجە بێت.

هەواڵنامەی کتێب

شەو ڕەت دەبێت سروودەکەم تەواو نابێت.
شەو ڕەت دەبێت گەرووم بە گزنگ تەڕ نابێت
تەمەن وەک گەرد، وەک زەردەگەڵاو گاشەبەرد
پاییز و بنار دەتەنێت.
بەسەر پردەبازدا دەڕۆم لاوکەکانم،
هۆنراوە ئاوارەکانم
وێنەی چۆلەکەی چاونووسا، بەر دیوار و
ڕووناکایی و
بەر هاوار و
تاشەبەردەکان دەکەون
بە ناکامی
لەسەر تەرم و شەپۆلەکان جێ دەمێنن
برینێک لەسەر گزنگ و
درەخت و
ڕووبار جێدێڵن.

وەرن لەودیو شووشەبەند و لە باڵکۆنی سنوورەوە
بۆ ئەم تەرمانە بڕوانن
بەرگی نەورۆزیان پۆشیوە
هەڕەمەکی، وێنەی هەرەسی چیای ڕەنگ
مەوداکانیان داپۆشیوە.

هەواڵنامەی کتێب

ئەو تەرمانەی
وەک زەردەگەڵای پاییزان
بە ژاکاوی، گوێ رووبار و
وەرز و
شەقام و
بنار و
بەرەبەیانیان تەنیوە.

شەو دەڕوات و گۆرانییەکەم تەواو نابێت
شەو دەڕوات و گەرووم بە هەتاو تەڕ نابێت
لە نێوانی تینوویێتی و بیرەوەرییدا دادەگیرسێم
بەیان خۆڵەمێشەکەم بە گزنگ
بە تەنکەتەم دەشواتەوە.
گیانە هەموو ڕێگایەکان
لە دەستەوە سەرەەڵدەدەن.
لەسەر لەپی دەستەکانت
شەهیدەکان
لەنوێ لەدایک دەبنەوە
شەهیدەکان
لە سەنگەری دەستەکانتا
سەرلەنوێ شەهید دەبنەوە.

ههوالنامهی کتێب

به تەنیا جێی مەهێڵن
ئەمشەو برین دەیچێنێت
تەمومژ دایدەپۆشێت
مانگەشەو دەیفڕێنێت.

گەرووی بە گزنگ تەڕ کەن
زامەکانی بە شیلان
بە گۆرانی داپپۆشن
یان بە سەوزیی دارستان.

سەری بە شەپۆلان کەن
با ئەم شەوە رایژێنێت
باڵای لە هەور بگرن
بروسکە و – با– دەچێنێت.

بە تەنیا جێی مەهێڵن
منداڵێکی لاسارە
ئەم شەوە دەهەژێنێت
مانگ دەکات بە کۆلارە.



هەواڵنامەی کتێب

کەژاوەیەک بۆ ئەم کۆچە لە تریفە و گیا
ساز دەکەم
بەرەو ئەم سووتانە دەڕۆم
کێ دەزانێت من بێهودە لە کوێ دەمرم؟
بەرەو ئەم سووتانە دەڕۆم
لەسەر سەوزایی دارستان هەڵمکۆڵە
یان لە چریکە بمتاشە
تا باڵام وەک درەختی گڕ
شەو راژێنێت.
کەژاوەیەک بۆ ئەم کۆچە لە تریفە و خۆڵ سازدەکەم
بروسکەیەک ئەم خاکە سووتەمەرۆیە تەڕ دەکات و
خەو لە چاوی تەرمە بێنازەکان دەدزێت
چ هەنگاونانێکی سەختە!
چ هەڵدێر و وەرچەرخانێکی مێژووییە
بنار رووە و هەوراز هەڵمان دەگرێت
هەوراز بەرەو سنوور و
تینوویتی و
مەنفا!

تا لە سنوور ئاوادەبین
تەنیا چەپەری زریانە!
دەنگدانەوەی بێدەنگییە
ئاوازی ئاگربارانە

لوورەی گورگە
نسێی داڵە
ڕەوینەوەی تەنکەتەمی نێوان یەقین و گومانە.
تا لە سنوور ئاوادەبین بۆشاییە
بۆشاییە
بۆشایی!
تا لە سنوور ئاوادەبین بۆنی گازی ژەهراوییە
ژەهراوییە
ژەهراوی!
نە دارستان ئەم شەو سەرم رادەژێنێت
نە بروسکە!
نە گوللەیەک بە خوێم دەگرێت
نە لوتکە!

بەنێو کێڵگەی ژیلەمۆدا بەرەو لات دێم
پێیەکانم لەدووم نایەن.
سەر بە هەر دەوەن و بەرد و گیایەک دەکەم
ژەهراوییە
باوەش بە هەر هاژە و لاوکێکدا دەکەم
ژەهراوییە
پەنا بۆ هەر دۆستێک دەبەم
پەل بۆ هەر شەپۆلێکی ئاشنا درێژ دەکەم
ژەهراوییە

هەوالنامەی کتێب

بۆنی بارانەبەهارە
تاڤگە
باڵەفڕەی باڵندە
سەگوەڕ و
ماچی لێوانمان
ژهەراوین و ژهەراوین و ژهەراوین!

نیگای سڕ و حەپەساومان
دادپەروەری
پەرەسێلکە
جاڵجاڵۆکە
کوردایەتی
قاسپەی کەو و
نزا و هاواری خنکاومان
ژهەراوین و ژهەراوین و ژهەراوین!

ئەم چرایانە داگیرسێنە!
با هێندەی دیٚ تینوو نەبین
ئالایەک لە شەودا هەڵکە
ناوی دەنێین لقەباران
بە تریفە و تەم تەڕمان کە!
دەبینە گەشە
یان خەرمان.

هەواڵنامەی کتێب

کەژاوەیەک بۆ ئەم کۆچە لە تریفە و گیا
ساز دەکەین
لەنێو شەودا
گۆڕێکی قووڵی بەکۆمەڵ هەڵدەکەنین
کەچی دەبێت بە دەلاقە و
بەسەر دەسرێژدا دەڕوانێت.
با لاوکێک بکەین بە کەپری ئەم ژانە
یان سروودێک
به جۆلانەی ئەم گیاندانە.
زریانێکی ناوەخت هات
بەسەر تاوێر و ڕووباردا چەمایەوە

ئێمە باڵای وەرزەکانمان لە لاوک گرت
چرای نەوەیەکی وێڵمان
بەنێو تونێلی زریاندا بەرێ دەکرد.
نەوەیەکی بێ داهاتوو و سەرەڕۆ بووین
لەنێو خۆڵ و
پاشکۆی زیل و
ئاوارەیی و
دەسرێژدا چاومان هەڵهێنا،
بەرخۆلەی بەردەم چەقۆ بووین.
نەوەیەکی
بێ داهاتوو و سەرەڕۆ بووین
سەرەڕۆ بووین.

هەوالنامەی کتێب

نهێنییەکان دەپشکنم
تا لە نێوان هەقیقەت و چاوانتدا
سنووریک بۆ ئەم گومانە بدۆزمەوە
تا ئالاکەم لەسەر کەلاوەکان هەڵکەم
گەردی سەدەکان لەسەر رۆح
شوێنەواری داگیرکەران لەسەر کانی و
زەردەخەنە و
باران و
گیا
لەسەر پەنجەرەی ژوورەکەم بسڕمەوە.
نهێنییەکان دەپشکنم
تا داستانی ئەم داستانە
یان تاوانی ئەم تاوانە
بۆ نەوەکەم بنووسمەوە.

ئەوا دیسان زامەکانمان کردەوە بەر
ئەم گەلاڕێزان و چەمە
پەڵەی سەر سنگی ژنان و
زەردەخەنەی تەزیوی رووی منداڵانمان
بوونە سیمای ئەم سەردەمە.
ئەوا دیسان لەنێو سەگوەڕ و جەنگەڵدا
جوانەمەرگیمان هەڵدەکەین

هەواڵنامەی کتێب

وێنەی گزنگ دەکەینە بەر گوڵەگەنم
دەیکەینە بەر ئاوارەیی و
دارەبەن و
کێڵگە و
شەونم.
ئێمە چەند رووتین لە بەردەم تۆفانی گازی ژهەراوی و
بێڕەوشتیی ئەم چەرخەدا!
ئێمە چەند تەنیاین لە پرسەی
ئەم شارۆچکە شەهیدەدا.

بنوو کۆرپە شیرینەکەم!
چیتر دەنگی دەستڕێژ و فڕۆکە نایەت
بنوو رۆحە شەکەتەکەم!
بۆنی گاز و خوێن و جانەوەران نایەت.

بنوو بە خاک
بە رووتێتیم،
بە مەرگی خۆم و
تینوویێتیم دادەپۆشم
ئەم سووتانە سەرەتایە.

هەواڵنامەی کتێب

بنوو بە پەلکە زێڕینە
بە  نێرگز و
جەمەدانی و
لاوکەسوورە و
بە ئامێزی داگیرساوم داتدەپۆشم
ئەم تاوانە دوایی نایە

بنوو کۆرپە لاسارەکەم!
ئەم تاوانە سەرەتایە
بنوو رۆحە شەکەتەم!
ئەم سووتانە سەرەتایە
بنوو
جگەرگۆشەم
بنوو!

گەرووی بە گزنگ تەڕکەن
زامەکانی بە شیلان
بە گۆرانی داپۆشن
یان بە سەوزیی دارستان.

با کەژاوەی لە گوڵ بێت
یان لە پەلکەزێڕینە
زەماوەندی خوێن دەگرێت
ئەمشەو پاشای ئەڤینە.

هەواڵنامەی کتێب

سواره چ شۆڕەسوارێک
ئەسپی هەتاو زین دەکات
بە لاوک و تیشک و ماچ
سەرزەمین بەرین دەکات.

ئاشقێکی لاسارە
بروسکە و با دەچێنێت
بە تەنیا جێی مەهێڵن
مانگەشەو دەیڕفێنێت.

هەواڵنامەی کتێب



# ڕەفیق سابیر

* ڕەفیق سابیر لە ٥ ی تەموز (جولی) ١٩٥٠ لە شاری قەڵادزێ لەدایک بووە.
* خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی لەوێ تەواو کردووە.
* لە ساڵی ١٩٧٠- ١٩٧٤ لە زانکۆی بەغدا، کۆلێجی ئەدەبیات، بەشی زمان و ئەدەبی کوردی، خوێندوویەتی.
* لە هاوینی ساڵی ١٩٧٢ تائەیلوولی ١٩٧٨ وەک ڕۆژنامەنووس، لە ڕۆژنامەی بیری نوێ، لە بەغدا، کاری کردووە.
* لە ساڵی ١٩٧٦ یەکەمین کۆمەڵەهۆنراوەی بەناوی (پشکۆکان دەگەشێنەوە) لە بەغدا بڵاو بۆتەوە.
* لەسەرەتای ساڵی ١٩٨١ لە شاخ لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر یەکێتیی نووسەرانی کوردستانیان دادەمەزراندووە، هەروا گۆڤاری (نووسەی کوردستان) یان دەرکردووە.
* لە هاوینی ساڵی ١٩٨٢ دوای پەرەگرتنی شەڕی براکوژی، کوردستانی بەجێ هێشتووە و چۆتەوە بۆ بولگارستان. لەوێ لە ئەکادیمیای زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بەشی فەلسەفە، درێژەی بە خوێندن داوە.

هەواڵنامەی کتێب

* له هاوینی ساڵی ١٩٨٧ بڕوانامەی دوکتۆرای له فەلسەفە وەرگرتووە. دوکتۆرنامەکەی بە ناوی (ڕۆڵی کولتوور له پێکهێنانی هۆشیاریی نەتەوەیی کورد) نووسیوە.
* لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٩ وەک پەنابەر له وڵاتی سوێد نیشتەجێ بووە.
* له بەهاری ساڵی ١٩٩١تا سەرەتای ساڵی ٢٠٠١ لەگەڵ بەڕێزان د.کەمال میراودەلی، هاشم کۆچانی و کاروان عەبدووڵڵا، گۆڤارێکی کولتووریی وەرزییان بە ناوی (رابوون) له سوێد دەرکردووە.
* لە ساڵی ٢٠٠٦ لە سلێمانی سەرۆکی مەڵبەندی کوردۆلۆجی بووە.
* له ساڵی ٢٠٠١ خەڵاتی ئەدەبیی (کلاس دی ڤیلدێ) ی سوێدی پێ بەخشرا. ئەو خەڵاتە ئەدەبییە دوو ساڵ جارێک بە نووسەرێکی بیانی دەدرێت، کە بەرهەمەکانی بە سوێدی بڵاو کرابنەوە.
* له ساڵی ٢٠٠٧ خەڵاتی ئەدەبیی (مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد)ی له سلێمانی پێ بەخشرا.
* هۆنراوەکانی رەفیق سابیر بۆ چەندان زمانی بیانی، وەک کتێبی سەربەخۆ، یان ئەنتۆلۆجیای شیعری، تەرجومە کراون و بڵاو کراونەتەوە لەوانە زمانی عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی، فەرەنسی، سوێدی، دانمارکی، نەرویجی، هۆلەندی و ئیستۆنی.
* له ساڵی ٢٠٠٩-٢٠٠١ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە. دوای دوو ساڵ دەستی له کارەکەی بەرداوە.
*ژنداره و کچێکی هەیە.

هەواڵنامەی کتێب

# بەرهەمەکانی رەفیق سابیر

**هۆنراوە:**

-پشکۆکان دەگەشینەوە، بەغداد ١٩٧٦

-رێژنە، مەاباد ١٩٧٩

-سووتان لەبەر باراندا، لەندەن ١٩٨٥

-وەرزی سەهۆڵبەندان، لەندەن ١٩٨٧

-لاوکی هەڵەبجە، بەیروت ١٩٨٩

-کاروانسەرا، سوێد ١٩٩٠

-وەرزەبەردینە، ئەڵمانیا ١٩٩٢

-دیوانی رەفیق سابیر، بەرگی یەکەم، سوێد ١٩٩٣

-ئاوێنە و سێبەر، سوێد ١٩٩٦

- ژوانی رووناکی، سوێد ١٩٩٧

-روونبوونەوە، سوێد ٢٠٠١

-بە تەنیا جێی مەهێڵن (سەرجەمی شیعرەکان) چاپ و بڵاوکردنەوەی رەنج، سلێمانی ٢٠٠٧

-راز و گومان (سەرجەمی شیعرەکان) چاپ و بڵاوکردنەوەی رەنج، سلێمانی ٢٠٠٧

-دیوانی رەفیق سابیر بەرگی یەکەم و دووەم (١٩٧٦-٢٠١٣) پەخشخانەی غەزەلنووس، سلێمانی ٢٠١٤

- کۆی بەرهەمە شێعرییەکان، بەرگی یەکەم و دووەم (١٩٧٦-٢٠١٣) پەخشخانەی مانگ، بانە، ئێران ٢٠١٧

- شەوچرا (کۆی بەرهەمە شێعرییەکان(١٩٧٦-٢٠١٧) (بە

تیپی لاتینی) ئامادەکردنی خەلیل دەۆکی، پەخشاخانەی لیس، دیاربەکر، تورکیا ۲۰۱۹
- ئەویننامە، پەخششخانەی مانگ، بانە، ئێران ۲۰۱۷
زۆربەی کۆمەڵەهۆنراوەکانی چوار تا حەوت جار چاپ کراونەوە.

**لێکۆڵینەوە**

-بەرەو مێژوو، سوید ۱۹۹۱
-ئیمپراتۆریای لم، سوید ۱۹۹۸
-کولتوور و ناسیۆنالیزم، سوید ۲۰۰۲
- عێراق بەدیموکراتیکردن یان هەڵوەشاندنەوە، سلێمانی ۲۰۰۵
-بەستانداردکردنی زمانی کوردی، سلێمانی ۲۰۰۸
- روانین لە بولێڵدا (وتووێژ)، پەخشخانەی مانگ، بانە، ئێران ۲۰۱

**بە زمانی ئینگلیزی:**

-Rafiq Sabir & Kamal Mirawdali
Modern Kurdish Poetry An Anthology & Introduction, Uppsala University 2005

شیعری مۆدێرنی کوردی و ئەنتۆلۆگیای شیعری کوردی (لەگەڵ کەمال میراودەلی) سوێد، زانکۆی ئوپسالا ۲۰۰۵

هەواڵنامەی کتێب

# ئەلبوومی وێنەکان

هەواڵنامەی کیر



١٩٦٥ قەڵادزێ



٤,٢,١٩٧٠ رەفیق، قادر حاجی عەبدوڵلا، بەغدا

هەواڵنامەی کتێب



**رەفیق، کەمال میراودەلی ١٩٧١**



**هێمن** - thumbnail - **رەفیق ١٩٧٨**



تۆژەڵە ۱۹۸۱



شێرکۆ، ڕەفیق

هەواڵنامەی کتێب



لەگەڵ ئێکای هاوسەرم تەمموزی ١٩٨٧



١٩٩٨



**حوزەیران ٢٠٠٥**



**ئێکا، ماریا، ڕەفیق سلێمانی٢٠٠٩**